



Thank you for try... Suite

# دیالۆگ...
# کلیلی هەموو دەرگایەك

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

# دیالۆگ

# کلیلی هەموو دەرگایەك

**{بەرگی دووەمی روانگە}**

**(کۆمەڵێك گفتوگۆ لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا)**

هەڵبژاردن و ئامادەکردن و وەرگێڕان

جەلیل عەباسی

هەولێر- 2011



Thank you for trying PDF Suite

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **دیالۆگ کلیلی هەموو دەرکەیەك**
- وەرگێڕان: جەلیل عەباسی
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: ئەدهەم عەباسی
- بەرگ: مەریوان زەندی
- ژمارەی سپاردن: ( 987) لە ساڵی 2011
- نرخ: (2000) دینار
- چاپی یەکەم : 2011
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب ( )**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com



Thank you for trying PDF Suite

## ناوەرۆك

دیالۆگ کلیلی هەموو دەرگایەک.......................................7
لە جیاتی پێشەکی...........................................................9
خەریکە لە خۆم بکەومە شکەوە......................................13
ئێمە دوارۆژی رابردوومان سەرلەنوێ دۆزیوەتەوە.................21
خاتوونی غەنگینی ئەدەبیاتی ئێران.................................37
کانۆنی نووسەرانی ئێران رشوە وەرناگرێ..........................59
دایکم هێشتاش هەر بە کوردی قسە دەکات....................65
تەنزی سوکراتی..........................................................97

Thank you for trying PDF Suite

**دیالۆگ، کلیلی هەموو دەرگایەك....**

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

به جیاتیی پێشەکی:...

نامەیەك بۆ كــــــێ...؟!

**" ئەم جیهانە، بۆ ئەو کەسەی بیر دەکاتەوە، (کومێدی)یە و بۆ ئەو کەسەش هەست پێــدەکات، (تراژێدی)یــە، هــەر بۆیــەش (دیمۆکــــــــــریتۆس) پێکــەنی و (هراکــــــــلیتۆس)یش گریا"**

یەکـەمجار وشـە بـوو.. بـەڵێ وشـە.. پێموایـە وشـە پـێش هـەموو کاینـات و پـێش بنیادنانی گێتی و پێش ئەفراندنی خاك، ئاو، هەوا و تەنانەت پـێش ئەفرانـدنی گیـانیش هەبووە!. بۆیە پێم باشە باسی (وشە)ت بۆ بکەم. با ئـەمجارە لـە هـەموو لایەنـەکان دوور بکەوینەوە.. با، لـە هـەموو شـتە لاوەکییـەکان دوور بـین.. هـەموو شـتەکان لاوەکـین و تـەنها، هـەر تـەنها وشـە رەسـەنە.. هـەر تـەنها وشـە سەرچـاوەیە.. هـەر تـەنها وشـە (گەوهــەر)ە.. گەوهــەری بــوون.. گەوهــەری رێــز.. گەوهــەری کەرامــەت.. گەوهــەری شعوور.. گەوهەری هەناسە.. گەوهەری عـەشق.. گەوهەری هەسـت.. گەوهـەری سـۆز.. گەوهەری ئەندێشە و گەوهەری هەموو ژیان. وشە، پێش ئێمە هەبوو تا زەمینەی بـوونی ئەقڵانیی ئێمە بسازێنێ.. هەبوو تا ببێتە هەوێنی (زیندەگی)یەکی ئەندێشـەزا.. هـەبوو تا ناخمان.. تا نەستمان.. تا سرشتمان.. تا کەسێتیمان.. تا دڵمـان.. تـا ئەندێشـەمان و تا زیندەگیمان لەبار و ئامادە بکات بۆ ئەشق، بۆ میهر، بۆ بەخشـین و بەخشـندەیی، بـۆ سیفاتی یەزدانی و هزری ئینسانی. پێش ئێمە وشە هەبوو تا فێرمان بکات چۆن یەکـدی بدوێنین.. فێرمان بکات چۆن لەگەڵ یەکدی بژین و چۆن بۆ یەکدی بژین. هەبوو تا لەسەر سێ بنەمای ئەهوورایی (بیر و زمان و کـرداری چـاك) پـەروەردەمان بکـات.. گـەر وشـە پێش ئێمە نەبووبا، ئەو هەموو شتە (چاك)ە نەدەبوو، بۆیە وشە دەبێتە دایك و سەرچـاوە و گەوهەری (چاکە)، نەبوونی وشەش دەبووە هۆی هـەبوون و بـەهێزبوونی خراپـە، لاری، چەوتی، ناڕاستی، نادروستی و ناتەندروستی.

چاکە، یەزدانییە.. ئاهوورایە.. ئینسـانییە.. چـاکە، بناغـەی راسـت و ردوسـت و پتەوی عـەشـق، خۆشەویسـتی، لێبـوردەیی، تـەبایی، کامـەرانی، بەختـەوەری، ئاشـتی،

Thank you for trying PDF Suite

ئاوەدانی، گەشە و نەشە، پێشکەوت، ڕووناکایی و بەرهەرەوەرییە. لە بەرانبەریدا، خراپەش ئەهریمەنییە.. دەسکردی ئەنگەرەمەئینیۆ.. خراپە، گەوهەر و سەرچاوەی جەهل و چەوتی و نالەباری و ناحەزی و ناهەمواریییە.. خراپە، بناغەی لار و چەوت و دارِزاوی نادۆستی، زبری، وێرانی، وێرانگەری، ڕەشبینی، شەڕ، درۆ، دەغەڵ، خوێنڕشتن، نامۆیی، ناتەبایی، ناسەقامگیری و تاریکییە.

دەزانی مرۆڤەکان کەی و چۆن لێك دوور کەوتنەوە؟، ئەو کاتەی پشتیان لە وشە کرد.. وشەیان بزر کرد.. ئاکامی ئەم بزر کردنە نائەقڵانییەش هەمان شەڕ و پێکدادان و ناتەبایی نێوان مرۆڤ بوو. کاتێ وشە نەما، شەڕ دەستی پێکرد.. تاوان دەستی پێکرد.. رق و کینە سەریهەڵدا.. خیانەت هاتە گۆڕێ.. کاتێ وشە بزر کرا، لاڵبوونێکی ئەهریمەنی سەریهەڵدا.. ئەستێرەی ئەوین ئاوا بوو، (ئەستێرەیەك، سووچ و قوژبنی ڕێگای بۆ ڕووناك دەکردینەوە تا ڕۆشنتر بە دوای هەقیقەتدا بگەڕێین و زوڵاڵتر بیدۆزینەوە.. هەقیقەتێك، فێری دەکردین ئاشتی و ئاسوودەیی مرۆڤانەمان بپارێزین و ژینگەمان، ژینگەی سرشت و سرووشتمان هەمیشە سەوز رابگرین، سەوز بە واتا ئەویندارانەکەی.. بە واتا دلۆڤانییەکەی.. بە لایەنە بەخشندانەکەی) کاتێ وشە بزر کرا، بێدەنگییەکی نەخۆش جەستە و گیانی داگرتین و تاریکاییەکی شەمشەمەکوێرە پەروەر داهات.. (تاریکاییەك، شارێی دۆزینەوەو ناسینەوەی (خود)ی لێ هەڵە دەکردین و بەرەو هەڵدێری ڕەشبینی و ڕەش ئەندێشی پاڵی پێوە دەناین). ئەوەیە وای لێکردووم بڵێم وشە یەزدانییە، ئەهوورایییە و نەبوون یا نەمانی، دوورمان دەخاتەوە لە یەزدان.. دامانەدەبڕێ لە هەقیقەتی ژیان و فەلسەفەی بوونی مرۆیی.

وشە دایکی (دیالۆگ)ە. مێژووی مرۆڤایەتی لێوڕێژە لە جەنگ، لە خوێنڕشتن، لە تاڵان، لە خیانەت، لە ئاخ و حەسرەتی نەبوونی تۆزقاڵێك هەستی مرۆیی. سەرچاوەی هەموو ئەم دەردیسەرییەش تەنیا و تەنیا نەبوون و کاڵبوونەوەی لۆژیکی (گفتوگۆ)یە. مرۆڤ، ئەو هەقیقەتەی فەرامۆش کردووە کە: جەنگ و ناتەبایی و رق و کینە، ئەو کاتە دروست دەبن کە هێزی دیالۆگ داڕووخابێت.. کە پێگەی لێك تێگەیشتن لاواز بووبێت..

که سۆزی هاودڵی ڕەش بووبێته.. که تەنانەت زمانەکانیش خواستی هاوزمانییان تێدا کوژرابێت. ڕەشبینی و ڕەش ئەندێشی، بەدکاری و بەدخوازی، لاری و لا ڕێیی، تەریکی و لانەوازی، تێکدان و وێرانگەری، هەقخۆری و پێشێلکاری و سەرەنجام توانەوە و هەرەسهێنانی ئەوەی پێیدەگوترێ کەرامەتی مرۆیی و ئێمەی مرۆڤ پێی دڵشادین، بەرهەم و بەرەنجامی ونبوونی لۆژیکی گفتوگۆ و هاودڵی و ناسین و تێگەیشتنە. نەمانی لۆژیکی دیالۆگ، زەمینەیەکە بۆ کوشتنی هاودڵی. دەڵێم هاودڵی، چوونکە پێشینانی زانامان لایانوایە: "هاو دڵی لە هاو زمانی چاکترە". مرۆڤ، بە هەڵە کردنی شاڕێگەی تەبابی و پێکەوە ژیان، هەقیقەتی هاودڵیی لە نەستی خۆیدا کوشتووە، هەر بۆیە سەرگەردانی بیابانی دووپشکزای نامۆیی و خۆ ویستی و نایەکدڵی بووە و بێئاگایە لەوەی، تەنها، هەر تەنها هاودڵی و پەیڕەو کردنی یاسای ئەشایی وشەیە کە دەتوانێ بە هانایەوە بێت و بیگەیەنێتە ناو باخ و گوڵستانی ڕازاوەی ژیانی ئاسوودەی ئینسانی. کێیشەیەك، مەترسییەك، گومانێك، ناڕوونییەك لە گێتیدا نییە بە هاودڵی و لۆژیکی دیالۆگ چارەسەر نەکرێت و نەگۆڕێت بۆ کامەرانی و دڵگەرمی و دڵنەوازی، هەروا کە کامەرانی و ئاسوودەیی و جێگیری و سەقامگیرییەك نییە بەهۆی نا هاودڵی و نەبوونی وشە و لاوازبوونی هێزی دیالۆگەوە تۆختر و چڕتر نەکرێتەوە و نەگۆڕێت بۆ چارەڕەشی و نادادپەروەری و ناباوەڕی و مەرگێکی هەمیشە ئەهریمەنی.

کاتێ وشە نەما جەنگ دەسپێدەکات و خوێن (سوور) دەبێت، دێوی درۆ و ناباوەڕی کە هەر خۆی دۆخەکەی هێناوەتە گۆڕێ، هەلەکە زیرەکانەتر دەقۆزێتەوە و ئیتر: جەنگ.. جەنگ.. جەنگ! بەڵام گەر وشە جێگەی شیاوی خۆی گرتەوە، ئەوا دێوی درۆ و ناباوەڕی، زەلیلانە پەنا دەباتەوە بەر حەشارگە هەمیشەییەکەی (تاریکایی) و ئەستێرەی ڕۆشنی دیالۆگ، ئەویش و تاریکاییەکەش دەڕەوێنێتەوە و ئیدی بەرهەمی ژیانی مرۆڤ، گوڵی بۆنخۆشی کامەرانیبەخشی مرۆییە.. ئاشتییە، ئاوەدانییە، متمانە و خۆشەویستی و لێبوردەیی و هاودڵییە. هەموو ئەمانەش بەری باخی وشەن، کەواتە، ڕاستە، وشە یەزدانییە.. وشە گەوهەری مرۆڤایەتییە.



Thank you for trying PDFsuite

با یەکدی بدوێنین.. با لێکدی تێبگەین.. با بڕوا بە یەکدی بکەین و لۆژیکی دیالۆگ بکەینە چرای ڕووناك کەرەوەی ڕێگا و دۆزینەوەی هەقیقەتی ئینسانیی وشە تا بتوانین بگەینە ئارامشی ئەبەدی و بەختەوەریی مرۆیی.

بناغەی ئەم بەرهەمە (دیالۆگ کلیلی هەموو دەرگایەك)، وشەیە و یەکتر دواندن و لێك تێگەیشتن و یەکتر ناسین، گەرچی زۆر دەمێکە چاوەڕانی بینینی ڕووناکیی ناو کتێبخانەی کوردییە وئەگەرچی لەوانەشە بابەتەکان یەکنەگر بن، بەڵام مەبەست و پەیامەکە یەکانگر و جێگیرە، ئەویش پیشاندانی هێزی بنیاتنەرانە و داهێنەرانەی وشەیە. درود بۆ وشە.

**جەلیل عەباسی**

**هەولێر.....** 2009/6/7



Thank you for trying PDF Suite

## خەریکە لە خۆم بکەومە شکەوە

((ڤاسلاڤ هاڤلْ))

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

*ئاماژەیەك:...*

**دەسەڵاتی سیاسی پڕە لە فریو و هەڵخەڵەتاندن کەچی سیاسەتمەداران بە دەگمەن باسی لێوە دەکەن. (ڤاسلاڤ هاڤڵ)ی سەرۆك کۆماری (چیك ئۆسلۆاکی) جیاوازە. هاڤڵ لە رێورەسمی وەرگرتنی خەڵاتی (Sonning)ی دانیمارکدا خودی خۆیی خستە ژێر تیشکی لێدوان و خوێندنەوەی رەخنەییانەوە. ئەم خەڵاتە پێشتر بە (ئینگمار بێرگمەن) و (یوورگن هابێرماس) بەخشرابوو.**

{ئەمەش دەقی لێدوانەکەی واسلاو هاڤڵ} :

نازانم بۆچی خەڵك هێندە دەکشێن بەلای دەسەڵاتی سیاسیدا و کاتێ وەدەستیشیان هێنا هەرگیز نایانەوێ لە دەستی بدەن؟! بە ڕای من هۆی ئەم دیاردەیە خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە: یەکەم، خەڵك بە پێی را و بۆچوونەکانیان لەمەڕ کۆمەڵگەیەکی باشتر و بڕوایان بە روانگە و گەڵاڵەیەکی تایبەت (لەسەر لایەنی چاکە و خراپەی نارۆم) و هەستکردن بە پێداویستیی شۆڕشێك بۆ گەیاندنە ئەنجامی بیروبڕواکانیان روو دەکەنە سیاسەت. دووەم، نیازی سروشتیی هەر مرۆڤێك، ئەو مرۆڤە ناچار دەکات بۆ سەلماندن و دامەزراندن و سەقامگیرکردنی خۆی تێبکۆشێت، ئایا لەم بوارەشدا هیچ وێنەیەکی دڵڕفێنتر لە سیاسەت شك دەبەی بۆ خۆ نواندن؟ نەخێر... چونکە ئەوە دەسەڵاتە ئەو شتانە بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئەوەی بتوانێ لەو هێز و پلە و پایەیەی سوود وەربگرێت و پیی هەڵسووڕێت کە دەسەڵاتی سیاسی پێی بەخشیوە، دەشتوانێ دونیای دەوروبەری بە پێی خواستی خۆی بگۆڕێت. خاڵی سێیەمیش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی بێ وچانی زۆربەی خەڵك بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئەمەش باڵادەستییەکە، تەنانەت لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکانیشدا، سیاسەتمەدارێك لەچاو ئەوانیدی بەرزتر دەکاتەوە و دەیباتە سەرووترەوە. ئەم سێ خاڵە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پێکەوە بەستراونەتەوە و جیاکردنەوەی هەرکامیان وەکو گرینگترین خاڵ زۆر ئاستەمە. زۆربەی کات خاڵی سێیەم دەبێتە بنەمای هەرچەشنە جوولانەوە و بزووتنەوەیەك بۆ دەستەبەر کردنی مەبەستەکانی ناو خاڵی یەکەم. تەنانەت تاقە یەك سیاسەتمەداریش شك نابەین کە



Thank you for trying PDF Suite

بتوانێ بەڕاشکاوی بۆ خەڵك یا هەر هیچ نا لەوپەڕی تەنیایی و هەر لـە نـاخی خۆیشـیدا دان بەو راستییەدا بنێت کـە ئـەو هـەموو تەقەلایـەی هـەر تـەنیا بـۆ وەدەست هێنـانی پلەوپایە و دەسەڵاتی سیاسییە، ئەویش هەرتەنیا بۆ خودی خۆی! بەڵکو هـەر هـەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گوایە حەزیان لە دەسـەڵات نییـە و تـەنیا لـە پێنـاوی مـافی جەماوەرو بەرژەوەندیی گشتیدا روویان لەو کارە کردووە! تەنها خواش دەزانـێ کـە ئـاخۆ ئەو قسانە راسـتن یـانخود هـەر بـۆ ئـەوە دەکـرێن کـە لـە نـاو دنیـادا پاسـاوی تـەماع و چاوچنۆکی و سەیتەرەخوازیی خۆمانیان پێ بهێنینـەوە. بارودۆخەکـە لەمـەش ئـاڵۆزترە، چونکە هەستی خۆ نواندن لە بنەڕەتدا شتێکی خـراپ نییـە، لـە هەمانکاتـدا هێنانـەوەی مرۆڤێك بە نموونە کە حەزی لە خۆ نواندن نەبێت، ئاسان نییە. من لەو کەسانەم کـە پلـە و پایەی سیاسیی خۆم بۆ هەستی بەرپرسیارێتی و ئەرکۆمەنـدی دەزانم، بـەڵێ، تەنانـەت خۆیشـم بـە قوربانییـەکی ئـەو هەسـتە و ئـەو رێگایـە دەزانم، بـەڵام کاتـێ هەنـدێ لـەو سیاسەتمەدارانە دەبینم کە لە نزیکەوە دەیانناسم و دەبینم کە ئەوانیش هەر ئەم قسـەیەی من دەکەن، دەگەمە ئەو قەناعەتەی کـە پێویسـتە سـەرنجێکی وردتـری خـۆم بـدەم و لـە خودی خۆم بکۆڵمەوە و لە ناخی خۆم بپرسم کە ئایا منیش خۆم فریو نادەم؟ تۆ بڵێی ئەو خەیاڵە لە نەستی مندا سەر هەڵبدات کە لە جیاتیی خزمەتکردن زۆرتر بـۆ بەرژەوەنـدیی تاکیی خۆم تێبکۆشم؟! بە کورتی، هەمیشـە لـە خـۆم دووشـکم، باشـتر بڵـێم ئەزموونـە سیاسییەکان و هەرواش دیتنی سیاسەتمەدارەکانیدیکە دەمخاتە گومانەوە لە خودی خۆم و لەگەڵ وەرگرتنی هەر خەلاتێکی تازەیشدا ئەوەندەیتر لە خۆم دوودڵ دەبم.

سێیەمین خاڵ واتە بزووتنەوە بۆ حەزی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسـی پێویسـتی بـە سەرنجێکی وردتر هەیە. باری هەڵخەڵەتێنەر و فریودەری دەسەڵات لەو بردنـە پـێش و سـەر خستنەی بە سەر دیتراندا سەرچاوە دەگرێ، ئەم راستییەش دەبێ لە خۆماندا ببینینـەوە کـە پێشتر هیچ نەبووین و ئێستا گەیشتووینەتە هێز و دەسەڵات: پێشتر هەموو سیاسـەتمەدار و دەسەڵاتخوازەکانمان بە هۆی سوود وەرگرتن لەو دەسەڵاتە و جیا کردنەوەی خۆیان لە جەماوەر سەرکۆنە دەکردن کەچی ئێستا بەرەبەرە و بە بێ ئەوەش کـە خۆمـان هەسـتی پـێ بکـەین،



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

لەوان نزیك دەبینەوە و ئێمەش وامان لێدێت! ئەم راستییەش دەمانشڵەژێنێت و توورەمان دەكات بەڵام لە هەمان حاڵیشدا دەزانین كە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، بۆچی...؟، چەند نموونەی زۆر سادە و ئاسایی دێنمەوە: با بڵێین ئەنجوومەنی وەزیرانی وڵاتێك بۆ دارشتنی گەڵاڵە و یاسایەك كە زۆریش بۆ وڵات پێویست و گرینگە، كۆ بۆتەوە، گەر بێت و وەزیرێك سەری هاتبێتە ئێش و چووبێتە دوكتۆر و لە هۆڵی چاوەڕوانیدا مەحتەل بێت تا سەرەی بگات، ئەوە دیارە ناتوانێ بگات بە كۆبوونەوە و لێكۆڵینەوەكانی كابینەدا، خۆ ناشكرێ بە هۆی دواكەوتنی وەزیرێك ئاوەها گەڵاڵە و كۆبوونەوەیەكی هەرە گرینگ دوا بخرێت. كەوابوو بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر دوا نەكەوێت پێویستە دوكتۆری تایبەت و هەمیشە ئامادەی هەبێت! یا ئەگەر سیاسەتمەداری وڵاتێك سەردانی وڵاتێكی دیكەی كرد، خۆ نابێ ماوەیەكی دوورودرێژ چاوەڕوانی هاوتا سیاسییەكەی خۆی بێت بۆ دەستپێكردنی كۆبوونەوە و... ئەمە چییە كابرا بە ئۆتۆمۆبیلی گشتی دێت و دیارە لە رێگاشدا زۆر مەحتەل دەبێت. كەوابوو پێویستە جەنابی سیاسەتمەدار ئۆتۆمۆبیل و لێخوڕی تایبەتی خۆی هەبێت! یاخود گەر سەرۆك كۆمارێك هەر تووشی هەمان گرفت هات و نەیتوانی بگات بە كۆبوونەوەكەیدا، كاریگەریی خراپی دەبێت، كەوابوو دەبێ ئۆتۆمۆبیلەكەی لە قەڵەباڵغی و ترافیكی شەقامەكاندا نەوەستێت و هەموو كەس گورج رێگەی بۆ چۆڵ بكات و تەنانەت لە (چرای سوور)یش تێپەڕێت بە بێ ئەوەی پۆلیسی هاتوچۆ بۆی هەبێ لێی بپێچێتەوە! هەروایش دەیان (دەبێ) و (نابێ)یتری وەكو: میوانداریكردنی شاندێك و تەلەفۆناتی زۆر و شت كڕین و چێشت لێنان و منداڵ بەخێو كردن و...، بە كورتی منی سەرۆك كۆمار یا منی وەزیر بۆ راگەیشتن بە كاروبارە گرینگەكانی وەزارەت یا دەوڵەت و وڵاتدا دەبێ: (دوكتۆری تایبەت، ئۆتۆمۆبیلی تایبەت، لێخوڕی تایبەت بە مافی هاژووتنی تایبەتەوە، تەلەفۆنچیی تایبەت، بەردەستی تایبەت، نامەبەری تایبەت، كابانی تایبەت و...و...ی تایبەتیم هەبن، ئەمانەش مافی تایبەتی منن و سەرجەم هاووڵاتیان لێیان بێبەشن! من وا هەست دەكەم كە یەخسیری جیهانێكم پڕە لە بەهرە و مافی تایبەت و جیاوازی و چاودێری و كڕنۆش بردن

و...! له دونیایەكدا كه گەوره و سەركردەكانی نازانن نرخی بلیتی تەكسی یا كیلۆیەك برنج چەنده و نازانن چۆن چایەك دەم بكەن یا ئۆتۆمۆبیل بهاژوون یا تەلەفۆن بكەن یا شتێك بكڕن. من له ئاستانەی ئەو جیهانە كۆمۆنیستییەدا وەستاوم كه له سەرووی سەرەوه دەڕوانێته خوارەوه و هەر منیش له تەمەنی لاویمدا زۆرم رەخنه لێگرتووه و سەركۆنەم كردووه! باشه ئەو چەشنه بیانووگەله له كوێوه دەست پێدەكەن؟ پیرۆزیی خاكی وڵات له كوێوه كەمرەنگ دەبێتەوەو حەز و خۆشویستنی ئەو هەموو بەهرەمەندی و مافه تایبەتییانه له كوێوه سەرهەڵدەدات؟ ئایا نەگەیشتووینەته قۆناغێك كه لایەنەكان هەڵسەنگێنین و بزانین خودی خۆمان چۆنین و بیر و خواستمان چییه و چۆنه؟ دەبێ بڵێم ئاوەها هەڵسەنگاندن و له خودی خۆ پێچانەوەیەك بۆ هەموو دەسەڵاتدارێك پێویسته تەنانەت ئەگەر به نیازی هەره ئینسانی و راستگۆیانەی خێر و خزمەتكردن به وڵات و هاووڵاتیان و مرۆڤایەتیشەوه كەوتبێته ناو ئەو دونیایەوه. من هەمیشه و هەردەم لەگەڵ ئەم ئیحساسەدا له شەڕ و كێشەدام لەگەڵ ناخی خۆمدا بەڵام هێشتاش ناوێرم بڵێم كه ئایا شتەكەم ناسیوەتەوه یان نا، خوو دەگری به هەندێ شتەوه و له هەندێ شتیش هەر دوورەپەرێز دەمێنییەوه، هەر ئەمەشه كه بەرەبەرەو بێ ئەوەی خۆت هەست و دەركی پێبكەیت له توانای داوەری و لێكدانەوەی راستەقینه و راستگۆیانه دوورتر دەكەویتەوه، بۆیەش هەمیشه دەڵێم: لەو كاتەوه گەیشتووم بەم دەسەڵاته هەردەم له خۆم دوودڵم و هەردەمیش ئەم شك و گومانەم له خۆم زۆرتر دەبێت چونكه هەردەم زۆرتر و باشتر ئەوانه دەناسم كه له كێشەی فریوی دەسەڵاتدا شكستیان خواردووه، ئەوانەی كه به خۆیان دەڵێن: (خزمەتگوزاری میللەت) كەچی لەو لاشەوه بڕوایان وایه كه مافی ئەوەیان هەیه له دیتران جیاواز بن و له سەرووی هەموانەوه بن! شتێك له ناو لایەنه خەڵەتێنەرەكەی دەسەڵات دا شاردراوەتەوه، شتێكی نهێنی و فریودەر و دوو دەم: دەسەڵاتی سیاسی هەر له سپێدەوه تا درەنگانێك پاش نیوەشەویش ئەو ئیمكانه دەخاته بەر دەستی مرۆڤ كه بیسەلمێنێ: بەڕاستی (وجوود)ی هەیه و خاوەنی كەسێتی و(بوون)ێكی حاشا هەڵنەگره. هاوكاتیش هەر لەم



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDFsuite

دەسەڵاتە سیاسییە و هەموو شتێکی سەر بەویشدا مەترسییەك پەنهان کراوە: دەسەڵات کە بە ئاشکرا (هەبوون)مان دەسەلمێنێ، لە هەر ئان و ساتێکیشدا لە ژیانی واقیعی و کەسایەتی و (بوون)ی راستەقینەی ئێمە کەم دەکاتەوە. ئەو ئینسانەی کە تا دوێنێ وەکو دیکەی هاونەوعەکانی هەموو کارێکی کردووە، کەچی ئەمڕۆ چیدی نەتوانێ تەلەفۆن بکات، نەتوانێ ئۆتۆمۆبیل لێخوڕێ، نەتوانێ چا دەم بکات، نەتوانێ خۆی شتومەکی خۆی لە بازاڕدا بکڕێت و بە گشتی نەتوانێ لە ناو خەڵکدا و وەکو ئەوان بژی ئیدی مرۆڤەکەی دوێنێ نییە. ئەوەی تا دوێنێ کامێرای نەدیوە کەچی ئەمڕۆ هەموو کاروبارێکی لەچاوی چەندین و چەند کامێراوە دەبینرێن، ئیدی ئەو مرۆڤەی پێشوو نییە بەڵکو دەبێتە دیل و یەخسیری ئەو پلە و پایەیەی ئێستای! ئەو شتەی کە بە رواڵەت هەموو شتێکی پێ بەخشیوە، لە ژێرەوە ریشەی کەسێتی و هەبوونی دەبڕێتەوە، دەسەڵات و ئیرادەی خۆی بە سەر خۆیدا لە دەست دەدات و دەکەوێتە ژێر باری هێز و دەسەڵاتێکی ترەوەو لەوێوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەویش هەمان پلە و پایە و خواست و داواکاری و پێداویستی و جیاوازی و پێشهات و رووداوەکانی جیهانی سیاسەت و دەسەڵاتدارێتین.

شتێکی کوشندە لە پشتەوەی حەز و دەسەڵاتی سیاسییەوە خۆی حەشار داوە: لەگەڵ سەلماندن و زلتر کردنەوەیدا، ژیانە ئاسایی و راستەقینەکەی لێ دەسێنێتەوە، لە خۆی دووری دەخاتەوە، بڕستی بیر کردنەوە و هەستیاری و ئاوات خواستنی نامێنێ و دەبێتە پەیکەرە بەردینەیەکی نیوە لاشە، گەرچی ئەم پەیکەرەیە هەرگیز ناگەنێت و ناپووێ بەڵام لە بنەڕەتدا هیچ نییە و ناشبێتە (هیچ) هەر هەمان بەردی بێ گیان نەبێت!

ئایا لەم هەموو راستییە تاڵانە دەگەینە چ ئەنجام و ئاکامێك؟ بە دڵنیاییەوە، ناڵێم رۆیشتنە ناو دونیای سیاسەت خراپە و سیاسەت مرۆڤ تووشی گەندەڵی دەکات. دەمەوێ بڵێم: سیاسەت کارێکی ئینسانییە کە دەتوانێ تۆ بخاتە سەر رێگەی بیر کردنەوە و تێڕامان، بتخاتە ناو هونەری رەخنە لەخۆ گرتن و هەستی بەرپرسیارێتیی راستەقینە و

ئاوەز و نەزاکەت و لێزانی و ڕۆحسووکی و خۆ خستنە جێی دیتران بۆ ناسینی کێشەکانیان. بەڵام بەو مەرجەی کە سیاسەت ببێتە پیشەی مرۆڤە ڕاستگۆ و بە ئەخلاقەکان، ئەوانەی کە خۆیان بە زل نازانن و بە ئاسانیش فریو ناخۆن و هەڵە و چەواشە نابن.

ئەو کەسانەی کە بە چاوی سووکەوە دەڕواننە سیاسەت هەر هەموویان درۆزنن. سیاسەت، کارێکە تایبەت بە مرۆڤە پاك و بێخەوش و تێگەیشتووەکان، ئەویش چونکە ئالوودە بوونی ئەخلاقی بۆ سیاسەتمەداران ئاسانە، ئەوەندە ئاسانە کەمرۆڤ گەر کەمترین غەفڵەت و کەمتەرخەمیی لە ئاستیدا نواند، ئیدی تەنانەت هەستیشی پێناکات. کەوابوو ئەوانەی نزیکی سیاسەت دەکەونەوە دەبێ وشیاری خۆیان بن، دەبێ زاڵ بن بە سەر دڵەڕاوکێی کارەکەیاندا. من نازانم کە ئایا بە ڕاستی لەو تاقمەیەم یا نا؟ هەر ئەوەندە دەزانم کە پێویستە و دەبێت و دەشخوازم یەکێك بم لەوان چونکە هەرچۆنێك بێت چوومەتە ناو ئەو دونیایەوە!.

<u>تێبینی:</u>

***ئەم بابەتەم بۆ سەرنجی سیاسەتمەدارە بە قەوڵی (هێمن)ی گیانشاد: ((زوو مەلەوان))ەکانمان هێنایە سەر زمانی کوردی بەڵام بە نیوەناچڵی لە ژمارە (163)ی 2000/2/4ی هەفتەنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر) لە هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە و پێموایە (بە داخەوە) ئەو کاریگەرییە ڕۆشنگەرانەیەی نەبوو کە من دەمویست!!***

❊ ❊ ❊



Thank you for trying PDF Suite

## ئێمە، دوارۆژی رابردوومان سەرلەنوێ دۆزیوەتەوە

"کارلۆس فۆینتس"

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

کارلۆس فۆینتس نووسەرێکی بەناو بانگی (مەکزیك)ە و لە ساڵی 1975 تا1977 باڵیۆزی مەکزیك بوو لە پاریس و بە بۆنەی رۆمانەکەی: (Terranostra)، بە نرخترین خەڵاتی ئەدەبیی ئەمریکای لاتین واتە (Romulo Galegos)ی پێبەخشرا، ئێستاش یەکێکە لە ناوە هەرە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئەمڕۆی جیهان. ئەم دیمانەیە لە مانگی فیبرایەری ساڵی 1992دا {و لەلایەن جەرارد دێکۆرتانزەوە بۆ ژمارە 1ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری ژۆزەمارتی ژۆرناڵ} ساز دراوە، کاتێ کە نووسەری 63 ساڵەی ئەو کاتە، هەشت رۆمان و سێ شانۆنامە و دوو کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو کردوونەتەوە و دوایین بەرهەمیشی رۆمانی شەشسەد لاپەڕەیی (Eristobal Nonauto)یە کە پیشاندەری ئەشقی ئەو، بە هەبوونی نەخشێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵدا و هەروەها سەرنجی وردی ئەو بە ئەدەبیاتی نەنووسراوە. نووسەر لەم گفتوگۆیەدا لەو بابەتانە دەدوێت کە حەزی لێیانە وەکو: تراژیدیا، مێژوو، کولتوور، بیر و هۆش، مەکزیك و هەروەها لە درۆ، کە خۆی واتەنی ((لە ژیانی ئەخلاقی یا سیاسیدا دیاردەیەکی ناحەز و ناپەسەندە، بەڵام لە ژیانی ئەدەبی و لە ئەدەبیاتدا رۆڵی هاندەر و خولقێنەرێك دەبینێ)).

* لەو بەرهەمەی ساڵی (1958)تاندا واتە لە (Los dias Enmas carados)دا پرسیارێك دێننە ئاراوە، پرسیارێکی ئەوتۆ کە دەکرێ وەکو دواخشتەکیی هەموو پێنج خشتەکییەك هەمیشە دووپاتە بکرێتەوە: ((چ شتێك لە پشتەوەی دەمامکدا شاردراوەتەوە؟!))؟

- ئاستەمە بتوانم بیر لە جیهانێکی سروشتی بکەمەوە. مرۆڤ هەر لەگەڵ لە دایکبوونیدا خۆی دادەپۆشێ، وەکو ((کریستۆباڵ))، هەروا کە لە کۆتایی رۆمانەکەمدا نووسیومە کریستۆباڵ هەموو شتێکی دەزانی و هەموویشی لە بیر مابوو، بەڵام لە پڕ تووشی فەرامۆشی دەبێت، ئەو فەرامۆشییەش لە راستیدا دەمامکێك بوو بۆ داپۆشینی هزری نوێی. بەم دەمامکە نوێیەوە دەگاتە دۆزینەوەی نوێ. شتێك وەدەست دێنێ کە بە درێژایی نۆ مانگ چالاکیی ئەدەبی و بەکار هێنانی زمانی شەفاهی لەم قاڵبە بۆشە، لەو قاڵبی دەنگدانەوەی دەنگەکاندا لە دەستی دابوو. (سروشت)ی



Thank you for trying PDF Suite

سروشتی هەر نییە، بە رای من ئەو شتەی کە روو دەشارێتەوە و دایدەپۆشێ تەنیا هەر دەمامك نییە. هونەری فریوکاری کە بانگەشەی خزمەتکردن دەکات بۆ لە ئامێز گرتن، بۆ دۆزینەوە، بۆ فڕینی خەیاڵ و لە ئاکامیشدا هەست کردن بە کەسێتیی ئینسانی. هەندێ جار وا بیر دەکەمەوە کە لە پشتەوەی هەر دەمامکێك دەمامکێکی دیکە هەیەو لە پشتەوەی ئەویش مەرگ خۆی شاردۆتەوە. ئەم نوقمبوونە لە فەلسەفەی دەمامك لە چوارچێوەی زمانیشدا هانم دەدات کە لە (ئەخلاق) و لە (سیاسەت)یش بکۆڵمەوە، لەو لێکۆڵینەوەی مندا هەموو زیندەوەرێك لەگەڵ وشیاری و مەرگدا رووبەڕوو دەبێتەوە، نازانم چییە و چۆنە هەر ئەوەندە دەزانم کە ئەمێستاکە هیچ نابینم جگە لە دونیایەکی ئاڵوگۆڕ پێکراو.

* بە رای ئێوە هیچ جیاوازییەك هەیە لە نێوان درۆ و دەمامکدا (بە بێ ئەوەی بمەوێ وەکو پێڕەوێکی ئەخلاقی سەیرتان بکەم هاتوومەتە سەر ئەو رایەی کە شیکردنەوەی جیهان لەلایەن ئێوەوە شیکردنەوەیەکی دەروون ناسانەیە)؟

ـ هەر وایە... من ئەدەبیات بە بێ درۆ نابینم. داستایۆسکی دەڵێ:

((دۆنکیشۆت بەرهەمێکی راستەقینەیە کە بە پشتگریی درۆ رزگاری بووە)). ئێمە بە بێ ئەو فاکتەرە گرینگەی کە هەمان ـــ درۆ ـــ ی ((سێرڤانتس))ە، نەماندەتوانی بگەینە ئەو راستییە. درۆ، ئەو شتەی کە لە ئەخلاق و سیاسەتدا شتێکی زۆر ناحەزە، لە ئەدەبیاتدا وەکو هاندەر و خولقێنەرێك دەبینرێت و پێی دەڵێن (خەیاڵ).

* ئۆکتاڤیووپاز لە پێشەکیی وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەی (Cauto de ciegos)ی 1968دا نووسیویەتی: ((ئەدەبیات هەر تەنیا دەمامکێکە بۆ نووسەر و بۆ جیهانیش))؟

ـ (گۆنتەر گراس)ی هاوڕێم گوتوویەتی: ((هەبوونی خودێتی بابەتێکی سەرنجڕاکێش نییە بۆ ئەدەبیات))، منیش لەگەڵیدام... نووسەر دەبێ خۆی بخاتە لاوە، دەمامکێك بپۆشێت و وشەکان پیشانی جیهان بدات. من هەوڵ دەدەم بەسەر ئەدەبیاتی تەجروبە نەکراوەکانەوە کار بکەم، تا بۆم بکرێ ئەزموون و ئەزموونکراوەکان دەنێمە لاوە. هیچ



Thank you for trying PDFsuite

Thank you for trying PDF Suite

نازانم و هەروەکوو (دۆن کیشۆت) یا (تریستان شاندی) یانخود (جاك) وەك لە ڕووی قەزاو قەدەرەوە بێ، دەکەومە شوێن مەسەلەکان. من پاشماوەی ئەو جیلە نووسەرەم کە هەوڵیان دەدا ڕۆمانێك لە نەزانراوەکان بنووسن نەك بگەڕێن بە دوای واقیع و ڕاستیی سەلمێنراودا، وەکو (ئەمیل زۆلا). من هەوڵی سەلماندنی شتێك نادەم، جیهانێکی وەك ڕۆح و ڕوانگەی ئەم سەردەمەی خۆمان یانخود لەوانەیە (مۆدێڕنیتە)ش، دەمترسێنێ. ئێمە هەستی تراژێدیمان لە دەست داوە و بە هەڵسەنگاندنی ساویلکانە و ساوایانەی چاکە و خراپە کەوتووینەتە ناو شەڕ و شۆڕێکی ئەهریمەنییەوە. ئەم ساوایی و ساویلکەییەش ژیانی ئینسانیی ئاستەم کردووە، ژیانێك کە هەر خۆی تراژیدیایەکە. ڕەوتی تراژیدیای یۆنانی لە ڕوانگەی پێڕەوێکی مێشك رزیوی ئەخلاقەوە دەرکی پێناکرێت چونکە هەم (ئانتی گۆنا) و هەم (کۆریۆن)یش مافی خۆیانیان هەیە. شەڕی نێوان دوو سیستەمی نرخاندن، کۆمەڵگەی شاری شێواند بەڵام لە ڕاستیدا هاوکاتیش لەگەڵ ئەو شێواندنەیدا هەلی بووژانەوەی نرخ و بایەخی نوێی بە کۆمەڵگە بەخشی. بە ڕای من تەنیا ئەم پرۆسە ئینسانییەیە کە دەتوانێ ئەدەبیات و ژیانی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێبدات، بە لەنێو چوونی ئەم ڕەوتەش مرۆڤ دەبێتە سانسۆرچیی خۆی و ئەم و ئەو بە یەکدی دەڵێن (تۆ خراپی، من باشم، مەحکوومت دەکەم، دەتبەستمەوە و...). مرۆڤ بە تاوانکاری تراژیدیا وەدی دێنێت و بارێکی هەرە ترسناك دەخولقێنێ. درۆی هەرە زەقی سەدەی بیستەم ئەوەیە کە مرۆڤ ناچار کراوە بڕوا بهێنێ بەوەی کە گوایە بەختەوەری و مێژوو دەیانتوانی پێکەوەبن. پەیبردن بەم ڕاستییەش کە خەرەندێکی هەرە قووڵ لە نێوان ئەو دوو شتەدایە، ئێگجار تاڵە. (نیچە) ئەم بابەتە بە هیی سەردەمی (سوکرات) دەزانێ، من بڕوام وایە کە مەسیحییەتیش لەم چەواشەگەرییەدا بەشدار بووە چونکە بەو داکۆکی کردنەی لەسەر ئەوەی کە گوایە بەختەوەری لە دوارۆژێکی نزیکدا وەدی دێت پەرەی بەو چەواشەگەرییە داوە. ئەم بیروبڕوایەی سەدەی هەژدەهەم دەبێ بنرێتە لاوە، پەیامی ڕاستەقینە ئەمەیە: دەورانی زێڕین هەر

ئێستایە... بەڵام گەر ئێوە هەر ئێستا لەم ڕێگا دووورودرێژە زێڕینەدا هەنگاو نەنێن لە بازنەکە وەدەر دەنرێن!

* ئێوە ئەم سەرلێشێواوییە چۆن لە پێشکەوتی کۆمەڵگەی مەکزیکدا دەبینن؟

ـ گەر بە وردی سەرنج بدەین تێدەگەین کە ئەم سەرلێشێواوییە مەترسیدارە، لە سەردەمی زاڵبوونی (ئیسپانیایی)یەکاندا دەستی پێکرد بەڵام ڕاستییەکەش ئەوەیە کە شکست خواردووەکانی (مەکزیك) و (پیرۆ) سەرکەوتووی ڕاستەقینەن. ئەوان بە ژیانێکی سەخت لە تاریکی و شەو و لە ژێرزەویدا هەر مانەوە. من لە ڕۆمانی یەکەمم (Laregion Mas transparente) دا کە ساڵی 1958 بڵاوم کردەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕۆشتووم، ئەم کلتوورە شکست خواردووە دانی بە خۆیدا گرت لە بەرامبەر گیروگرفتەکاندا و سەرەنجامیش سەرکەوت.

* یەکێ لەو تەوەرانەی کە ئێوە کاری لە سەر دەکەن ئەوەیە کە دەکرێ پێی بڵێین (دۆزینەوەی هەلی نوێ لە زمان دا)، ئێوە زۆرتر سەرنجی شتە پیرۆز و ترسناك و نەناسراوەکان دەدەن وەکو (گۆی تیسۆلۆ) کە دەڵێ: ((حەز دەکەم کەرەستە عەجایبەکان بێنمە ناو زمانەوە))؟

ـ (گۆی تیسۆلۆ) دەڵێ: ((کەرەستە عەجایبەکان)) و منیش دەڵێم ((جیاوازیی ڕەگەزەکان)) و هەردووکیش هەر یەکێکن. ڕۆمانی (Cristobal Nonato) باسی شتێك دەکات کە ڕووبەڕووی جەژنی پێنجسەد ساڵەی کەشفی ئەمریکا دەبێتەوە، 1492 هەرتەنیا ژمارەیەکی ئاسایی مێژووی مرۆڤ نییە، بۆ دونیای ئیسپانی زمانیش گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. ئەوەمان لە بیر نەچێ کە لە سەروبەری دۆزینەوەی قاڕەی ئەمریکادا، یەهوودییەکانی ئیسپانیا لە ژێر هەڕەشەی توندی ئازار و ئەشکەنجە و ئاوارەییدا بوون، حکوومەتە پاشاییەکانی ئەفریقیای باشوور هەرەسیان هێنا و لە (گرانادا)یشدا یەکەمین ڕێزمانی ئیسپانی بڵاو بوویەوە کە لە پێشەکییەکەیدا نووسرابوو: ((زمان پشتیوانی مرۆڤایەتییە)). ئەو زمانە واتە ئیسپانی بوو بە زمانێکی بەرینی جیهانی و هەرواش بووە کەرەستەی



Thank you for trying PDF Suite

دەربڕینی بەشێکی هەرە بەرچاوی ئەدەبیاتی جیهان، بووە زمانی سیاسەت. من ویستوومە لە ڕۆمانی (Terra nostro)دا ئەم زمانە ئیمپریالیزمییە بخەمە بەر تیشکی تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوە. بەڵام دەبینی کە زمانی ئەمڕۆ لە ( Cristobal nonato)دا خۆی بۆ خۆی زمانی ئیسپانیی شاردۆتەوە، واتە پێنج سەدە دواترە و ئەو زمانە چیدی زمانی مرۆڤایەتی نییە بەڵکو زمانێکی وێران و فەرامۆش و نابوودە، چیدی زمانی سەدەی زێڕین نییە بەڵکو زمانی (غەریبەی عەجایبە).

* گۆی تیسۆلۆ دەڵێ ((تاقانە وڵاتی نووسەرێك زمانەکەیەتی))...؟

- (خۆزە ئەمیلیۆ پاتشکۆ) سەرنجیداوەتە ئەم خاڵە: ((وڵات بریتییە لە چەند ڕوبارێك و یەك دوو کێوێك و چەند تەپۆڵکە و خەڵکێکی سەقامگیر و نووسەرێکیش.)) بێشك وڵاتی من مەکزیکە، ڕاوەستاو و پیرۆز و تاهەتایی. لە پاڵ ئەویشا وڵاتێکی گەورەترم هەیە و ئەویش زمانی ئیسپانییە. من نە نووسەرێکی مەکزیکیم و نەش نووسەرێکی ئەمریکای لاتینی بەڵکو نووسەری کۆمەڵگای ئیسپانی زمانم.

* کاتێ ئۆکتاڤیۆپاز خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت زۆرکەس گوتیان ئەم خەڵاتە بەیەك کەس نەدراوە بەڵکو بە کۆمەڵە نووسەرێکی هاوزمان بەخشراوە؟

- ئەمە جۆرە ناسینێکی دوولایەنەیە، دوو ساڵ لە سەر یەك ئەو خەڵاتە دەبەخشرێ بە نووسەرە ئیسپانی زمانەکان، لە بیر نەکەین کە پێشتر دەمانگوت ئەم زمانە مردووە، بەڵام ئەی ئێستا چی؟، بێشك زمانی ئیسپانی تاقە زمانێکە کە توانیویەتی خۆی ببوژێنێتەوە، با سەرنجێکی قۆناغەکان بدەین: خولقاندنی یەکەم ڕۆمانی نوێ بە (دۆن کیشۆت)، پاشان دوو سەدە بێدەنگی و دوای ئەوەش (گاڵدۆس) و (کلاریەن) و (ڕۆبین داریۆ) سەر هەڵ ئەدەن. هەر ئەمەش دەیسەلمێنێ کە ئێمە (دوارۆژی رابردوومان دۆزیوەتەوە)، دەتوانین لێهاتوویی رابردوومان وەبیر بێنینەوە و تەنانەت ڕادە و ئاستەکەشی هەڵسەنگێنین و خزمەتی زمانەکەمان بکەین کە بارێکی جوانی ئەدەبییشی هەیە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بایەخی پێدەدرێت، تەنانەت لە وڵایەتە



Thank you for trying PDF Suite

یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا. زمانی ئیسپانی دەبێتە زمانێکی مەزن و پڕ گەشەو نەشە، زمانێك کە تەنیا لە ولایەتە یەکگرتووەکاندا بیست و نۆ ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن و بە ئاسانی تێکەڵی زمانەکانیتر دەبێت و لەم رێگەیەشەوە یاریدەی لێك نزیکبوونەوەی رەگەزەکان دەدات. (لۆس ئانجلێس) دوای (بۆینۆس ئایرێس) دووەمین شاری ئیسپانی زمانی جیهانە و (مادرید)یش سێیەمە.

* (خۆزەلیزامالیما) هاوولاتیی کووبا بوو، چینی، ئەفریقی و ئیسپانییش بوو، زۆرتریش کووبایی. وادیارە ئێوەش جێگایەکی تایبەتیتان هەیە ئەویش لە سنووری جیاوازیی کلتوورەکاندا؟

ـ بەشێکی خوێندنم لە ولایەتە یەکگرتووەکاندا بووە، ئەمریکای لاتین نەخشێکی هەرە بەرچاوی لە ژیانمدا هەبووە، لە یازدە ساڵیمدا رۆیشتمە (شیللی) و لە پازدەساڵیشمدا چوومە (بۆینۆس ئایرێس) و حەوت سالآن بووم کە هاتوومەتە مەکزیك. هەر لە لاوێتیمدا ئاشنای تێکەلاویی زمانە جۆربەجۆرەکان بووم لە گەڵ زمانی ئیسپانیدا و تێگەیشتم کە زمانەکان ئاوێنەی رۆشنبیرین و پێوەندییان هەیە بە بنەما کلتوورییەکانەوە و وێنە سەرەتاییەکانیان لەناو خۆیاندا پاراستوون. بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە نووسەرە ئیسپانی زمانەکان بە پێچەوانەی هەموو جیهان لەو سەرەکەیترەوە خۆیان دەرخستووەو لە رووبەڕووەوە هاتوون. (کریستۆباڵ)یش هەر ئەوە پەیڕەو دەکات و بە خواستی خۆی لە نێوان پڕی و بۆشاییدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی لە بۆشاییە هەرە بۆشەکان تێپەڕ بکات.

* ئێوە هەرگیز دەست لە ریوایەت (گێڕانەوە) هەڵناگرن کەچی ئەم بەرهەمەتان واتە کریستۆباڵ نۆتانۆ جیاوازە، بێشك رۆمانێکی مۆدێرنە و لە بەرهەمەکانی دیکەتان ناچێ؟

ـ بە ئەنقەست ئەو شێوە زمانەم بۆ ئەم بەرهەمەم هەڵبژاردووە، بەم شێوە قەشمەرییانە باشتر دەتوانم وەلامی پرسیارە کۆمەلآیەتییەکان بدەمەوە. هەرچەند زمانەکە لە ئاستی خوارەوەیە بەلآم پەیامێکی پێیە: ((ئێمە ئیدی تێناگەین)).



Thank you for trying PDFsuite

Thank you for trying PDFsuite

ئەدەبیاتی رەسەن و مەزنی کلاسیك (هۆمێر) مەنتق و پایە و بنەمای هەیە، هەموو کەسێك، رەنگە بێجگە لە حەیوانەکان بە یەك زمان دەئاخفن، تێنەگەیشتن نیشانەی رۆژگاری مۆدێرنە و گرفتەکە لە چۆنیەتیی پێوەندی گرتندایە. رۆمان بۆتە شەڕ و شۆڕێك و چەك و تەقەمەنییەکەشی هەمان لێك تێنەگەیشتنە، (شارل بواری) لە (ئێما) تێنگات کەچی دەڵێ، (ئانا) و (کارنینا) لێکتری ناگەن و رۆماننووسیش هەر ئەم تێنەگەیشتنە دەخاتە ژێر تیشکی لێپرسینەوە.

* کریستۆباڵ بۆناتۆ زیندووە، هەموو شتێ دەبینێ، هەموو شتێك دەزانێ، ئایا خەڵکی سەرزەوی نییە؟

ــ ئەویش هەر وەکو خۆمانە، ئێمە تەنیا بە خەیاڵ هیی ئەم دونیایەین، کریستۆباڵ خەڵکی مەریخە بەڵام ناتوانێ بگەڕێتەوە ئەوێ. کەرەستەی زۆری لەبەردەستایە، گەلێ لە ئێمە زۆرتر. ئێمە شتێکمان لێ بزر بووە -کتێب ئەمە دەڵێ- فریشتەی ترس بۆ ئەوە دێت کە ئێمە ناچار بکات بەوەی فەرامۆش بکەین و لە بیر بەرین. کریستۆباڵ تێناگات کە خوشکێکی هەیە و ئەوان (دوانە)ن بەڵام دەزانێ کە تەنیا نییە و دەتوانێ ببێتە (جووت)، جووتێکی هەتا هەتایی.

* دەڵێن مێشك بەرەبەرە دروست دەبێت و لە سێساڵی سەرەتای لە دایکبووندا ناتوانێ هیچ شتێ تۆمار بکات چونکە لە گۆڕانکاریدایە، واتە بیر و هۆش پاش ئەو قۆناغە دەتوانن بکەونە کار، ئایا کریستۆباڵیش وا نییە؟ لەوەدەچێ لێرەشدا -وەك هەمیشە- بەلای بیروهۆش و فەرامۆشکاریدا رۆیشتبێ؟

ـ راست دەڵێی، دەکرێ ئەوە بە گرێکوێرەی کارەکەم بزانرێت. من هەمیشە حەزم لە پێوەندیی هۆش و خەیاڵ کردووە. خەڵك هەر لە خۆڕایە کە هۆش دەخەنە پاڵ رابردوو و خەیاڵیش بە داهاتوو. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە یادەوەریی ئایندەی خەیاڵ سەبارەت بە رابردووش هەبووە و دەشبێ. بە رابردوویەکی مردووەوە هەر تەنیا دەکرێ بناغەی ئایندەیەکی مردوو دابڕێژرێت و هیچیتر. رۆمانەکانی من ئەو فەلسەفەیە لەبەر چاو دەگرن. من لایەنی (سامۆئێل بێکت) دەگرم کە بڕوای وا بێت:

((مادەم ئێمە لە ناو مێژووداین، لە سەرمانە هەمیشە بە شوێن نوێبوونی رابردوودا بگەڕێین)). رابردوو لێپرسینەوەی لە ئێمە دەوێت و گەر ئێمە بە مردووی دابنێین، ئەوا دوارۆژمان هەر نابێت. کاتێ بۆ یەکەمجار (دۆن کیشۆت)م خوێندەوە، (دۆن کیشۆت) بۆ یەکەمجار خوێنرایەوە. کتێبی مردوو هەر نییە. کتێبەکان سەرجەم بانگەشەی ئێمە دەکەن بۆ دۆزینەوەی نوێبوونی رابردوو. ئەرکی ئەدەبیاتیش هەر ئەوەیە کە ئێمە بخاتە چوارڕێیانێکەوە کە تیایدا (خەیاڵی رابردوو) و (هۆشی ئایندە) و پێچەوانەی هەردوولاش کۆ بوونەتەوە. دەبێ گەورەترین وانە لەمەڕ رۆمان لە (شەهرزاد)ەوە وەرگرین: چیرۆکێکی رابردوو کە بە زمانی ئەمڕۆ دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەوەی ئایندە رزگار بکات. رۆمان زۆر شتی تایبەتی تێدان و باشترین و بەنرخترین و بەرچاوترین شوێنە بۆ دیداری پێکەوەی زمان و زەمان و کلتوور و شارستانییەت و مرۆڤ و کەسایەتییەکان. جوانترین وێنەش بۆ ئەم مەبەستە بە رای من رۆمانی (Moriras Lejos)ی (خۆزە ئەمیلیۆ پاتشکۆ)یە.

* ساڵی 1988 لە فەرەنسادا بڵاو کرایەوەو لەگەڵ بێدەنگییەکی تەواودا رووبەڕوو بوویەوە؟

ـ ئاوەها وەزعێك یەکجار نالەبارە... ئەو بەرهەمە بەڕاستی شاکارە.

* هۆی ئەوەیە کە ناخوازرێت مەکزیکییەك سەبارەت بە ئەوروپا و نازیسم و ئۆردووگای دیلەکان قسە بکات، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەوروپا خۆی بە بەرپرس دەزانێ کە لە سەر ئەمریکای لاتین باس و خواس بکات؟

ـ دڵنیام ئەم بەشە لە جیهان بە سەردا دەکەوێتە خوارەوە، کلتووری تەنیا و دوورە پەرێز زوو لە نێو دەچێ. تەنیا ئەو کلتوورانە زیندوو دەمێننەوە کە لەگەڵ یەکدیدا پێوەندی و تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕیان هەبێت. بە بڕوای من دەبێ بجووڵێت و شەڕ بکەیت تا دیتران بتبینن. ئەوروپا بەو غافڵبوونەی و بەو لە دوورەوە چاوبڕینەی لە ئەمریکای لاتین و هیند و ئەفریقیا، لە خۆی نامۆ بۆتەوە و دوور کەوتۆتەوە.



Thank you for trying PDF Suite

* ئێوە خوێنەرێکی چاك و پیاوێکی ڕۆشنبیرن، بفەرموون کامە کتێب زۆرتر کاری تێکردوون، ئێستاش چ بەرهەمێکتان بە دەستەوەیە؟

- نووسەرێکی ئەمریکی کە خەریکی نووسینەوەی لایەنی ڕۆشنبیریی ژیانی (ژان پۆل سارتەر) بوو ڕۆژێك بۆی گێڕامەوە کە گوایە هەر ئەم پرسیارەی لە سارتەر کردووە بەڵام لە بیری نەمابوو کە سارتەر ناوی چ کتێبێکی بردووە. کتێبی ئەدەبی تایبەتی منداڵانمان هەنە، من دەیانخوێنمەوە و هەر بۆیەش توانیومە بگەمە سەر سنووری نێوان دوو فەرهەنگ. بەڕای من هەموو نووسەرە بەناوبانگەکانیش کتێبی منداڵان دەخوێننەوە، بۆ وێنە: (ئاستۆنسۆن)، (ژوول ڤێرن)، (ئەلکسانەردۆما)، (مارك تواین) و...، شتێکی دیکەش هەیە کە من پێی دەڵێم (کلتووری ئەمریکای لاتین). من درەنگ ئەو کلتوورەم ناسییەوە، ڕۆژێك لە بۆینۆس ئایرێس سەردانی کتێبخانەیەکم کرد و کتێبەکەی (خورخەلوییس بۆرخس) واتە (Ficciones)م وەرگرت و خوێندمەوە، ئەو کتێبە تێی گەیاندم کە تا ئەو کاتە خەونی ئیسپانییم دیتبوو نەك ئینگلیزی و فێری کردم کە دەبێ بە ئیسپانیایی بنووسم. کە هاتیشمە مەکزیك، ئەدەبیاتی ئەم وڵاتە سەرنجی ڕاکێشام و پاشان (دۆن کیشۆت)م خوێندەوە. هەر ئەویش زۆرترین کاریگەریی لە سەرم هەبووە. هەموو ساڵێك سەرلەنوێ دەیخوێنمەوە و هەرجارەش وا هەست دەکەم کە ئەمە یەکەمین جارمە. تەمەنم گەیشتە نۆزدەساڵان و کتێبەکانی: ((ئۆلیس))ی (جێمزجۆیس) و ((تریلۆژی))ی (جاندۆس پاسۆس)م ناسین و ڕایان چڵەکاندم، پاشان بەرهەمەکانی (باڵزاك) و (فۆگنەر)م بە زمانی ئەسڵیی خۆیان خوێندنەوە. لە بیرم دێ سەردانی دۆستێکم کرد لە شاری (کۆئیرناواکا)دا، ئەو دۆستەم چەند جار بەرۆکی گرتم و سەرزەنشتی کردم کە بۆ چی تا ئێستا بەرهەمەکانی (ئەستاندال)م نەخوێندوونەتەوە، پێی دەگوتم: ((تۆ نەزانی، نەزان!)). کاتێکیش خویندمەوە تێگەیشتم کە ئەو دۆستەم ڕاستی گوتووە، کاری زۆریان لە سەر کردم. ڕاستییەکەی، ئێمە وەکو پارچە زەوییەکین و بە خوێندنەوە کشتوکاڵمان تێدا بەرهەم دێت. من لەو تاقمە نووسەرەم کە بڕوام وایە هەموو کتێبێك ریشەی لە کتێبێکی



Thank you for trying PDF Suite

دیکەدایە و ئەو کتێبانەی کە ئێمە دەیاننووسین نەوەی کتێبە پێشوویەکانن. ئەمێستاش هەر بە زۆری دەخوێنمەوە، بە تایبەتی رۆمان. ئێمە ئێستاکە لە قۆناغێکی هەرە گرینگی مێژووی ئەدەبیاتدا دەژین کە وەکو دارێك چڵ و پۆپی پڕ بەری زۆری لێ بۆتەوە: ((گۆنتەرگراس))، ((ئیتالۆ کالۆنیۆ))، ((میلان کۆندێرا))، ((نادیەن گۆردیمەر))، ((جولیان بارنێر))، ((برۆس چیتوین)) و...

* ئەی ئەدەبیاتی ئیسپانی زمان؟

ـ گەر ناویان بەرم زۆری پێدەچێ، لە بیری (ژولیان ریۆز) و (خوئان گۆیتی سۆلۆ)دام. ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین وەکو یەك کۆمەڵە دەبینم و نامەوێ بە جیاوازی ناوی (ئەرژەنتین) و (کۆلۆمبیا) و(شیلی)و... بەرم. لە مەکزیکیشدا زۆر هۆگری (خۆزه ئەمیلیۆ پاتشکۆ)م. ئەو نووسەرە وەك مامۆستای ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئیسپانیا سەیر دەکەم، چ لە شیعر و چ لە چیرۆکدا زۆر بە دەسەڵاتە، ئەدەبیاتێك دەخولقێنێ کە زۆر هەژێنەر و بێ وێنەیە. جارێك گوتوومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە کە رۆمانەکەی واتە (مۆریراس لێجۆس) رۆمانێکی هەرە مەزنە کە بە داخەوە لە ناو دیکەی بەرهەم و ناوە ناسیاوەکان و هەرواش لە ناو قەیرانی ئابووریدا بزر بووە. ئێمە، واتە وڵاتەکانی ئێمە تووشی دوورەپەرێزییەکی ناوازە و نارەوای ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە هاتووین و ئەمەش زیانێکی زۆرمان لێدەدات. ئەم بەشە لە جیهان هەنووکە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و نەناسراوی هەیە، کاتێ خۆمان بۆ ناسینی خۆمان ئەوەندە گیروگرفتمان هەبێت، دەبێ لەم جیهانە بەرینەدا چاوەڕوانی چ بکەین!.

* لێکۆڵینەوەکەتان لە سەر (مەکزیك)ی ئەمڕۆ شتێکی وەکو کەشف و دۆزینەوەی تێدا دەبینرێت؟

ـ من کاریکاتێرەکەی پیشان دەدەم، ئەرکی سەرشانی منی نووسەر ئەوەیە کە لە روانگەیەکی رەخنەییانەوە سەیری وڵاتەکەم بکەم. ئەمە پرسیاری (کریستۆباڵ)ە: ((ئایا بۆ ئەوەی باشتر سەرنجی ناوەوەی (بوون)ی خۆمان بدەین نیازمان بە گەڕان و دۆزینەوە

Thank you for trying PDF Suite

نییە؟)). مەکزیك و هەموو ئەمریکای لاتینیش بە خێرایی لە ئاڵوگۆڕدایە، ئەو کۆمەڵگە شارییە کە پێشتر وەکو (هرەم) بەڕێوە دەبرا، واتە لە سەرەوە گوشاری دەخرایە سەر، ئێستە لەگەڵ گەشەی ئابووریدا رووبەڕوو بۆتەوە. شکستی ئەزموونەکانی شۆڕش و بزووتنەوە دیموکراسییەکان کۆمەڵگەی شاریی ئەمڕۆی ئێمە ناچار دەکات کە بۆ یەکەمجار لە مێژووماندا بەرەو سەربەخۆیی تەواو و هەمەلایەنە هەنگاو بنێین. لە بوومەلەرزەکەی چەند ساڵ لەمەو پێشدا حکوومەت هیچ چالاکییەکی نەبوو جگە لەوەی کە فرمانی دەرکرد: (هاووڵاتیان لەماڵەکانیاندا بمێننەوە و دەر نەکەون)، بەڵام خەڵك گوێی نەدایێ و رژانە ناو شەقامەکان و هەوڵی رزگارکردنی زیانمەندەکانیان دا و لە هەمان حاڵیشدا هەر شتێکیان بەردەست کەوت بردیان! کۆمەڵگای مەکزیك لەو چەشنە جووڵانەوەیەیدا هێزی خۆی ناسییەوە و ئێستاش نۆبەی ئەرژەنتین گەیشتووە کە پاش ئەو هەموو گوشار و مرۆڤ رفاندن و ئازار و ئەشکەنجەیە پەی بەهێز و توانای خۆی بەرێت. گەورەترین رووداوی ئەمریکای لاتین هەر ئەم هاوبەشییە بە هێزە کۆمەڵایەتییەیە لە گرتنەبەری رێگایەك کە دەگاتە هەوارگەی دیموکراسییەت و شارستانییەت و رۆشنبیریی نوێی کۆمەڵایەتی. ئەمریکای لاتین یەکێکە لە میرات گرانی داڕوخانی دیواری بەرلین، ئەویش بە بەش و بەهرەیەکی زۆرەوە. شەڕی سارد تەنیا بیانوویەك بوو لە دەستی لایەنە دەسەڵاتدارەکان و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ ئەوەی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی لە ئەمریکای لاتیندا سەرکوت بکەن، هاتنە سەرکاری رژێمە چەپەکان وەکو مەترسییەك دەبینرا بۆ ((کۆمەڵگەی سەربەخۆ))، ئەو کۆمەڵگە ئازادەی (!) کە دەستتێوەردانەکانی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە چاوی عەداڵەت سەیر دەکرد و نموونەی ئەو عەداڵەتەشمان لە رووداوەکانی شیلیدا هەر لە بیرە! ئێستا ئەو بیانوویە تواوەتەوە و رێگا بۆ تاوتوێ کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و کاروباری ناوخۆ و باری دیموکراسی کراوەیە. بارودۆخی هەستانەوە و رێکخستنەوەی چەپ بە بێ ترسی دێوەزمەی (ئیستالینیزم) و بڕوبیانووی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، زۆر لە بارە. وەکو

نموونەش دەتوانین پێشکەوتەکانی (ئێل سالوادۆر) ناو بەرین کە چۆن ئەو جەهەننەمی گوشارە توایەوە و ئەو دامودەزگا سەرکوتکارە تێکڕووخا. رووخاندنی دیواری بەرلین راستەوخۆ و زۆر جوانیش کاری لە سەر ژیانی رۆژانەی ئەمریکای لاتین کردووە. ئێستا تاقم و لایەنە دەسەلاتدارەکانیش بە ناچاری و بە ئاشکراش رووبەڕووی راستییەك بوونەتەوە و ئەویش باری ئابوورییە و پێوەندیشی بە هەموو تاقمێکی کۆمەڵگەکەوەیە.

* ئایا بڕوات بەوە هەیە کە نووسەری ئەمڕۆ دەتوانێ نەخش و رۆڵی لە کۆمەڵگەدا هەبێت؟

ـ نووسەر دەبێ ئەندامی کۆمەڵگە شارییەکەی خۆی بێت و وانەزانێ شتێکی هەڵبژاردە و جیاوازە. ئەو کاتەی کە کۆمەڵگەی ئەمریکای لاتین لە لاوازیدا بوو نووسەرەکان بوونە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵك و جێی رۆژنامەوان و پەرلەمانتاران و رێبەریی بزوتنەوە کرێکارییەکانیان پڕ کردبۆوە. بەڵام ئێستا ئەو وەزعە گۆڕاوە و ئەمیش دەبێ رێگای پێوەندەی و پێشکەوت و گەشەی زمان بەربلاوتر بکات نەك بکەوێتە داوی سیاسەتەوە. هیوادارم (ماریۆ وارکاس یوسا) دوایین نووسەرێك بێت کە کەوتۆتە داوی سیاسەت و بۆ ئەویش و پیرۆیش و ئەدەبیاتیش خۆشحاڵم کە لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی خوارد، ئەم ئەزموونەشی بێشك دەبێتە خولقێنەری رۆمانێکی جوان و بەپێز و سەرکەوتوو. ئەرکی ئەمڕۆی ئێمەی نووسەر خزمەتکردنە بە زمان و خەیاڵ و پێوەندییەکان. کۆمەڵگا دەگۆڕدرێت و جێگای نووسەریش هەروا، بە تایبەت لەم دەورانە پڕقەیرانەدا. ئەمریکای لاتین نزیکەی سێسەدملیۆن کەس جەماوەری هەیە و تەمەنی نیوەی ئەو جەماوەرەش لە ژێر پازدەساڵیدایە، ئێمە ناتوانین ئەو هێزە لە بن نەهاتووە فەرامۆش بکەین یا دەستی لێهەڵگرین. دەبێ بۆ ئەوان بنووسین، بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنیان، هەر بۆ ئەوەیە کە نووسەر هەیە.

* ئایا ئێوە نائومێد و هیوا بڕاون؟!

ـ ئەگەر نائومێد بە مرۆڤێکی ئومێدەوار بە نووری زانیاری دەگوترێ، بەڵێ من نائومێدم و حەزدەکەم ئومێدەوار بم. ماوەیەك لەمەو پێش لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی



Thank you for trying PDF Suite

ئەمریكیدا قسەم دەكرد، رای وابوو: (گۆرباچۆف) قۆڵی بۆ لەنێوبردنی وڵاتەكەی هەڵماڵیبوو! پێمگوت كە گرفتەكە تەنیا بەرۆكی ئەو ناگرێتەوە، خودی گرفتەكە لە بنەڕەتدا هەبوو، ئەویش هەر تەنیا سەرپۆشەكەی لەسەر لادا و ئاشكرای كرد. ئەمەش ئەركی سەرشانی سیاسەتمەدارە كە بە راشكاوی و بە ئاشكرا باسی گرفتەكان بكات و بیانخاتە روو. دڵخۆشییەكە لەوەدایە كە مەسەلەكان زۆرن و تەنیا دەبێ دەمامكەكەیان لا بەرین.

**<u>تێبینـــــــــی:</u>**

***ئەم چاوپێكەوتنەم كاتی خۆی لە ژمارە (37 و 28)ی بەهاری (1373)ی گۆڤاری (گەردوون)دا خوێندەوە كە (مەسعود زاهیدی) وەریگێڕابوویە سەر زمانی فارسی، بۆچوونەكانی نووسەری مەكزیكی زۆر سەرنجیان راكێشام بۆیە حەزم كرد منیش بیانخەمە بەر دیدی نووسەر و رۆشنبیرانی كورد، بۆیەش وەرمگێڕایە سەر زمانی كوردی و لە ژمارە (144)ی نیسان(4)ی 2000ی گۆڤاری (كاروان)دا بڵاو كرایەوە.***

*



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

# خاتوونی خەمگینی ئەدەبیاتی ئێران

(سیمین دانشوەر)



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

دکتۆره سیمین دانشوەر، ئەم خاتوونە بە ناوبانگەی (ڕۆمان)ی ئێران، سەرەڕای ئەوەش کە نووسەرێکی پڕکار نییە، هەر یەکێکە لە خۆشەویستترین ناوە ئەدەبییەکانی ئەم بیست ساڵەی دوایی. قەڵەمە بە بڕشتەکەی زۆرتر لە بیست ساڵ ئارەقەی ڕشتووە بۆ خولقاندنی دوایین بەرهەمی بڵاو کراوەی و ئەو بەرهەمەش واتە ((دوورگەی سەرگەردانی)) چەندین و چەند مانگ لە خشتەی پڕ فرۆشترین کتێبەکاندا جێی خۆی گرتووە. خاتوو سیمین هەر بەو بەرهەمە کەمانەشییەوە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا پلەو پایەی تایبەت بە خۆی هەیە. ڕۆمانی (سووشون)ی خاوەنی زۆرترین ڕێژەی جەماوەری خوێنەرەو هەمیشە و بە بەردەوامیش باس و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێ. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە خاتوو سیمین پتر لە نیو سەدەیە کە لە هەموو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکانی ئێراندا چالاکی و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. ژیانی هاوبەشی (20) ساڵانەی لە گەڵ (جەلال ئال ئەحمەد)یشدا لایەنێکی ترە لە لایەنە بە هێزو سەرنجڕاکێشەکانی ژیان و کەسایەتیی ئەم خاتوونە خۆشەویستە. خاتوو سیمین لەو تاقمە نووسەرانەیە کە هەرچەند ئیش و کاری ڕۆژنامەگەریشی کردووە، بەڵام حەز لە دیمانەو هەڤپەیڤین ناکات و جاڕو جەنجاڵی خۆش ناوێ. بۆیەش کاتێ بۆ ئەم دیمانەیەی (گەردوون) ڕازی بوو، بە هەلمان زانی و حەزمان کرد لە گەڵ زۆربەی نووسەرانی گۆڤارەکەدا بچینە خزمەتی و گوێبیستی قسەکانی بین، بەڕێزیشیان لەم دانیشتنەدا کە هەرلە ماڵەکەی خۆی ساز درابوو ماوەی پێنج کاتژمێر قسەی بۆ کردین کە دەکرا ببێتە کتێبێك بەڵام ئێمە لە سەر ڕەزامەندیی خۆی چەند بەشێکمان لێ هەڵبژارد بۆ ئەوەی وەکو (دیارییەك) ئاراستەی هەموو هۆگرانی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بەڕێزەی بکەین:...

+ : تا ئەو جێیەی کە ئێمە ئاگادار بین بەڕێزتان زۆرتر وەکو (ئەدیب)ێك ناوبانگتان دەرکردووە و بێجگە لە (سووشون) چەند بەرهەمی دیکەشتان بڵاو بۆتەوە، ئایا لەو چەند ساڵەی پێش نووسینی سووشون هیچ کارتان لە سەر دارشتن و گەڵاڵە کردنی ئەو ڕۆمانە کردبوو یا لە ناکاو یا بە پێی هۆکار و بەڵگەیەکی دیاریکراو دەستتان پێکرد یانخود لەوانەیە هیچکام لەمانەش؟

Thank you for trying PDF Suite

= : نا... بەرلە زانكۆ دوو كتێبی (ئاگری خامۆش) و (شارێك وەكو بەهەشت)م بڵاو كردبوونەوە. دەشزانن كە دوكتۆرام لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەیە و پسپۆڕیم لە جوانیناسیدا وەرگرت بۆ ئەوەی كار بكەم، چونكە ژیانی ئێمە (ژن و مێرد) بە بێ كار و كۆشش بەڕێوە نەدەچوو. هەروەها گوتنەوەی وانە لە زانكۆشدا پێویستی بە خۆ ئامادە و تەیار كردن هەیە كە ئەم خۆ ئامادەكردنەش لە خودی وانە گوتنەوەكە كاتی زۆرتری دەبرد، هەر بۆیەش هیچ كاتی نووسینم نەبوو، ئەڵبەت وەرگێڕان بۆ من كارێكی ئاسایی بوو چونكە هەم فارسی و هەم ئینگلیزیم بە باشی دەزانین و ئەوەش بوو كە دەستمدایە وەرگێڕان، زۆرتریش بۆ ژیان، بۆ كڕینی شتومەك و پێداویستییەكانی ناو ماڵ. بۆ ئەوەش كە ئایا گەڵاڵەیەك پێشتر ئامادە كرابوو یا نا، دەبێ بڵێم كە گەڵاڵە هەر هەمیشە لە نەستی نووسەردایە و كڵوكۆیەكی دەروونیش بەرەو نووسینی را دەكێشێ. لە بیرمە یەكەم وتارم پێش تەواو كردنی قۆناغی خوێندن نووسی و لە رۆژنامەی (پارس) لە شیرازدا بڵاو كرایەوە. دواتریش كە هاتمە تاران هەر دەمنووسی، بۆ رۆژنامەی (ئێران) و گۆڤاری (ئومێد) كە (نەسرڵڵا فەلسەفی) دەریدەكرد، هەم چیرۆكم دەنووسی، هەم وتار و هەم تەنزیش... بەڵام ... پرسیارەكەی ئێوە لەمەڕ گەڵاڵەی سووشون بوو، دەبێ بڵێم كە گەڵاڵەی ئەو رۆمانەم تەنانەت قورسایی خستبۆوە سەر هەموو ژیانیشم. ساڵی 1321 كە سەردانی (شیراز)م كرد لەگەڵ بنكەی هاوپەیمانەكان و زۆرتریش ئینگلیزەكاندا رووبەڕوو بوومەوە، ئەڵبەت حیزبی (توودە)ش بە بێ دیاربوونی رووسەكان هەر هەبوو. (توودەییەكان) زۆریان داكۆكی دەكرد كە بڕۆمە ناو ریزەكانیانەوە، منیش لایەنگری ئایدیۆلۆژیای دیاریكراوی سیاسی نەبووم، بەڵام هەر نووسەرێك دەبێ و پێویستیشە لە شتەكانی دەوروبەری خۆی رابمێنێ. ساڵەكانی 1321و22 لە شیرازدا تا بڵێی سەربازی هیندی و ئەفسەری ئینگلیزی و ئسكۆتلەندی و ئیرلەندی پرژوبڵاو ببوون بەڵام نە ئەمریكی و نە رووسی هیچكامیان نەبوون. ئێمەش بنەماڵەیەكی ناسراو بووین و بۆ هەموو بۆنەكان (لە سەرەوە) بانگهێشت دەكراین، لەو رەسم و یاسایانەشدا ئینگلیزەكان

Thank you for trying PDF Suite

بەشدار دەبوون، منیش قسەم لەگەڵ دەکردن و لێم دەپرسین: بۆچی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییەیان کڕیوە؟... بۆچی هیچ کەسیتر وەکو (بایندەر) توانای خۆڕاگریی نەبوو؟ (بایندەر لە خەیاڵمدا ببووە قارەمانێك). با ئەوەش بڵێم کە وەزعی شیراز لەگەڵ دیکەی شارەکانی ئێران جیاواز بوو، شیراز بە هۆی نزیکایەتیی بە هیندستان و هەرواش بە بۆنەی (بەندەری بووشەهر)ەوە ناڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان، لە لایەکیشەوە بەڕێوەبەر و زۆربەی زۆرتری مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیەی ئێمە تێیدا دەمانخوێند ئینگلیزی بوون و (ڕێنموونییان دەکرد و مزگێنییان دەدا)! هەرچەند ناوی قوتابخانەکە فارسی بوو: (میهر ئایین) بەڵام هەموو وانەکانمان بە ئینگلیزی دەخوێند تا ئەو کاتەی کە وەزارەتی (مەعارف)ی ئەو سەردەمە فەرمانێکی دەرکرد کە: دەبێ بە فارسیش بخوێندرێ. هەروەها نەخۆشخانەیەکی مەسیحییەکانیش هەبوو، باوکیشم کە دکتۆر بوو، نەخۆشەکانی (ژنەکان) دەناردنە ئەوێ ئەویش لەبەر ئەوەی کە مامان و ژنە دوکتۆرێکی باش لە شیرازدا نەبوو، (بێجگە لە خاتوو ــ حەکیمی ــ کە لە سووشونیشدا هەیە). هەموو ئەمانەش لای من ببوونە پرسیاری بێ وڵام. ڕاستییەکەی گەڵاڵەی سووشون هەر لەو ساڵەوە(1322) کەوتە مێشکم (هەڵبەت نەك بەو ناوەوە)، بەبێ ئەوەی کە هیچ دەرفەتێکی نووسینم هەبێت. ئێمە زۆریش هات و چۆی هەوارگەی (عێلی قەشقایی)مان دەکرد، باوکم دوکتۆری ئەوان بوو بۆیە پێوەندییەکی پتەومان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو. هەمان ئەو (بی بی موونس)ەی ناو سووشون لە ناو ئەو عێلەدا بوو و چەند ساڵێك لەمەوپێش مرد. ژیانی کۆچباری بە لامەوە جوان و سەرنجڕاکێش بوو، بە تایبەتی ئەو ڕەسم و یاسای (سووشون)ەیان کە بۆ تازیەباری یا لە کاتی کۆچ کردندا دەیان گێڕا و من خۆم دووسێ جارم دیتووە.

+: بەبێ ئەوەی داوەریی خوێنەرانی (دوورگەی سەرگەردانی) لە بەر چاو بگرین، بە ڕای خۆتان لەم ماوەیەی پاش بڵاو بوونەوەی سووشون تا ئەمڕۆ واتە تا دەرچوونی

Thank you for trying PDF Suite

ئەم بەرهەمە تازەیەتان چ لە بواری شێواز و چ روانگەشەوە چ ئالۆگۆڕێك لە خۆتاندا بە دی دەکەن؟

=: مرۆڤ هەر لە گۆڕانکاریدایە، بۆ نووسەرێکیش هیچ باش نییە هەر لە جیی خۆیدا بوەستێت و هەر خۆی دووپاتە بکاتەوە. دیارە منیش ئالۆگۆڕم بە سەردا هاتووە بە تایبەتیش لە بواری شێوازدا، لە نێوان سووشون و دوورگەی سەرگەردانیدا جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش هەیە، هەروا بابەت و مەبەستەکانیش زۆر لێك دوور و جیاوازن. مرۆڤ لە تەمەنی خۆیدا سەفەردەکات و دەگەڕێت و دەخوێنێتەوە و لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانیدا زۆرتر ئاشنا دەبێت و ئەزموونی زۆرتریش وەردەگرێ، منیش هەروا. بەرلە نووسینی سووشون سەردانی (هاروارد)ی ئەمریکام کرد بۆ بەشداری لە ڤیستیوالی نووسەرانی جیهان و لەوێ لەگەڵ چەند نووسەری گەورەی جیهان ئاشنا بووم وەك (مەك ماهون) کە لە سووشونیشدا هەیە و نووسەرێکی ئیرلەندییە. ئەم گەڕان و دیدار و گۆڕانکارییە لە ژیارگەدا و هەرواش ئالۆگۆڕی وەزع و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چۆنایەتیی تیڕوانین لە مەسەلەکان دەبنە هۆی پێکهێنانی ئالۆگۆڕ بە سەر کاری نووسەردا. لە زانستی جوانیناسیدا یاسایەك هەیە بە ناونیشانی: سێ یاسای ستاتیکی: (شێوازێکی هونەری دێتە گۆڕێ، پێدەگات و بە سەر دەچێ، دەبێ وشیار بیت و نەهێڵی لە نێو بچێت.) ئەم یاسایە رووبەڕووی رۆشنبیرانیش دەبێتەوە، سەیری شیعری نوێی هاوچەرخمان بکەن: بە (نیما) دەست پێدەکات، هاوکات لەگەڵ نیمایشدا (گوڵچین گیلانی) هەندێ تازەگەری دەکات و (توندەرکیا)یش چەند شابازێك هەڵدەفڕێنێ کەچی هەر هەمان نیما پێشڕەوی شیعری نوێیە. نیماش بە (ئەفسانە)وە دەستی پێکرد، پاشان لە (پاشای پیرۆز) و (باڵندەی ئامین)دا گەیشتە لووتکە و دواتریش هیچ شیعرێکی دیکەی وەکو ئەو دوو شیعرە بەرز و بەهێز نەبوو. رێگاکەی نیماش لەلایەن شاعیرانیتری دوای خۆی وەکو: (شاملۆ)، (ئەخەوان)، (فرووغ فەرۆخزاد)، (ئازاد تارانی)، (سپانلو)، (ئەوجی)، (حەمید موسەدیق)، (بیژەن کێلکی)، (نوسرەت رەحمانی)، (ئەحمەدرەزا ئەحمەدی)، (خوویی)، (ئاتەشی)، (د. رەزا

بەراهەنی)، (فەرەیدون موشیری)، (نادر نادرپوور)، (فەرەیدون تەوەلولی) و... درێژەی پێدراوە و گەیشتۆتە ئەوپەڕی گەشە و نەشە. ئێستاش ئەدی دەبێ چاوەڕوانی کۆتایی هاتن و لە نێو چوونی ئەو رێبازە بین و منیش نیشانەکانی هەست پێدەکەم بەڵام هیوادارم بە هەڵەدا چووبم و شتی وا روو نەدات.

+: سەرنجڕاکێشترین قۆناغی ژیانی ئەدەبیی ئێوە ئەوەیە کە نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ (جەلال ئال ئەحمەد)دا پێکەوە ژیان بە بێ ئەوەی جەلال هیچ کاریگەرییەکی لە سەرتان هەبێت، هەروەها نەشکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هیچ کەسێکیتر. لەم حەفتەی پێشوودا لەگەڵ (سپانلو) باسمان لە سەر رۆمانەکەت دەکرد، ئەو پێیوابوو رۆمانی (دوورگەی سەرگەردانی) نواندنی سەرلەنوێی راستییە مێژووییەکانە، کەوابوو ئێوە لەو کەمینە نووسەرانەن کە رووداوەکانی مێژووی خۆتان دەنووسنەوە؟

=: هەوڵمداوە سەربەست و سەربەخۆ کار بکەم و هەر سەربەخۆیش بمێنمەوە. ئەو کاتەی جەلال مابوو ماڵەکەمان ببوویە بنکەی نووسەر و رۆشنبیرەکان. جەلال زۆر (سپانلو)ی خۆشدەویست و حەزیدەکرد کوڕێکی وەك ئەوی هەبوایە. نازانم بە هۆی کەسێتیی بەهێزی جەلالەوە بوو یا چی کە هەموو نووسەرەکان دەکەوتنە ژێر کاریگەرییەوە و تەنانەت دەکەوتنە شوێن شێوازە تایبەتییەکەشی. زۆربەیان جاروبار پێیاندەگوتم: کاتێ شتێك دەنووسین سەرەتا بیر لەوە دەکەینەوە کە ئاخۆ جەلال پەسەندی دەکات یا نا، منیش پێیانمدەگوت: باشە بۆچ دەبێ وا بیت، بۆچی وەك خۆت و بۆ خۆت بیر ناکەیەوە؟! من خۆم نەکەوتوومەتە ژێر کاریگەریی هیچ نووسەرێکی هاوچەرخی خۆم، تەنانەت جەلالیش، سەرەڕای ئەو ژیانە هاوبەشە چەندین ساڵەیەشمان. جەلال خۆی لە جێیەکدا نووسیویەتی کە من یەکەمین خوێنەری بەرهەمەکانی بووم. منیش کارەکانی ئەوم هەر لەڕێوە پەسەند نەدەکردن و لەم دواییانەشدا زۆر سەرنجی بیر و روانگەکانیم نەدەدا، جا کاتێ خۆم لە ژێر کاریگەریی جەلال (وەك هاوژین و هاوبەشی ژیانم) پاراستبێت ئەدی چۆن دەمتوانی بکەومە ژێر کارتێکردنی نووسەرێکی دیکە؟ ئەڵبەت پێویستە ئەوە بڵێم کە دکتۆر (والاس ستۆگنیەر) زۆر شتی فێر کردووم



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDFSuite

و له دوورگەی سەرگەردانیشدا تا رادەیەك دوكتۆر (وۆف) فێری كردم كە چۆن واقیـع و خەیاڵ پێكەوە گرێبدەم.

– : كەوابوو دەبێ بڵێین شێوازی ئێوە كۆكردنەوەیەكە لە واقیع و خەیاڵ؟

= : بەڵێ وایە، حەز دەكەم باسەكە زۆرتر بكرێتەوە، هونەر بە گشـتی پردێكـە لـە نێـوان زانسـت و فەلسـەفەدا، (واقیـع)ی شـتەكان لـە زانسـت وەردەگـرن كـە دەبێتـە دەستكەوتی ئەزموون و بە شوێنداگەڕان و (هەقێقەت)یش لە فەلسەفەوە وەردەگرن كە ئـەویش ئاكـامی هەڵسـەنگاندن و بـیری لۆژیكییـە. هونـەر هـەتاكو ئـەم سـەردەمەی ئێمـەش هـەر لـە ژێـر كاریگـەریی فەلسـەفە زاڵەكانـدا بـووە، وای دانـێین هونـەر یـا ئەدەبیاتی (كلاسیك) بە گشتی لـە ژێـر كـارتێكردنی فەلسـەفەی (راسیـۆنالیزم) واتـە رەسـەنایەتیی ئـەقڵ دایـە و هونـەری (رۆمانسـی)یش كەوتۆتـە ژێـر كاریگـەریی (ئایـدیالیزم) و زۆرتـریش لـە ئـەڵمانیادا وایـە، هونـەری (ریـالیزمی) كەوتۆتـە ژێـر كاریگەریی فەلسەفەی (پوزیتیڤیزم)ەوە و (ریـالیزمی سۆشیالیسـتی)، ئـەوەی كـە لـە یەكێتی سۆڤیەتدا ببوویە بـاو و لـە ئێرانیشـدا شـوێنكەوتووی زۆری هـەبوون لـە ژێـر كارتێكردنی فەلسەفەی (ماركسییەت)دا بـوو، ئاشـكرایە كـە راسـتییە زانسـتییەكان لەگـەڵ راسـتییە هونەرییەكانـدا زۆر جیـاوازن، هونەرمەنـد هـەردووكیان پێكـەوە دەبەستێتەوە. بەڵام دەبیـنین لەوكاتـەوە كـە فەلسـەفەی (فیزیـا) بۆتـە بـاو و زۆربـەی هونەرەكانیش روویان تێكردووەو پشتیان پێبەسـتووە، ئـەویش لەبەرئـەوەی كـە فیزیـا خودی سروشـت دەدۆزێتـەوە و هونـەریش سروشـتی ئینسـانی دەخولقێنـێ. بـۆ وێنـە: (ئەنیشـتاین) مەسـەلەی زەمـان یـاخود هـەمان (بۆعـدی چـوارەم)ی هێنایـە پـێش و (پیكاسۆ)ش لەسەر ئەو بنەمایە شێوازی (كۆبیسم)ی داهێنا، شێوازەكەی منیش هەر رووبەڕووی ئەو رێسایە دەبێتەوە.

+ : كاتێ سووشون بڵاو كرایەوە، رێژەیەكی زۆری لێ فرۆشران و بەڕاستی خوێنەری زۆریشی هـەبوون، ئەڵبـەت فرۆشـران لەگـەڵ خوێندنـەوەدا زۆر لێـك جیـاوازن. (وەكـو نموونەیەك: رۆمانی دوورگەی سـەرگەردانی خوێنـەری زۆر بـوون بـە رادەیـەك كـە هـەر

Thank you for trying PDF Suite

نوسخەیەکی لەلایەن شەش حەوت کەسەوە خوێنراوەتەوە)، ئاوا پێشوازییەکیش گوڕوتین دەخاتەبەر نووسەر و وای لێدەکا گورج بەرهەمێکیدیکە بخولقێنێ، کەچی تۆ وات نەکرد، هۆی ئەمە چیبوو؟ ئایا هۆی ئەوەیە کە ئەو ناوبانگ و پێشوازییەی کە ئەو بەرهەمەت بە دوای خۆیدا هێنای ئێوەی ترساندبێت و خۆتان لە سێبەری ناوبانگی (سووشون) کەوتبنە دڵەڕاوکێ نەوەکو بەرهەمی تازەتان ئەو رەنگدانەوەی (سووشون)ی نەبێت... یا چی؟

= : خاڵێکی هەرە گرینگتان خستە روو. من نەمدەویست نووسەرێکی تاك بەرهەم بم، بە گشتی رۆماننووسانی تاك بەرهەم دەبنە خاوەنی (شاکار). بەڵام دواتر ناتوانن شتێکی وەکو ئەوەی پێشوویان بخولقێنن. راستە پێشوازییەکی زۆر لە سووشون کرا و تەنانەت دووجاریش وەرگێڕدراوە، جارێك لە لەندەن و جارێکیش لە ئەمریکا، هەر ئەوەش ترسی خستە دڵمەوە بۆیە هەوڵی زۆرمدا تا بتوانم لە بەرهەمێکیدیکەدا هەم شێوازی سووشون بگۆڕم و هەمیش ئاڵوگۆڕێك بەسەرخۆمدا بهێنم. لەگەڵ ئەوەشا لەو ماوەیەدا زۆرم نووسیبوو، بەتایبەتی کورتەچیرۆك، کە زۆربەیان لە گۆڤارەکان و زۆرتریش لە (گەردوون)دا بڵاو بوونەتەوە، وەکو (سڵاو لە کێ بکەم) کە هەر لەم ماوەیەدا نووسیومە.

+ : خاتوو سیمین، هەوڵ دەدەین چەشنە پرسیارێکتان ئاراستە بکەین کە لەوانەیە لە بیروزەینی خوێنەرانی بەرهەمەکانتاندا زەق ببنەوە، چ لە (لۆس ئانجلێس) و چ لە (مەهاباد). بۆ وێنە زۆر حەزدەکەین بزانین ئایا ئەوە هەر خودی خۆتانن کە لە دوورگەی سەرگەردانیدا رۆڵی چەند کەسایەتی دەبینن و ئایا دەکرێ بەو بەرهەمە بڵێین: (چەشنە خۆ ناساندنێکی داستانی)؟

= : راستە، هەم خۆیشم و هەم کەسانێکی وەکو (جەلال) و (مەلەکی) و (شەریعەتی) و (حەمید عەنایەت)یش لە ناو چیرۆکەکەدا هەن بەڵام نەك هەر وەکو خۆیان بەڵکو بە گۆڕانکاری و دوورخستنەوەیەك لە (واقیع)ی خودی خۆیانەوە کەوتوونەتە ناو چیرۆکەکەوە. تەنانەت من خۆیشم لەو چیرۆکەدا وەکو خۆم نیم، منیش بوومەتە یەکێك لە (پاڵەوان)ەکان. ئەڵبەت خەیاڵیش هەر لە واقیعەکانەوە سەرچاوە

دەگرێ، دەشزانین کە ئێمە لە کاری هونەریدا لە رووی بیر و خەیاڵەوە هەڵدەسووڕێین و تەنانەت لەو رووەشەوە بیر دەکەینەوە. رەنگە ئەو لایەنە لە سووشوندا دیار بێت بەڵام هەر قارەمانێك لە گەڵ ئەویدیکەدا جیاوازەو منیش نەمتوانیوەو ناشتوانم لە جێی هەر هەموویان بم. بۆ وێنە، کەسایەتیی (عەشی)ی مامان من نیم یانخود (هەستی) من نیم و هیچ پێوەندییەکیشمان پێکەوە نییە. (هەستی) زۆر وڕوگێژە، نموونەیەکی تەواوی سەر لێشێواوییە. لە بەرگی دووەم واتە لە دوورگەی سەرگەردانیدا پەیدا دەبێتەوە، ئەویش لەگەڵ (موراد)دا، چونکە دەزگیرانییەکەی لەگەڵ (سەلیم)دا هەڵوەشاوەتەوە و ئێستا لەگەڵ مورادا لە دوورگەی راستەقینەی سەرگەردانیدا وێڵ و ئاوارە دەبن. لە حاڵێکدا کە من هیچ سەرگەردان و سەرلێشێواو نیم و خۆمم پتەو و قایم راگرتووە، بەتایبەتی لەم تەمەنەشمدا ئەو خۆڕاگرتن و پتەوییە سەقامگیرتر بووە. (هەستی) لە نێوان دایك و داپیرە و سیمین و وەستا (کانی)یشدا سەرگەردانە کە هەر کام لاقێکی رادەکێشن. هەروەها سەری لەوە لێشێواوە کە ئایا باوکی لە رێبازی (موسەدیق)دا کوژراوە یا هۆی کوشتنەکەی گوللەیەکی وێڵ بووە واتە بە رێکەوت و لە خۆڕا کوژراوە و هیچیتر! تەنانەت لە نێوان ئەوینی سەلیم و مورادیشدا هەر سەرگەردانە و خۆیشی هەستی پێدەکات بۆیە شیعری (سەرگەردانی زەوی)ی هۆنیوەتەوە. (هەستی) لە شیعرەکانیدا سەرەتا شوێنکەوتووی (سپەهری)یە و شیعری یەکەم و دووەم و سێیەمیشی هیچ سەرکەوتنێکیان نابێ بەڵام لە بەرگی دووەمدا شیعرێك دەڵێ بە ناونیشانی (مردنی ئاواتەکان)، لەو شیعرەدا دەردەکەوێ کە خەریکە بەرەبەرە دەبێتە شاعیر. لە (سووشون)یشدا ئەو قۆناغی پێگەیشتنە هونەرییەم لە چیرۆکەکەی (ماك ماهوون)دا پیشان داوە، ئەویش کاتێ چیرۆك دەنووسێ بۆ منداڵان، دوانەیەك دەبنە هەوێنی چیرۆکەکەی: (ئەستێرەکان گسك دەدەن و دەیانخەنە - تاق- ەوە، تەواو)، هەر ئەو چەند وشەیەی گسکدان و هیچیتر. بەڵام هەر ئەو چەند وشەیە مانا و مەبەستی جۆربەجۆر و بەربڵاویان تێدا شاردراوەتەوە. ئامێرەکانی زەین بە هۆی هاندەرێکەوە دەکەونە کار و تێکەڵی بیر و هۆش و چێژ و خەیاڵ دەبن و ئەوەتە کە چیرۆکەکەی ماك



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

ماهوون دەبێتە چیرۆکێك نەك بۆ منداڵان بەڵکو بۆ هەموان. کەوابوو گەر وابزانن من هەموو قارەمانەکانم لە سەر کەسێتیی خۆم خولقاندوون، ئەوا بە هەڵەدا چوون. وەك پێشتر گوتم تەنانەت خۆیشم لەو چیرۆکەدا وەکو خۆم نیم و بە چاوی دیتران لە چیرۆکەکەدا دەبینرێم: من لە نیگای (تووران)دا ژنێکی هیچ و پووچی خۆ بەزلزانم، هەروەها هەستی و سەلیم و مورادیش هەرکام بە نیگایەك تێمدەڕوانن جیا لەویدیکە.

+ : ئێوە هاوسەری (جەلال ئال ئەحمەد) بوون و هەبوونی ئێوە لە وتار و دیکەی نووسراوەکانی ئەودا بەرچاو دەکەوێ، کارتێکردنی ئێوە لە سەر جەلال لە چ ئاستێکدا بووە، ئەو ژیانە هاوبەشەی دوو نووسەر پێکەوە بە گشتی چ کاریگەرییەکی راستەوخۆی بەسەر هەردوو لاوە هەبووە؟

= : بەرلەوەی شووی پێبکەم چەند مەرجێکم بۆ دانا، ئەویش وەریگرتن، یەك لەو مەرجانە ئەوە بوو کە (من هەروەك -سیمین- ی دانشوەر) دەمێنمەوە و هەرگیز نابمە —سیمین-ی ئال ئەحمەد)، بەمجۆرەش دڵی خۆم و هی ئەویشم لەسەر هەموو شتێك ساغ کردەوە، بۆ کارتێکردنەکەش، ئەوە پێشتر ئاماژەم پێکرد و دووبارەی ناکەمەوە.

+ : ئێوە لە ساڵی (1329)وە دەستتان پێکرد، هاوسەری ژیانی رۆشنبیرێکی بەناوبانگ و سەرکەوتوو بوون و هەر بەو بۆنەیەوە لەوانیدیکەش نزیك بوون و لە نزیکیشەوە سەرنجی هەموو بزووتنەوە هونەری و ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانتان داوە، بۆیە حەز دەکەم بزانم ئێوە چۆن سەیری ئەو گرفتە دەکەن کە (بۆچی هێشتاش هیچ کارێکی رۆشنبیریی سەربەخۆ و دامەزراومان نییە)؟

= : پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە رۆشنبیر جیا لەگەل و نەتەوە و جەماوەری خەڵك نییە، ئەندامێکە، بەشێکە لە کۆمەڵ. پاشان دەبێ بڵێم کە زۆربەی جەماوەری ئێران زانیارییەکی ئەوتۆیان لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبوو، تەنیا شتێك کە ئەم میللەتەی پێکەوە گرێدابوو مەسەلەی ئایین بوو. شۆڕشی (1357)یش هەر لەو خاڵە هاوبەشە کەڵکی وەرگرت، ئەمە جەماوەری خەڵك، لەو لاشەوە تاقمی رۆشنبیر هیچ پێوەندییەکی نزیك و راستەوخۆی لەگەڵ ئەو جەماوەرەدا نەبوو،

Thank you for trying PDF Suite

پانتاییەکی زۆر لە نێوان کەمینەی رۆشنبیر و جەماوەری بێ ئاگادا بەدیدەکرا. راستە رۆشنبیر بۆ ئەو خەڵکەی دەنووسی بەڵام خەڵکەکە نەیدەخوێندەوە. جەلال لەمەڕ بەرەی هەژار و پێشێلکراوی وڵاتەکەی قسە دەکات کەچی بەرەی هەژار گوێی لێنابێت، بۆچی، چونکە ئەو قسە کردنە هەر بە نووسینە و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیش نەخوێندەوارە!.

+ : نا... مەسەلەکە شتێکیترە، هەر ئەم پرسیارەمان لە (غولامحسێن ساعیدی)ی رەحمەتی یانخود (ئەحمەد شاملۆ) و... کردووە، هەرکامەیان وەڵام و بیر و بۆچوونێکی جیاوازیان هەبوو. گرفتەکە لێرەدایە کە بەرەی رەمەکیی خەڵك ناتوانن لە هەموو شتێك تێبگەن بەڵام رۆشنبیر دەبێ تێبگات بۆیە ئەرکی ئەو قورستر و گرانتر دەبێ. ئایا ئەم رۆشنبیرە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ گەیاندووە؟

= : باشە، منیش گوتم کە رۆشنبیرەکان دوور بوون لە جەماوەر و ئەو دوولایەنە لێك نەدەگەیشتن. (شەریعەتی) تاڕادەیەك بەو کارە هەستا و توانیی جیلی نوێ بەرەولای خۆی و رەوتە رۆشنبیرییەکە رابکێشێ بەڵام دیکەی رۆشنبیران نەیانتوانی ئەم کارەبکەن و باری ئایینیی ناو جەماوەریان هیچ لەبەر چاو نەگرت.

+ : هەر بۆیەش (هەستی) لە نێوان (موراد) و (سەلیم)دا سەری لێشێواوە، واتە تۆ لە نێوان جەلال و شەریعەتی دا ؟!

= : نا... هەستی لە زۆر مەسەلە و زۆر شوێندا سەرگەردانە، جەلال و شەریعەتی قسەی زۆریان پێکەوە دەکرد و بە رای من هەندێ جار شەریعەتی دەکەوتە (لاڕێ)یەکەوە.

+: بۆچی ئەو لێبوردوویی‌ەی جەلال هەیەتی لای شەریعەتی نییە، ئەمەش دیسانەوە لە موراد و سەلیم گیراوە؟

=: نازانم... هەرئەوەندە دەزانم رۆژێك شەریعەتی شتێکی زۆرجوانی بەجەلال گوت، گوتی: ((جەلال دەکرێ بە ناوی شۆڕش لە ئایین کەڵکوەربگرین، شۆڕشێك دژی دەسەڵات و لە پێناوی گۆڕینی ئەم وەزعە ئاڵۆزەدا)).

+: ئێوە ساڵەهایە خۆتان بە رۆمانەوە خەریك كردووە، هەموو بەرهەمە چاپكراوەكان دەخوێننەوە و قسەوباس و گوت و بێژەكانیش دەبیسن، راتان لە سەر ئەو بۆچوونەی بەشێك لە كۆمەڵگەی ئەدەبیمان چییە كە دەڵێ: رۆمانی ئێمە گەشەی سەندووە و پێشكەوتووە؟

=: راستە... گەشەی رۆمان دەبینرێت و هەستی پێدەكرێت. بۆ وێنە هەمان (ساڵی ئاژاوە) و (سەمفۆنیای مردووەكان)ی خۆت {عەباس مەعرەفی} زۆر سەرنجی منی راكێشا. زۆر جێی سەرنج و تێڕامان بوو كەسێك لەو تەمەنی لاوێتییەدا ئاوا چڕ و پڕ و بەپێز بنووسێت. باسی (گوڵشیری) و (دەوڵەت ئابادی) و(دوكتۆر رەزا بەراهەنی) ناكەم چونكە بەراستی جێی خۆیانیان گرتووە بەڵام لە نووسەرە لاوەكان و بە تایبەتیش ئافرەتان وەكو (میهەن بەهرامی) و (شەهرنووش پارسی پوور) و (مونیرۆ رەوانی پوور) و (غەزالە عەلیزادە) بەڕاستی چالاكیی هەرەبەرچاویان هەیە و كارەكانیان جوان و بەپێز و سەرنجڕاكێشن. دوابە دوای (هیدایەت) بەراهەنی و گوڵستان و ساعیدی و جەلال هەولێ زۆریاندا. پاشان گوڵشیری بە (شازدە ئیحتیجاب) و دەوڵەت ئابادییش بە (جێگەی خاڵیی سلووچ)ەوە دونیای ئەدەبیاتیان هەژاند، (ئەحمەد مەحمود) بە (هاوماڵەكان) و (سەربردەی شارێك)، (ئیسماعیل فەسیح) بە (سورەیا لە بێهۆشیدا) و (زستانی 62) هاتنە مەیدانی ئەو هەژاندنە ئەدەبییەوە. سەرەڕای ئەو حاڵەتە ساردوسڕەی كە ماوەیەكە بە سەر ئەدەبیاتی ئێمەدا زاڵە، نووسەرەكانمان بەڕاستی خۆیان ماندوو دەكەن: (ئەحمەد مەحموود) نووسەرێكی دڵسۆزە و كاری باش دەكات. (رەزا بەراهەنی) هەر زۆر جێی سەرنجە، وتاری هەیە، كورتەچیرۆكی هەیە، شیعری هەیە، رۆمانی هەیە، رەخنە و لێكۆڵینەوەی هەیە، بەڕاستی زۆر جێی رێزلێنانە. یان (دەوڵەت ئابادی) كە چەندەی زەحمەت كێشاوە بۆ (كلیدەر) و چەند بە جوانییش وێنەی ئافرەتی ئێرانیی پیشانداوە: ((زیوەر)) نوێنەری ئافرەتی تەنیا و بێ پەنا و ستەمكێشی ئێرانە، لە هەمان كاتدا كە منداڵەكەی



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

(مارالّ) {هەویّ}کەی خۆی بەخێو دەکات، شانبەشانی بنەماڵەی مێردەکەشی ئیش و کار دەکات و دواییش چەك دەکاتە شانی و لەگەڵ مێردەکەیدا دەچێتە بەرەکانی شەڕ و دەشکوژرێت و چەکەکەی دێننەوە ماڵەوە و تەنیا مارالّە کە شیوەنی بۆ دەکات، ئەمەش واتە پیشاندانی هاودەنگی و پێکەوە بوونی ژنی ئێرانی. هەروەها بەراهەنی لە (گۆرانیی کوژراوەکان)دا نموونەیەکی باشمان بۆ دەردەخات: ((مەهنای)) وێنەی ژنی بێتاوانی ئێرانییە. یا (داپیرە)یەك کە لە (رازەکانی وڵاتی من)دا تەلەفزیۆنەکە دەشکێنێ، نموونەی (خاکی دایك)ی پێش شۆڕشە. یا (نووش ئافەرین) یانخود (سورملینا) لە (سەمفۆنیای مردووەکان)دا وەکو وێنە و نموونەیەکی جوان و سەرنجراکێش هاتوونەتەوە. ئەمە بەرهەمی پیاوەکان. لە بەرهەمی ئافرەتانیشدا هەنگاوی هەرە باشمان هەبووە بەرەو گەشەی رۆمان، بۆ وێنە (کەنیزۆ) یا (ئەهلی خنکان)ی (منیرۆ ڕەوانی پوور) کە هەردووکیان سەرەتایەکی زۆر جوان و سەرکەوتوانەیان هەیە. خۆزگە (بوسەلمە)ی - دەریاکان - ی ئەهلی خنکان هەر لە ژێر ئاودا دەمایەوە و نەدەهاتەدەر یا گەر دەشهات بە شێوەیەکی باشتر بهاتبا. یانخود (شەهرنووش پارسی پوور) لە رۆمانی (تووبا و مانای شەو)دا چ وێنەیەکی هەرە جوان پیشاندەدات: (تووبا) نموونەی ژنێکی مەزن و تێگەیشتووە و بەڕاستی جوان و سەرکەوتوانە خولقێنراوە. یان چیرۆکی (جنۆکە) و (بووکەشووشە)ی (میهەن بەهرامی) نموونەیەکی هەرە بەرچاوی ئەدەبیاتی گەشە سەندووی فارسین.

+: خاتوو میهەن بەهرامی زۆر کەم دەنووسێت؟

=: هۆی ئەوەیە کە هاوکات چەندین کار دەکات: هەم وێنەکێشە، هەم رەخنەگرە، هەم نووسەرە و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئیش و کاری ناو ماڵ و ژیانی هاوسەرێتی و منداڵ بە خێو کردنیشی لە سەر شانە. ئەی قابیلە ئەو ئافرەتە لە بەرد و ئاسنە؟! لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ سەیری (جنۆکە) دەکەی دەتهەژێنێ، نوقمت دەکات. جیلی گەنج و نوێتریش هەر کاری چاك دەکەن، ئەوە (گولی تەرەقی)، ئەوە (فریشتەی ساری)، ئەوە (محەممەدی ویجدانی)، هەر هەموویان دیار و بەرچاون.

یاخود بەرهەمە چوار بەرگییەکەی (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) واتە ((سالّە هەورتەنیوەکان) بەڕاستی جوان و سەرکەوتووە و دیارە بە زەحمەت و خوێنی دڵی زۆر نووسراوەتەوە، کەسایەتی باش، کەش و هەوای باش، ناوەڕۆکی باش، کەسێتیی ئافرەتی باش و هەمەڕەنگ. هەرچەند من لەگەڵ چزاندنی قارەمان نیم ئەویش بە هۆی (ساواك)ەوە!

+: دەبێتە شیعار؟

=: وایە دەبێتە شیعار، زۆری لە سەر نووسراوە و زۆر باس کراوە، بەسیەتی... بەلاّم سەرەڕای ئەوەش هەر ڕۆمانەکەم بە ئاسانی خوێندەوە و چێژم لێوەرگرت. (دەروێشیان) هەموو کار و بەرهەمەکانی باشن... هەم قوتابیی خۆم بووە و هەم هی (جەلال)یش. هەردەم دەگیرا و زیندان دەکرا، ڕاستییەکەی من زۆر چاوم لە دەروێشیان بوو، هەر لەو کاتی خوێندنەیدا بیرێکی تیژی هەبوو، پرسیاری جوانی دەکرد.

+: ئەی بەرهەمەکانی (عەلەوی)ت پێ چۆنن؟

=: (موریانە)م خوێندەوە و حەزم لێنەکرد، بانگەشەی زۆر لە سەر (بزورگ عەلەوی) کراوە، ئەڵبەت بەرهەمە بەرز و بە پێزەکانی لە بیر ناکەم، (پیاوی گیلەك)ی باشە[1] (جانتا)ی باشە، (چاوەکانی) ڕۆمانێکی زۆر جوان و دڵگیرە. بەلاّم کە دەڵێم حەزم لە موریانە نەبوو هۆی ئەوەیە کە وادەزانم مرۆڤ کە وڵاتی بەجێهێشت و لێی دابڕا و چووە غەریبی، ناتوانێ بە جوانی ڕووداوەکان ببینێت و دەڤەرەکەش بناسێتەوە. بەلاّم هەرچۆن بێت (عەلەوی) پێشەنگە و ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاّم من دژی بانگەشەی زۆر و ناو زل کردنەوەی هونەرمەندانم ئەویش بە بێ ئەوەی بەرهەمەکانیان

[1] - هەندێ کەس بە هەڵە دەنووسن (گێلە پیاو) لە حاڵێکدا هەڵەیە، ئەو ناوە بۆ بەرهەمەکەی (عەزیز نەسین) باشە چونکە ئەو مەبەستی هەمان پیشاندانی پیاوێکی ساویلکەیە بەلاّم (بزورگ عەلەوی) کە دەڵێ (گیلە مرد) مەبەستی پیاوێکی گیلەك واتە خەڵکی (گیلانە). ج.ع.



Thank you for trying PDF Suite

بخرێنە ژێر تیشکی رەخنە و لێکۆڵینەوە. ئەمەش گرفتێکە بۆ ئێمە هەر پیاهەڵدان و گەورەکردنەوە دەبینین و کەس ناپرسێ ئەرێ فلانە نووسەر چیی کرد، چیی نووسی، شێوازەکەی چۆنە، قسەی چییە و چی دەڵێت و... یان نووسینەوەی سەربردەیە یان گێڕانەوەی بیرەوەری یانخود هەر بێخەبەرییە و هیچیتر. بۆ وێنە هەر ئێستاش ئێوە هیچ ئاگاتان لە (میهەن بەهرامی) نییە و گلەیی لێدەکەن، کەچی ئەو چەندین چیرۆکی جوان و بە پێزی نووسیون.

+: زۆر باسی (میهەن) دەکەی، بەو پێیە دەبێ زۆر گەشەی کردبێت؟

=: یەکەم کەس بوو کە رەخنەیەکی جوانی لەسەر (سووشون) نووسی، هەروەها یەکەم ئافرەتێکە کە رەخنەی لە سەر فیلم نووسیوە، بەو تەمەنە کەمەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی جوانی لە سەر فیلمی (قەیسەر)ی لای (کیمیایی) گرتبوو. رەخنەکانیتریشی جوان و ورد و سەرکەوتوون. چیرۆکی (حاجی باریکەڵڵا)یشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و پێشوازییەکی زۆریشی لێکرا.

+: ئەگەر ماندوو نەبووبن حەز دەکەم لە بارەی (بووفە کوور)ەوە قسە بکەین؟

=: لەم دواییانەدا نەمخوێندۆتەوە، بیستوومە چەند بەشێکیان لێ قرتاندووە.

+: هەر بەگشتی: ئەو جێ گرتنەی، ئەو ناوبانگ دەرکردنەی لە دونیادا و سەرجەم وەزع و بار و تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەمە{ی سادق هیدایەت} ؟

=: دەزانن کە (بووف کوور) وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمان، ئەویش وەرگێڕانی جوان و چڕ و پڕ. منیش بۆم نییە رای لەسەر بدەم و بەش بە حاڵی خۆیشم بە (شاکار)ی دەزانم. (هیدایەت) یەك كەس نەبوو، بۆ خۆی دەوران و رۆژگارێکی تەواو بوو. نووسەرێك گەر بتوانێ چەند چرکەیەکی ژیانی کۆمەڵگەکەی خۆی بدۆزێتەوە بەڕاستی هونەری کردووە، خۆ ئەگەر ئەو دۆزینەوەیەش دۆزینەوەی چەند چرکەیەکی ژیانی هەموو مرۆڤایەتی بێت ئەوە ئێگجار جوان و مەزن و پڕبایەخ دەبێت، ئەگەر واش نەبوو مادام هەر ئەوەندە بتوانێ دڵی خوێنەرەکانی داگیر بکات خۆی زۆر باشە. (سادق هیدایەت) هەر



Thank you for trying PDF Suite

تەنیا بە (بووف کوور) هەر سێ ئەو کارانەی کردن و ئەوەش بـە هـەموو کەسـێك ناکرێت و دەسەڵات و توانایەکی تایبەتی دەوێت.

+: (سپانلۆ) قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێ: ((دوو نووسـەری هاوچـەرخ (سـیمین و فەسیح) زەمان و سەردەمی خۆیـان وەکـو وێنەیـەك کێشـاوەتەوە و پیشـانیان داوە))، ئەمـەش زۆر گرینگـە و لێهـاتوویی زۆری دەوێ. هـەروەها دەبیـنم کـە ئێـوە (سـیمین دانشوەر) رۆمانێك دەنووسیت و تیایدا لە زمانی (تووران)ەوە بە خۆت دەڵێـی: ((ئـەم سەڵیتەیە)) و قسەی لەوە خراپتریش بە خۆت دەڵێی؟

=: تۆ وەکوو نووسەرێك دەبێ بیر و زەینت ئاوی تازە و زوڵاڵ دەرێنێ نەك ئەو ئاوەی کە لە بنی گۆمەکاندا ماوەتەوە، دەبێ هەردەم نوێ و نوێتر ببیتەوە و زۆرتر پێبگەیت. کاتێ دیتت چت پێ نەماوە دەبێ دەستی لێ بکێشیت و برۆی ون بیت، ناڵێم وەکو (هیدایەت) خۆت بکوژە... ئێمـە هێشـتاش نـازانین هیدایـەت بۆچـی خۆی کوشتووە. لەو کاتەدا شتێکی زۆر سەیریش بۆ ئێمە دەنووسێت و کاتێ دێت و دەزانێ کـە لـە ماڵـەوە نـیین دەیکـا بـە درزی دەرگاکەمانـدا. کـە هاتینـەوە و خوێندمانەوە نووسیبووی: ((ئێمە لێماندا و رۆیشتین، ئێوەش بمێننەوە بـەو ژیانـە بچووك و بێ بایەخەتانەوە!))، دەگەرێمەوە سـەر قسـەکەی خـۆم، رۆشـنبیر دەبـێ هـەموو کاتێـك و بـەبێ هـیچ مانـدووبوون و پشـوودانێك بـە دوای خـودی خۆیـدا بگەرێت و خۆی و راستییەکانیش بدۆزێتەوە.

+: ئێوە لەگەڵ هـەر نووسـەر و رۆشـنبیرێکدا بـووبێتن رەنگدانـەوەی لـە دوورگـەی سەرگەردانیدا هەیە، تەنانەت جاروبار وای بۆ دەچم کە (هەسـتی) هـەر خـودی (لـەیلا ریاحی) بێت؟

=: نا... (هەستی) نموونەی خودی ژیان و بوون و سەرگەردانییە و ئەمەش تایبەت بـە خـۆی نییـە بـەڵکو هـەموو گـۆی زەوی سـەرگەردانە. هـەر خـودی هەسـتی لـە شیعرەکەیدا دەڵێ کە هەموو گۆی زەوی سەرگەردانە.

+: باشە بۆچی...، گۆی زەوی بۆچی سەرگەردانە؟



Thank you for trying PDF Suite

=: ڕۆژگارێکی خراپە، ڕۆژگارێکی تاڵ، دەورانی شوێنگۆڕکێ و گۆڕانە، دیتت چۆن یەکێتی سۆڤیەت ڕووخا بە سەر خۆیدا؟ ئەوی ڕاستی بێ، (کاپیتالیزم)یش لە گیانەڵڵادایە. باسی سیستەمی نوێی جیهانی دەکەن! کام سیستەمی نوێ؟ ئەوەی کە ئەمریکا هەر هەموو جیهان بکاتە پاروویەك و قووتی بدات؟ هێشتا دیار نییە ئاکامی ئەورووپا بە کوێ دەگات، شەڕ هێشتا هەر بەردەوامە: لە ئەفغانستان، لە لوبنان، لە بۆسنی، لە سۆمالی و...دا هێشتا هەر شەڕ لە گۆڕێدایە، هەموان بەر بوونەتە گیانی یەکدی و ئەم سەرگەردانی و سەرلێشێواوییە لە هەر هەموو دونیادا دەبینرێت و ئێمەش نازانین تەمەنی ئەم گۆی زەوییە چەندی ماوە!

+: ئێوە لە دوورگەی سەرگەردانیدا شتەکەتان کردۆتە چەند لایەنە و چەند نهۆم... هەر شتێك لە پشتەوەی خۆی شتێکیتری پێیە و واشدەزانم هەموو ئەوانەی کە لە پشتەوەی ئەویدیدا وەستاون هەر هەموویان سەرگەردانن؟

=: ئێمە چووبووینە بیابانێك بۆ بیر لێدان، چەند ئەمریکییەکیشمان لەگەڵدا بوون، من بەرپرسی چەند کچێك بووم کە لەوێ کاریان دەکرد. ڕووبەڕوومان کێوێك بوو، هەر بەڕاستی ناوی (شاخی سەرگەردانی) بوو، هەروەها دوورگەیەکیش لە دوورەوە دەبینرا هەر بە ناوی (دوورگەی سەرگەردانی) بەڵام ئێمە نەمانتوانی بڕۆینە ئەوێ. وشترەوانێکیش ئاوی بۆ دەهێناین. من لەو کارە سەرم سووڕ مابوو: (وشتر بۆچی، خۆ بە هێسریش کار دەکرێ...) شەوێکیان من و کچەکان لە ناو بەیداخێکدا نووستبووین و ئەندازیاری بیرەکە و دیکەی ئەمریکییەکانیش لە بەیداخێك و کوڕە خوێندکارەکانی بەشی جوگرافیاش لە بەیداخێکی دیکەدا. دیتم چرایەك هەر دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە، هەستامەوە، بەخۆم گوت یەکێ لە کچەکان لە مەترسیدایە، بەڵام دیتم کە چراکە بەرەو لای بەیداخەکەی ئێمە نەهات و ڕووی کردە لایەکیتر و کچەکانیش هەر هەموویان لە ناو جێی خۆیاندا بوون. دیتم چراکە ڕۆیشتە لای وشترەوانەکەمان، یەکێ سواری وشتر بوو و لەگەڵ وشتەروانی سەرگەردان‌دا کەوتنەڕێ. سوارەکەم ناسییەوە (کرسلی) بوو، پسپۆڕی ئەمریکایی کاروباری بیر لێدان بوو، زانیم کە وا



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

بەرەو دوورگە دەڕۆن، ئەنجا تێگەیشتم کە بۆچی وشتریان هێناوە بۆ ئاو هێنان!: زەویی دوورگەی سەرگەردانی بە ئاو و خوێ و زەل و... داپۆشرابوو و تەنیا وشتر دەیتوانی بە جۆرێك پیایدا بڕوات کە نەچەقێت! بەیانی باسەکەم بۆ بەرپرسەکەمان گێڕایەوە گوتی: جا بە ئێمە چی! گوتم: بە ئێمە هەیە، ئێرە وڵاتی ئێمەیە، ئەو کابرایە لەوێ چ دەکات؟ گوتی: دەڵێی چیی لێبکەم؟ گوتم: من چووزانم... تۆ بەرپرسیت...، دوایش هەر سەرمان نایەوە. لەو دەستەیە شەش کەسیان ئەمریکی بوون. خۆ ئاگادارن کە لەو ڕۆژگارەدا (50 - 60) هەزار مستەشاری ئەمریکی ببوونە هەمەکارەی ئەم وڵاتە و...!

+: کە زۆرتر ورد دەبمەوە دەبینم لەم سەرگەردانییەدا (موراد و سەلیم) هەمان نوێنەری (جەلال و شەریعەتی)ن، ئەمانە هەر خەریکی نواندنەوەی شتەکانن، هەر کام بیروڕایەك ئاراستە دەکەن؟

=: وایە... منیش ویستوومە بیری سەردەمی خۆم پیشان بدەم، واتە ئەو دەورانەی کە ڕۆمانەکەی تێدا بەدیهاتووە (ساڵەکانی 53و54)، لەو کاتەشدا جەلال و شەریعەتی ناوبانگ و دەسەڵاتیان هەبووە بەڵام مراد و سەلیم دوو شتی خەیاڵین.

+: چ کۆسپ و ئاستەنگێك لە ڕێی ڕۆمانی ئێراندا هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆمانی جیهانی؟

=: خودی زمانی فارسی یەکێکە لەو ئاستەنگانە، چوارچێوەی زمانی فارسی لەگەڵ زمانەکانیتر و بە تایبەت زمانە ئەوروپییەکاندا جیاوازە. دەبێ ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیرێت و پاشان شتەکانمان وەربگێڕدرێنەوە و بە جیهان بناسرێن. هەرچەند هەندێ لە بەرهەمەکانی من یا دەوڵەت ئابادی یا گوڵشیری و... وەرگێڕدراون بەڵام هێشتا کەمە، ئێمە بۆ ئەو بوارەش دەبێ خۆمان بە پێی بیر و ڕوانگەی ئەمڕۆی جیهان بنووسین. دەتوانم بڵێم سادق هیدایەت بۆتە جیهانی چونکە (بووف کوور) وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی زیندووی دونیا.

Thank you for trying PDF Suite

+: گەر نووسەرانی وەکو هەمەنگوەی و فۆکنەر و ئەشتاین بەك و فیترجرالّد و... وەك نموونەی رۆمانی سەرەتاكانی سەدە و پاشان كەسانێكی وەك ماركیز و هاینرش بۆل و پاز و رۆمەن گاری و كۆندێرا بە نوێنەری رۆمانی نیوەی دووەم و كۆتایی ئەم سەدەیە بزانین، تۆ بەرهەمی كام دەستەیانت پێ باشە؟

=: من دەڵێم هەركەس پلە و رێز و نرخ و بایەخی خۆی هەیە، بەرهەمی زۆربەی ئەوانەم وەكو پێشەنگی ئەدەبیاتی وڵاتەكانی خۆیان خوێندۆتەوە، بە تایبەتی بەرهەمەكانی جۆیس و مارك تواین و تۆلستۆی و داستایوسكی (كە تۆ ناوت نەهێنان) زۆرتر دەخوێنمەوە و چێژیان لێدەبەم. خوێندنەوە و ناسینی ئەدەبیاتی گەلانیدیكە بۆ هەموو نووسەرێك پێویستە تاكوو شارەزای ئەدەبیاتی جیهان بێت. ئەگەر دەست پێكردنی رۆمان لە (سروانتێس)ەوە بزانین دەبێ هەر لەوێوە دەست بكەینە خوێندنەوە تا دەگەینە ماركیز و كۆندێرا یاخود بۆرخێس. منیش وەكو پێویست ئەو كارەم كردووە و چی وەرگێڕدرابێ خوێندوومەتەوە، خۆ شكور وەزعی وەرگێڕانیشمان زۆر باشتر بووە.

+: وەرگێڕان هەر لە گەشە و نەشەدایە، ئەی لە پاڵ ئەودا بەرهەمی خۆمان چی، وەك شیعر، چیرۆك، شانۆ، ئێوە بۆچی ئەو لایەنە لاواز دەبینن و بەكەمی دەزانن؟

=: هۆكارەكەی تا ئەندازەیەك دەگەڕێتەوە بۆ چەند دیاردەیەك وەكو بەرگری و سانسۆر و نەبوونی ئازادیی دەربڕین و هەرواش سەرلێشێواوییەك كە دڵساردیی بەدواوەیە. ئەو چەند نموونەیە گرینگترین هۆی كەمبوونی بەرهەمی باشە. كاتێ تۆ نەتوانی قسەی دڵی خۆت بكەیت بێدەنگ دەبیت و دواییش كە دیتت دوا كەوتووی، هەر بە یەكجاری دەستی لێهەڵدەگری. هەوڵدان و نەوەستان ئەركی نووسەرە بەڵام بە مەرجێك كە بتوانێ راستییەكانی سەردەمی خۆی پیشان بداتەوە و هیچ كۆسپ و كەندێكی لە رێدا نەبێت. نووسەری باش و خاوەن بڕوا و ئیرادە لەلایەك و هەبوونی ئازادی و دەرفەت و مەودای باش و لواو بۆ دەربڕینی بیروڕاكان لەلایەكی دیكەوە بەرهەمی باش و بەپێز و جێی سەرنج و متمانە دەخولقێنن.

تێبینـــــــــی:

***ئـەم گوتوبێـژە لەلایـەن (عـەباس مـەعروفی) نووسـەری مانـدوو نـەناس و سەرنووسەری گۆڤاری (گردون) لەگەڵ خاتوو سیمین دانشوەردا ساز کرابوو و لە ژمارە (37و38)ی بەهاری (1373)ی گۆڤاری (گەردوون) لە تاران بڵاو کرایەوە ئەویش بە بۆنـەی بـڵاو بوونـەوەی رۆمانـە تازەکـەی خـاتوو سـیمین بـە ناونیشـانی (دوورگـەی سەرگەردانی) کە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە نێو خوێنەرانـدا هـەبوو. دەبـێ بڵـێم خاتوو سیمین لە کاتی ئەو دیمانەیەدا (72)ساڵ تەمەنی بووە و بەو حاڵەشـەوە هـەر نووسەر و خوێنەرێکی پڕکار و رۆشنبیری ئێران بوو و جێی خۆی لە دڵی نووسەران و رۆشنبیران و مێژووی ئەدەبیاتی ئێراندا کردبۆوە.***

***ج.ع***

❊

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

**کانوونی نووسەرانی ئێران رشوە وەرناگرێ**

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

**(دیمانەیەکی بەشی فارسیی رادیۆ فەرەنسا لەگەڵ ئەحمەد شاملۆدا)**

+: ئێوە لەم بارودۆخەدا بۆ دامەزراندنی کانوونی نووسەران داوای دان بەخۆداگرتن دەکەن و لەوە نیگەرانن کە لە جێی کانوون نیمچە ناوەندێك دروست ببێ، ئەم نیگەرانییە لە چییەوە و بە چ هۆیەکەوەیە و ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ بۆ دامەزراندنی کانوونی نووسەران بە شیاو نازانن، ئەی چ کات و بارودۆخێك بۆ ئەم کارە بە لواو دەزانن؟:

=: تکایە بەمکارە مەڵێن (دامەزراندن)ی کانوونی نووسەرانی ئێران، باشترە بڵێین (بە گەڕ خستنەوە)ی چالاکییەکانی کانوونی نووسەران. ئێمە کانوونی نووسەرانمان (فەشەل) حسێب نەکردووە تاوەکو ئێستا جارێکیدیکە دایبمەزرێنینەوە. کانوونی نووسەرانی ئێران بە کردەوە و هەمیشەش چالاك بووە، ئەمە بەبێئەوەی هیچ جێوشوێنێکی دیاریکراوی هەبێ. وای دابنێین کە کانوونی نووسەران بە نیشانەی دەربڕینی نارەزامەندیی نووسەران لە بەرامبەر داخستنی دەرگای ئازادی و دیموکراسییەت و چالاکیی حیزبەکان و... تاد دەستی داوەتە چەشنە بێدەنگییەك (مانگرتنێك)، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەگەر تەنانەت بەرگریشی لێنەکرابا، لە بەرامبەری ئەم وەزعەی ئێستادا بە دڵنیاییەوە بە خواستی خۆی هەر ئەم بارودۆخەی پێش دەهانی کە ئێستا هەیەتی و هۆکارەکەشی ئاشکرایە: هەبوونی ئازادی بۆ چالاکیی کانوونی نووسەران ئەویش لە حاڵێکدا کە هیچ ئازادییەکی کۆمەڵایەتی بۆ جەماوەری خەڵك نەبێت چ مانایەکی دەبێ جگە لەوەی کە بە نەوعێك رشوەدان و دەمبەستی نووسەران بێت لە ئاستی راستییەکاندا!.

+: ئێوە نیگەرانیی خۆتان راگەیاندووە لەوەی کە رەنگبێ لە جێی کانوونی نووسەران نیمچە ناوەندێك پێك بهێنرێت؟

=: بەڵێ وایە، پێویستە لە دوو لایەنەوە سەیری مەسەلەکە بکرێ: لایەنی یەکەم ئەوەیە کە کانوونی نووسەران خۆی هەستێ بە داوا کردنی ئیجازەی دەست پێکردنەوەی چالاکییەکانی و لایەنی دووەمیش، با وای دانێین کە گرووپی دەسەڵاتدار بە چەند



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

هۆیەك ئاماژەی دابێتە هەندێ لە ئەندامەكانی ئەو كانوونە. بۆ لایەنی یەكەم، ئێمە بۆمان نییە خۆمان لە جەماوەری خەڵك جیا بكەینەوە ـ كە پێشتر باسم كرد ـــ، بۆ لایەنی دووەمیش ئەوا وەزعێك دێتە پێش ریسواتر لەوەی پێشوو، واتە وڵامی پەسەند كردنی ئێمە بۆ ئەو ئاماژەیە بەو مانایەیە كە هەموو جەماوەرمان لە پشتی چرای سوورەوە جێ هێشتبێت و خۆمان كوێرانە كەوتبینەرێ. ئەم كارەش متمانە و ئابڕووی مێژینەی كانوونی پێدەشكێت بێ ئەوەی هیچ سوودێكیشی پێگەیاندبین. ئەو نیگەرانییەی من هەر بۆ ئەو چرا سەوزەیە!

+: ئایا ئێوە بەڵگەیەكی سەلمێنراوتان هەیە كە پیشان بدات ئەو ئاماژەیە كراوە و ئەو چرا سەوزە دراوە؟

=: بەختەوەرانە دەڵێم نا و داكۆكیش دەكەمە سەر وشەی (بەختەوەرانە)كە!

+: بەڵام ئێمە چاوەڕێی ئەوە بووین كە لە وەڵامدا بڵێن (ئا)؟!

=: جاروبار وا باشترە مرۆڤ لە داوەرییەكانیدا ئاوڕ لە شێوە رەفتارەكانیش بداتەوە. هەندێ لە دۆستانی ئێمە بەپەلە و ناشیانە هاتن و بەرۆكیان گرتین كە: (گورج پێنج كەس هەڵبژێرن با برۆن و لەگەڵ لێپرسراوانی دەوڵەتیدا گفتوگۆ بكەن)، ئەوەندە بۆ ئەم كارەش بە پەلە بوون كە ئێمە بێجگە لەوەی هەستی پێبكەین كە گوایە لە دەرەوە شتێك بەمانە گوتراوە، بیرمان نەدەگەیشتە هیچ شتێكی دیكە. ئەم هەموو پەلەپەل و هەلە هەلە، لەوە زیاتر هیچ مانایەكی دیكەی نەدەگەیاند و سەرجەم دۆستانیش لەوە زیاتر بیریان نەدەكردەوە. ئەو چەند دۆستەمان ئەوەندە بە پەلە بوون كە داوایان لێكردین دەست بەرینە ناو دێڕەكانی (جاڕنامەی ساڵی 1358)ی كانوونی نووسەران و هەندێكی لێ بقرتێنین بۆ ئەوە زووتر پێك بێین و ئیزنی دەست پێكردنەوەی چالاكییەكانمان زووتر بدەنێ! ئەمەش پێشنیارێكی چەوت و جێی شك و گومان بوو. دەیانگوت دەست بخەینە ناو ئەو خاڵەی كە دەڵێت: ((ئازادیی بیروبڕوا و را دەربڕین بە بێ هیچ مەرج و پێوەرێك و بۆ هەموان خواستی ئێمەیە)) و وشەی (بیروبڕوا) بقرتێنین، تێدەگەن؟! نازانم كاتێ كە بیر و بڕوایەك نەبێت ئەدی ئەو دۆستە بەرێزانەمان خوازیاری ئازادیی چ شتێكن! ئەوە بوو كە ئێمەش بڕیارماندا كە هیچ خواردنێك لێ نەنێین بەو گۆشتەی كە ئەوەندە بۆنی كردووە!

+: ئەی باشە ئێوە چ کات و ساتێك بۆ جووڵانەوە و باسکردن لە ئازادیی چالاکییەکانی کانوونی نووسەرانی ئێران بە چاك دەزانن؟

=: پێشتر گوتم، نووسەران جیا لە میللەت نین، ئەوانەی کە دەتوانن ببنە ئەندامی ئەم کانوونە خاوەنی بیروڕای جیاواز و جۆربەجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتین و ڕەنگبێ هەندێجاریش بیروڕای توند و تەنانەت دژایەتیشیان هەبێ، ئەڵبەت ئێمە ناهێڵین کەسانێك کە هیچ ڕێز و نرخ و بایەخێك بۆ دیموکراسی قایل نابن بێن و ئەو کەشوهەوا دیموکراسییانەیەی کانوونی نووسەران تۆزاوی بکەن! بەم پێیە دەبێ بڵێم ئەو کەسانەی کە دەبنە ئەندام و کارگێڕانی ئەمڕۆ و سبەینێی کانوون، هەمان ئەو کەسانەن کە لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەوڵ دەدەن. کاتێ ئەم ئازادییانەش وەدیهاتن خۆی لە خۆیدا چالاکییەکانی کانوون دەستپێدەکەنەوە. وەك پێشتریش هەر گوتوومە: ئازادی مەسەلەیەکی گشتییە و جیا ناکرێتەوە و نابێتە مافی تایبەت بۆ ئەم یا ئەو لایەنی دیاریکراو، ئەویش بە پێی ناچاری یانخود هەر فڕوفێڵێکی دیکەی سیاسی و سەربازی و...! هیچ کەس و هیچ لایەنێك بۆی نییە و ناتوانێ بە بیانووی ئازادیی (سیاسییانە) و فریوئامێزی دەستە و تاقمێك، ئازادیی هەموان بکاتە قۆچی قوربانی! ئەوەیان داوەرییەکی تاڵ و جەرگبڕی ئایندەی بە دواوە دەبێت و ئێمەش بە هیچ جۆرێك ناهێڵین کانوونی نووسەران بکەوێتە داوی خوازیارانی ئەو چارەنووسە نەگریسەوە.

❊ ❊ ❊



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

## دایکم هێشتاش هەر بە کوردی قسە دەکات و فارسی نازانێت

(مەنسووری یاقووتی)

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

* جەنابی یاقووتی، لە ژیانی خۆتان بدوێن.. کەی و لە کوێ لە دایك بوون؟

یاقووتی: من لە گوندی (کێوەنان)ی سەر بە ناوچەی کولیایی لە پارێزگای کرماشان هاتوومە دونیا، کێوەنان وەك زۆربەی وشەکانی دیکەمان تووشی دەستێبردن و گۆڕان هاتووە و ئێستا بە (کیوەنان) ناوی دێنن لە حالێکدا کە هەمان (کێوەنان)ی کوردییە و واتای کێو دەدات. ئەم گوندە کەوتۆتە داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، من لەوێ لە 1327/12/15 (شوباتی 1948) لە دایکبووم و تا تەمەنی حەوت ساڵیشم هەر لەوێ ژیاوم، بەشێك لەو قۆناغەی ژیانی ئەوێم لە کتێبی (منالێم)دا رەنگی داوەتەوە. دواتر خێزانەکەمان لەوێ کۆچ دەکەن و دێنە کرماشان ئەویش لە بەر ئەوەی کە گوایە (خان)ی دێ دەیەوێ باوکم بکێشێتە ژێر بێگاری بەلام باوکم ملی بۆ نادات و ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە باوکم ماڵ و زەوی و زاری خۆی بەجێ دێڵێت و روو دەکاتە کرماشان. لە کێوەنان دا رۆیشتمە (مەکتەب) و هەندێکم خوێند، کە ماڵمان هاتە کرماشان لە گەڕەکی (پشت بەدەنە)دا نیشتەجێ بووین، ماڵەکەمان نزیکی (مردووشۆرخانە)ی شار بوو. باوکم چەند سەر مانگای هەبوون کە بە فرۆشتنی شیرەکەیان ئێمەی دەژیاند، منیش جاروبار لەگەڵی دەڕۆیشتم. تا رۆژێکیان لە ناکاو هەموو مانگایەکانمان مردارەوە بوون، نەمانزانی شتی ژاراوییان خواردبوو یاخود بە ئەنقەست دەرخواردیان درابوو! دوای ئەوە باوکم خۆی بە کاری جۆربەجۆری دیکەوە خەریك کرد. من رۆیشتمە قوتابخانەی (داریوش) و تا پۆلی سێی ناوەندیم لەوێ خوێند و دواتر رۆیشتمە دواناوەندیی (کەزازی) و هەر لەوێش (دیپلۆم)م وەرگرت، دوایی بوومە (سپایی دانش) لە ناوچەی (هەشترود)ی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژهەلات. دوای ئەویش ساڵی 1350 (1971) بوومە مامۆستا و گەڕامەوە ناوچەکەی خۆم واتە سونقر و کولیایی، 3 ساڵ لە گوندی (چوار ملان)دا مامۆستا بووم، چوار ملان ناوێکی کوردییە واتە چوار ملە/ چوار لووتکە. ساڵ و نیوێکیش مامۆستای گوندی (مەیدان) بووم بەلام لە ژێر گوشار و هەڕەشەی فیۆدالەکان و هەروەها دەستودایرەی (ساواك)دا ئەوێم بەجێهێشت و رۆیشتمە ناو خودی شاری سونقر، لەوێش هەر6_7 مانگێك مامەوە



Thank you for trying PDF Suite

چونکە گوشار و هەڕەشەی ساواك و فیۆدالەکان زۆرتر ببوو بۆیە بەناچار بەرەو کرماشان کۆچم کرد، لەوێش بۆ ماوەی چوار ساڵ مامۆستای قوتابخانەی (گویا) بووم تا لە شەهریوەری ساڵی 1358 (ئابی 1979) بە بێ هیچ تاوان و بەڵگە و دەلیلێك دەرکرام.

* ژیان لە گوندەکانی دەوروبەری کرماشاندا تا چەند کاری کردۆتە سەر کار و بەرهەمەکانی دواترت؟

یاقووتی: کێوەنان شوێنێکی زۆر زۆر جوانی داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە، گوندێك کە هێشتاش هیچ دەستی لێنەدراوە و وەك خۆی ماوەتەوە، دانیشتوانی هێشتاش ئەو داب و دەستوورەی کۆنی خۆیان پاراستووە. بە گشتی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی مێژینە و هەرەجوان و رازاوەیە، دیمەنە جوانەکانی و هەروەها داب و نەریتی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە ئێستاش کاریگەری بەسەر کارەکانمەوە ماوە. من زۆر جار سەردانی ئەوێ دەکەمەوە. ئەو ناوچەیە بە شیو و دۆڵە جوانەکانیەوە، کێوە بڵندەکانی، سەرچاوە زولاڵەکانی، باخ و مێرگەکانی، فەرهەنگی رەسەنی خەڵك و... ئێستاش کارەکانی من دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، هیچ شوێنێکی کوردستان نییە کە کاریگەری لەسەر من نەبێت بە تایبەت ناوچەی کولیایی و گوندەکەی خۆم و بە تایبەتیش سروشتە جوانەکەی گوندی چوارملان و شوێنە جوانەکەی واتە (کانی پەری) و هەرواش ئەو جەماوەرەی کە رۆشنبیریی چەند هەزار ساڵەی خۆی پاراستووە.

* ئایا باوك و داکیشت کورد بوون؟

یاقوتی: {بە پێکەنینەوە}: باوك و دایك و هەموو باپیرانمان کوردن. ئێمە لەماڵەوە هەر بە کوردی دەپەیڤین، دایکم هێشتاش فێری فارسی نەبووە. باوك و دایکم کوردی خودی گوندی (کێوەنان)ن.

* لە کەیەوە بوویتە هۆگری ئەدەبیات؟

یاقوتی: من هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە هۆگری ئەدەبیات بووم، لە گوندەکەماندا پیرەمێردێك هەبوو کە هەمیشە (شانامەی کوردی)ی بۆ دەخوێندینەوە، بە زمانی



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

کوردی و بە ئاوازێکی تایبەتی، هێشتاش ئەو ئاوازەی لە ناخمدا دەنگ دەداتەوە. کە هاتمە ناو شاریش لە قوتابخانەدا مامۆستایەکی بەڕێزمان هەبوو بەناوی (عەباس کامکار) کە لە پۆلدا لە جێی وانە خوێندنەوە هەر چیرۆکی بۆ دەخوێندینەوە، لە جێی زانست و حیساب و ... و ... هەر چیرۆك بوو ئەویش بە توانا و لێهاتوییەکەوە کە هاندەری هەموومان بوو، ئەو سەردەمەی منداڵییەم هەوڵم دەدا کتێب بخوێنمەوە، ئەو کتێبانەی کە هەبوون وەك: ئەمیر ئەرسەلان، حوسێنی کوردی شەبستەری، چل تووتی و... ئەو کاتە دەیانگوت هەر کەس ئەمیر ئەرسەلان بخوێنێتەوە شێت دەبێت... من سێ جارم لەسەر یەك خوێندەوە. ئەو کاتەی من چوومە پۆلی حەوت لە نزیك (جلەوخان)دا کتێبخانەیەك هەبوو کە تەنیا بە شەوان دەکرایەوە و کتێبیشی شەوێ بە (1 قەران) دەدایە کرێ. منیش شەوان بەو بەفر و سەرمایەی زستان دەڕۆیشتم و کتێبم لە لادێنا، ئەو ساڵە ئەوەندە کتێبم خوێندبوویەوە کە بە تەواوەتی لە وانەکانی خۆم بڕا بووم و دواییش لەو پۆلەدا کەوتم. هاوڕێیەکیشم هەبوو بە ناوی برایم کە لەگەڵم دەهات، ئە هەموو شەوێ کتێبێکی بە تەواوی دەخوێندەوە. ساڵی دواتر هیچ کتێبێك نەمابوو لەو کتێبخانەیەدا کە من نەمخوێندبێتەوە بۆیە رۆیشتمە لای خاوەنی کتێبخانەیەکی دیکە و لای ئەو کتێبم شەوێ بە (2 قەران) دێنان، تا هەموو کتێبەکانی لای ئەویشم تەواو کردن، ئێستاش ئەو کتێبخانەیە ماوە و پێموایە هەموو ئەو کتێبە کۆنانەشی پاراستوون. خوێندنەوە ببووە ئەشقی ناخم، پێموایە ئەو ئەشقەش بە هۆی ئەو ژیانە سەخت و تاڵەمەوە بوو، من هەموو هاوینان دوای خوێندن ئیشوکارم دەکرد، شیرینیم دەفرۆشت و (دەورە گەردی)م دەکرد، کە گەورەتریش بووم کاری قورسترم دەکرد وەك کرێکاری و بەردەستی نانەوایی کە بەڕاستی زۆر سەخت بوو، لە 4ی بەیانی تا 9ی شەو لە بەرانبەر گڕوتینی تەنووردا کارم دەکرد ئەویش بۆ پارەیەکی زۆر کەم و بێبایەخ، بۆ رۆژێ تاقە یەك تمەن. ئەو کاتە باو بوو کە نانەوایی نان بەرێتە بەردەرکی ماڵان، من تا 100 نانم دەخستە سەر سەرم و نیوەی کرماشان دەگەڕام بۆ گەیاندنی نانەکە.. تا (دیپلۆم)م وەرگرت هەر بەو شێوەیە کارم دەکرد،

بەڵام بەو کتێب خوێندنەوەیە تا رادەیەك رۆحی خۆم لە شەکەتیی ئەو ژیانـە سـەخت و تاڵە دەحەساندەوە.

* کەسێیەتی ئەو مامۆستایەتان (کامکار) لەگەڵ ئەو کامکارەی ناو کتێبەکەتان تا چەند لێك دەچن... ئایا ئەمە هەر هەمان ئەو مامۆستایە نییە؟...

یاقوتی: بەڵێ... ئەو کامکارەی ناو کتێبی (منالێم) هەمان مامۆستا حەسـەنی کامکارە، ئەمانە خێزانێکـی زۆر رۆشـنبیر بـوون: مـدیر عـەباس، ئـەمیری کامکـار، بەهمەنی کامکار، مەنوچـەری کامکـار کـە ئێسـتاش مـاوە... ئەمانـە خزمـەتێکی زۆریـان بـە فەرهـەنگی کرماشـان کـرد، ئیسـتاش قوتابخانەیـەك لای چـوارڕێیانی (جەوانشیر) هەیە بەناوی قوتابخانەی سەرەتایی کامکار، ئەمانە  کاریگەریی زۆریان بە سەر باری رۆشنبیری کرماشانەوە هەبووە. جگە لەو، مامۆستایەکیترمان هەبوو بەناوی (صدقی) کە مرۆڤێکی بەڕێز بوو، لە قۆناغی دواناوەندیشدا من بەختێکی باشم هەبوو چـونکە لەگـەڵ (ئەسـغەری واقـدی) شـاعیری گـەورەی کرماشـاندا ئاشـنا بـووم کـە مامۆستامان بوو، لەو کاتەشدا بوو کە کۆمەڵە شـیعری (پزیسـك)ی بڵاوکردبـووەوە و دواییش کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بـڵاو کـردەوە بـە ناونیشـانی (گـۆرانی ئاشـقەکانی قەدیم)، ئەمیش کاریگەری خۆی هەبوو. زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی من لەلایەن مامۆستایەکەوە بوو بەناوی (عەباس سەرمەدی). ئـەو بـەڕێزە یەکـەم کـەس بـوو کـە کۆمەڵـە شـیعری نـوێی ئێرانـی کـۆکردەوە و بـڵاوی کردنـەوە، خۆیشـی شـاعیر بـوو، مامۆستای (فەلسەفە و مـەنتق)ی ئێمـە بـوو، کاریگەرییـەکی یـەکجار زۆری لەسـەر هەندێ لە قوتابییانی ئەو کاتـەی کرماشـان دانـا بـە تایبـەتی لەسـەر بـاری ئـەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانی من.

* دوای خوێندنـەوەی ئـەو کتێبـە سـەرەتاییانەی وەك ئـەمیر ئەرسـەلان و ... یەکەمین چیرۆکی ئێرانی کە خوێندتەوە، چی بوو؟...

یاقوتی: ئەو سەردەمە زۆربەی ئەو کتێبانەی بڵاو دەکرانەوە بە شێوەی پەراوێزێکی دوور و درێژی مێژوویی بوون و زۆربەشیان کاری خودی نووسەرانی ئێران بـوون کـە بـە



Thank you for trying PDFsuite

Thank you for trying PDF Suite

ئەشقەوە دەمانخوێندنەوە، کتێبی (پۆلیسی)یشمان زۆر دەخوێندەوە. یەکەمین کەس کە بە جیدی و ڕێکوپێك لەگەڵیدا ئاشنا بووم و خوێندمەوە (صادق هدایەت) بوو بە چیرۆکەکانیەوە وەك: داش ئاکل، داودی پشت کۆم، سەگی بەرەڵا، حاجی ئاغا و ... پاشان ئەوەی کە زۆرترین کاری تێکردم مەکسیم گورکی بوو. من هەر لەڕێگای (عەباس سەرمەدی)یەوە گورکیم ناسی. ئەو کتێبی (دایك)ی پێناساندم کە ئەو کاتە قەدەغەش بوو. دوای خوێندنەوەی (دایك) من بەرەولای گورکی کێشرام، دەتوانم بڵێم هەموو بەرهەمەکانیم دەست خستن و خوێندمەوە. هەندێ لەم بیرەوەرییانەم لە ڕۆمانێکمدا ڕەنگی داوەتەوە بە ناونیشانی (لە گوزەرگەی _ با _ وە) کە ئێستا ڕاگیراوە! کاك (ڕەسووڵ)ێك هەبوو کە بە ڕواڵەت کتێبی پۆلیسیی دەفرۆشت بەڵام بە دزی بەرهەمەکانی گورکیی بڵاو دەکردنەوە، منیش پاش تەواوکردنی (دایك) چوومە لای، کە داوای بەرهەمەکانی گورکیم لێکرد سەری سووڕ ما، دوایش زۆربەی کتێبەکانی دامێ. پاش گورکی ڕووم کردە لای دیکەی نووسەرانی ڕووسیا: داستایۆفسکی، تۆلستۆی، چیخۆف، دواتریش بالزاك و... لە ڕێگەی (ئەسغەر باقری)یەوە لەگەڵ بالزاك ئاشنا بووم، پاش ئەدەبیاتی فەڕەنسا ئاوڕم لە ئەدەبی ئەمریکا دایەوە: شتاین بەك و هەمەنگوای و...

* یەکەمین چیرۆکی خۆت کەی نووسی و لە کوێ چاپت کرد؟

یاقوتی: لە تەمەنی چواردەساڵیمەوە دەستم کردە نووسینی چیرۆك، لە ژێر کارتێکردنی ئەو هەموو کتێبە پۆلیسییەی خوێندبوومنەوە سەرەتا چیرۆکی پۆلیسیم دەنووسی کە دوایش هەموویانم دڕاندن. سەرەتای نووسینی جیدیم دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دواناوەندیی خوێندنم. ئەو سەردەمە لە قوتابخانەی دواناوەندیی (کەزازی) هەندێ هاوڕێی ڕۆشنبیرم هەبوون وەك عەبدولعەلی مستەشاری و گورگین پاوە و...کە ببووینە گرووپێکی ئەدەبی و پێکەوە چیرۆکمان دەخوێندەوە و هەر پێکەوەش هەڵمان دەسەنگاند، پێکەوە دەچووینە تاقەوسان و کۆڕی بچکۆلەی خوێندنەوە و ڕەخنەمان بۆ خۆمان ساز دەکرد. یەکەمین بەرهەمیشم چیرۆکێك بوو بە ناونیشانی (ماشەڵڵا خان) کە لە گۆڤاری (تهران مصور) بە سەرپەرشتی حەسەنی شەهرزاد بڵاو کرایەوە.

شەهرزاد لاپەڕەیەکی ئەدەبیی لە گۆڤارەکەدا کردبۆوە بە ناوی (ڕۆچنە). ئێمەش هەر لەوێوە دەستمان پێکرد: چیرۆك و شیعر و بابەتگەلی ئەدەبی. یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکیشم لە پرۆسەیەکی عەجاییبدا لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی (شەبگیر)ەوە ساڵی 1350{1971} و هاوکات لەگەڵ کتێبی (لەم وڵاتەدا)ی عەلی ئەشرەفی دەروێشیان بڵاو کرایەوە. (زەخم) کۆمەڵە چیرۆکێك بوو کە لە بواری شێوازدا یەکدەست نەبوو، چیرۆکی سوریالیستی و سەمبولیك و ریالیستی و...ی تێدا کۆ ببوونەوە، پێشوازییەکی باشی لێکرا، سێ جار لەسەر یەك لە چاپ درایەوە. ئەو کاتە نەریتێکی باش هەبوو، خوێنەر لەگەڵ نووسەردا پێوەندیی دەگرت، قسەی لەگەڵدەکرد، ڕاستەوخۆ خوێندنەوەی لە سەر بەرهەمەکانی هەبوو، لە سەرتاسەری ئێرانەوە لە پێوەندی لەگەڵ کتێبی (زەخم)دا نامەیەکی یەکجار زۆرم پێگەیشت بە راوبۆچوونی جیاجیاوە کە کاری زۆری کردە سەر بەرهەمەکانی دواترم. ئەڵبەت کاك (باقر مۆمنی) کە هەر خەڵکی کرماشان و دۆستی خۆمە و یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکانی ئێران دەسنووسەکەی (زەخم)ی خوێندەوە و بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێك قسەی لەسەر کرد و ڕێنوێنیی کردم و هەر ئەوەش وای لێکردم کە لە چاپی دووەمدا هەندێ گۆڕانکاریی تێدا بکەم.

* زۆربەی چیرۆکنووسەکانی ئێران سەرەتا بە شیعر دەستیان پێکرد و دواتر هاتنە ناو جیهانی چیرۆکەوە.. ئەی جەنابت.. ئایا سەرەتا بە چیرۆك دەستت پێکرد و دوایی بە شیعر؟

یاقوتی: ئێرانییەکان زۆرتر شاعیرن، زۆربەیان هەست و چێژی شیعرییان هەیە، منیش هەر لەو سەرەتایەوە شیعرم دەگوت، بەڵام من بە وێنە دەستم پێکرد و گەیشتمە ناو دونیای چیرۆك. من تا قۆناغی دواناوەندیش هەر وێنەم دەکێشا بەڵام دواتر دەستم لەو و لە شیعریش هەڵگرت و چیرۆکنووسین بوو بە پیشەی تایبەت و هەمیشەییم لە ژیانی ئەدەبیدا.



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

* کەشوهەوای زۆربەی چیرۆك و ڕۆمانەکانت ڕەنگ و بۆی کوردستانی پێوەیە، ئایا ئەمە بە هۆی کورد بوونی خۆتانەوەیە یا کاریگەریی زۆری گوند و گوندنشینە کوردەکانە لە سەرتان؟

یاقوتی: من هەموو ژیانی خۆم لە کوردستاندا تێپەڕ کردووە، هەر لە کاتی لەدایکبوونم لە گوندی کێوەنان تا ئەمڕۆ کە تەمەنم گەیشتۆتە 52 ساڵ هەر لە کوردستاندا ژیاوم بەتایبەتی کرماشان و سونقر و کولیایی، دەتوانم بڵێم کەمتر شوێنێکی کوردستان هەیە کە سەردانم نەکردبێت و نەمدیبێت: کامیاران، سەقز، سنە، بۆکان، مەهاباد، دیواندەرە و... ئێرە{کوردستان} لە ڕاستیدا زێد و وڵاتی ڕەسەنی ئێمەیە، سروشتی سەرنجڕاکێش و دەستنەخواردووی کوردستان، ئەو ڕۆشنبیری و داب و نەریتە چەندین هەزار ساڵە هەرە دێرینەیە، شوێنی جوانی جوگرافیایی، شیو و دۆڵ و کێوە بەرزەکانی، ئەمانە هەموویان بوونەتە هۆی کاریگەرییەکی زۆر لە سەر بەرهەمەکانی من. شتێك کە پێویستە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی گەلی کوردستان بە بێ هیچ لایەنگری و زیادەڕۆییەك یەکێکە لە کۆنترین ڕۆشنبیرییە مێژینەکانی مرۆڤ کە بە داخەوە هێشتا کاری لەسەر نەکراوە، تەنانەت خودی کوردیش ئاوڕی لێنەداوەتەوە، دەبینی زۆربەی ئەفسانەکوردییەکان کە لە ڕاستیدا دەبنە ناسنامەی مێژوویی گەلی کورد و تەنانەت گەلانی ئێرانیش هێشتا دەستیان بۆ نەبراوە و نەنووسراونەتەوە، لەناو خودی کوردستاندا لە مەهابادەوە بیگرە تا ئیلام و لوڕستانیش کە دەڤەرێکی بە سوودی بەرهەمهێنە لە هەر بوارێکەوە، هیچ کارێك نەکراوە چ ئەدەبی چ هونەری چ ڕۆشنبیری چ...!

* دەکرێ ناوی سەرجەم بەرهەمەکانتان بڵێن.. چاپکراو و چاپ نەکراو؟

یاقوتی: ئەو بەرهەمانەی کە بڵاوم کردوونەتەوە (تا ئەو جێگەی کە لە بیرم بن) بریتین لە: (زەخم) کۆمەڵە چیرۆکە و سێ جار چاپ کراوە، (گوڵخاس) کە حەوت جار چاپکراوە، (منالیم) کە یازدە جار چاپ کراوەتەوە، (لەگەڵ منالانی گوندەکەی خۆماندا) کە چەندین جار چاپ کراوەتەوە، (چیرۆکەکانی ئاهوو دەرە) کە جارێك

لەلایەن (شەباهەنگ) و دواییش لەلایـەن (شـەبگیر) و بەسەرپەرشـتی شـەهید وەلی محەممەدی (شەهیدی ڕێگای فەرهەنگ و ئازادی) بڵاو کرایەوە، (پیاوانی سبەینێ) کە کۆمەڵە چیرۆکێکە لەلایەن ئەنجوومەنی کتێبی منداڵانەوە خـەڵاتی باشـترین کتێبـی سـاڵی پـێ بەخشـراوە و (سـاڵی کۆرپـە). ئەمـە کۆمەڵـە چـیرۆکەکانم، ڕۆمـانیش: (پاجوش) و (چرایەك لە سەر مادیان کۆوە) کە چوار جار لە چاپ دراوەتـەوە و (لـە ژێر هەتاودا). دوایین ڕۆمانیشم کە بڵاو کرابێتەوە (وەرزێرەکان)ە کـە دووجـار چـاپ کرا و دووەمین چاپی پێموایە ساڵی 1360 {1981} بوو و ئیدی تا ئێسـتا چـاپ نەکراوەتەوە. لە پاڵ ئەمانەدا هەندێ کاری ئەملاولایشم بـڵاو کراونەتـەوە: کـارێکی داهێنەرانەم کرد و سەرجەم ئینشا و داڕشتنی جوانی هەموو قوتابییەکانی خۆم کـۆ کردەوە و لە چوار بەرگدا بە ناونیشانی (حیکایەتەکانی کازم ئـاوا) بـڵاوم کردنـەوە، پاشان (پشتی دیواری بەفر) و (جۆرە ژیانێك) و (مناڵەکانی کرماشـان) کـە بـەرگی دووەمی ڕاگیراوە. هەروەها هەندێ ئەفسانەی کوردیم وەك هەڵبژاردە کۆ کردنـەوە و بـە ناونیشـانی (ئەفسـانەی گوندنشـینانی کـورد) چـەندین جـار بـڵاو کرانـەوە بـە پێشوازییەکی زۆرەوە، ئەم پڕۆژەیە هێشتاش درێژەی هەیە، کتێبێکی دیکەم ئامادە کردووە بە ناونیشانی (ئەفسانەکانی ئێران زەمین) کە ئەویش لـە راسـتیدا هـەر ئـەو ئەفسانە کوردییانەن کە چوونەتە ناو زمانی فارسییەوە. بـۆ ئـەو بەرهەمانەشـم کـە بڕیارە چاپ بکرێن دەبێ بڵێم کە تا ئێستا چەندین بەرهـەمم ڕاگـیراون، جـارێ هـەر هەموو ئەو نووسـراوانەی پێشـووم ڕاگـیراون ئـەویش لـە سـەردەمی وەزارەتـی (مـیر سـەلیم)دا و تـەنیا بـە بیـانووی هـەبوونی وشـەیەکی وەك (مـەمك)!، منـیش ناڕەزامەندیی خۆم ڕاگەیاندووە کە لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاو کرایەوە. ڕۆمانێکیش بە ناونیشانی (لە گوزەرگەی _ با _ وە) کە دەبێتە بیۆگرافییەکی ژیانی خۆم و ئەویش هەر لە زەمانی میرسەلیمدا ڕاگیراوە، ڕۆمانێکی دیکە بەناوی (تراژیدیای یەزدگرد) کە ڕۆمانێکی مێژوویی و خەیاڵاوییە، ئەویش هەر ڕاگیراوە. جگە لەمانەش ئێسـتا چەند کارێکی دیکەم ئامادەی چاپ کردوون وەك (تەنیاتر لە مانگ) کە بریتییە لـە



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

18 کورتە چیرۆك، نۆڤلێتێك بە ناونیشانی (ئەفسانەی سیرەنگ) کە هەر لە بازنەی جوگرافیای کوردستاندا دەخولێتەوە، کۆمەڵە چیرۆکێك بە ناوی (تووشای، باڵداری غەریبی زاگرۆس) کە ساڵی 1374{1995} بڵاو کرایەوەو لە لایەن دەزگای (گەردوون)ەوە هەڵبژێردرا بۆ باشترین کتێبی ساڵ، ڕەخنەیەك بەناوی (هەنگاوێك بەرەو پێش) لەسەر ئەو کتێبە بیۆگرافیەی (لاری کرماشانی) کە ئەویش بڵاو کراوەتەوە، هەندێ کاری دیکەشم بەسەر دەستمەوە ماونەتەوە وەك: چیرۆکی (ئاە و ئاوێنە) و چەندین چیرۆك و ڕۆمانی دیکەش کە خەریکە لەماڵەوە تۆز دەخۆن! پێشتر زۆربەی چیرۆك و ڕۆمان و نووسراوی دیکەم بە هۆی چەند هێرشێکەوە لە نێو چوون: جارێك بە هۆی (ساواك)ەوە، ئەوکاتەی لە دواناوەندیی کەزازیدا دەمخوێند، جارێکیش ساڵەکانی 57/56{78/77} لە سەردەمی (ئەنساری)دا کە کتێبخانەیەکی گەورە و سەرجەم نووسراوەکانم تالآن کران و خۆیشم گیرام و تا هاتنە سەرکاری دوکتۆر (شاپووری بەختیار) و ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی لە زیندان مامەوە، جارێکی دیکەش مانگی (تیر)ی ساڵی 1360{حوزەیرانی 1981} هاوکات لە گەڵ تەقینەوەکەی حیزبی جمهوری و ئەو سەرکوتکردنەی کە سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە بە بێ هیچ دەلیل و بەڵگەیەك زۆربەی ڕۆشنبیران گیران و منیش لەگەڵ ئەواندا. لەو هێرشەشدا زۆربەی کتێب و بەرهەم و دەسنووسەکانم تالآن کران بۆ وێنە کۆمەڵە چیرۆکی (بەرەو سبەی) و (خوات لەگەڵ مامۆستا) و ڕۆمانێك لەمەڕ دەرکردن و پاکسازیی مامۆستایان و...!

* واتە سەرەتا کورتە چیرۆکت نووسیوە و دواتر رووت لە نووسینی رۆمان کردووە؟

یاقوتی: بەڵێ.. من بە کورتە چیرۆك دەستم پێکرد و دواتر دەستم بۆ نۆڤلێت و ڕۆمان برد.

* بۆ ناوی شیعرەکانت نەبرد.. چەند کۆمەڵە شیعرت وەرگێڕاون و لە سەرەتاشەوە شیعری کلاسیکت گوتووە؟

یاقوتی: کۆمەڵە شیعرێکم هەیە بەناونیشانی (پاییز و گوڵ چەشمە)، گوڵ چەشمە ناوی کچەکەمە، ئەو بەرهەمەم ئێستا لە وەزارەتی ئیرشاددایە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپ و

بلاوکردنەوە، کۆ شیعرێکیشم پێشتر دایە وەزارەت بە ناونیشانی (بەفر و کاش) بەڵام ئیجازەی چاپیان نەدا. شیعر کاری سەرەکیی من نییە و وەك کاری لابەلا دەستی بۆ دەبەم، شانۆنامەشم نووسیوە بەڵام ئەویش نەبۆتە کاری سەرەکیم. هەندێ شت هەیە ناکرێ وەك چیرۆك بنووسرێت بۆیە بە ناچار پەنا دەبرێتە بەر شیعر یا شانۆ. شیعرەکانم لە زۆر بلاڤۆکدا چاپ کراون وەك (ئێران فەردا)، (کێلك)، (ئادینە)، (بەرگ سەبز)، (روزگار وصل) و...

* بۆچی درێژەت نەدا بە نووسین بۆ منداڵان.. تۆ و عەلی ئەشرەفی دەروێشیان دوو لەو نووسەرانە بوون کە لە بواری نووسین بۆ منداڵان سەرکەوتوو بوون، هۆی کشانەوەتان چی بوو.. ئایا ئیدی ناتوانن بنووسن یاخود هۆکاری دیکەی هەیە؟

یاقوتی: نووسەر لە رەوتی ژیانیدا تووشی زۆر ئاڵوگۆڕ دەبێت، شوێنی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی ژیان کار دەکەنە سەر چۆنیەتی بیرورای.. بەڵێ من بۆ منداڵانم دەنووسی بەڵام.. بەم دواییانەش لەسەر داواکاریی کچەکەم کۆمەڵە چیرۆکێکم نووسی بەناونیشانی (ورچ و هەڵۆ). ئێستا وا هەست دەکەم رووبەرووی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی بوومەتەوە کە لە قاوغی ئەدەبی منداڵاندا ناگونجێ، هەندێ بابەت بیر و زەینی داگرتووم کە هەتاکو بە تەواوەتی لە مێشکمدا نەسڕێنەوە ناتوانم ئاوڕ لە لایەنی منداڵان بدەمەوە دەنا هیچ لێی بێزار یا ماندوو نیم و حەزیشی لێدەکەم، راستییەکەی ئەوەیە کە هیچ دەرفەتێکم بۆ نەماوەتەوە.

* یەکەم کەس لە ئێراندا کە کاری ئەدەبی منداڵانی بە جیدی وەرگرت و خۆی بۆ تەرخان کرد گیان شاد سەمەدی بێهرەنگی بوو کە زۆریش سەرکەوت، دوابەدوای ئەو نووسەرانی دیکە هاتن کە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر ناوی (هوشەنگی مرادی کرمانی) کە پێشوازییەکی زۆر لە بەرهەمەکانی دەکرێت و چیرۆکەکانی دەکرێنە فیلم و یونسکۆ خەڵاتی دەداتێ و... بەڵام هیچکام لەو نووسەرانە وەك سەمەد سەرنەکەوتن و نەیانتوانی درێژەی پێبدەن بۆ هەموو تەمەنیان، هۆی ئەم سەرنەکەوتن و دابڕانە چییە؟

یاقوتی: من بەم دواییانە بابەتێکم نووسی کە لە ژمارە 22ی (نامەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی منداڵ و مێرمنداڵ)دا بلاو کرایەوە بەناونیشانی (سەمەد و



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

منداڵیی بزووتنەوە) و تیایدا بیروڕای خۆم سەبارەت بە سەمەد و کارەکانی دەربڕیوە ئەڵبەت ئەو بابەتەم پێشتر لەساڵی 1356{1977}دا وەك کتێب ئامادە کرد و دامە ناوەندێکی بڵاوکردنەوە بەڵام ناوەندەکەیان ئاگر تێبەردا و سووتاندیان ئەویش لەو هێرشانەدا کە کردیانە سەر کتێبخانە و ناوەندە رۆشنبیرییەکان! من وادەزانم کە سەرکەوتووترین کاری سەمەد کە دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ یەکێك (گەڕان و پشکنینێك لەمەڕ کێشەکانی پەروەردەی ئێران) و یەکێك کۆکردنەوەی (ئەفسانەکانی ئازەربایجان) و ئەوی دیکەش (حەماسەی کورئوغلۆ) بوو، لە بواری چیرۆکیشدا دەبێ بڵێم سەمەد وەك زۆربەی نووسەرانی ئێران لە هەلومەرج و بارودۆخێکی تایبەتدا سەریهەڵدا. ئێستاشی لەگەڵدابێت لە ئێراندا خودی بەرهەمەکە گرنگ نییە، ئێمە هێشتا لەم وڵاتەدا رەخنەمان نییە، کاتێ لە پانتایی جیهانیدا کەسێکی وەکو (لۆکاچ) کار دەکات یا وەکو (بلینسکی) یا (دۆناچارسکی) و... دەبینی لە ئێراندا شتێك بە ناوی رەخنە و هەڵسەنگاندن بوونی نییە، گەرچی چەند کەسێکمان هەبوون کە کاریان لەسەر رەخنە کرد وەك (ئیحسان تەبەری) و (باقر مۆمنی) و (عەبدولعەلی دەسغەیب) و...، دەنا ئەوانی دیکە کاری جیدی ناکەن. نەبوونی هەمان رەخنەشە کە هەندێ بابەت و کێشەی کۆمەڵایەتی لە بوارەکەدا کاریگەر دەبن، لەوانەیە چۆنیەتی مردنی کەسێك ببێتە هۆی ناساندنی زۆرتر و خۆشەویستکردنی لای جەماوەر یا لایەنگری و پەیوەست بوونی نووسەرێك بە بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە یا...! ئێمە ئەگەر ئەو پێوەرانە لە بەرچاو نەگرین و سەرنجی خودی بەرهەمەکە بدەین و بە پێوەری زانستی و ئەدەبی بیخوێنینەوە ئەوکاتە من پێموایە کە ئەوکارانەی سەمەد بۆ منداڵانی کردوون زۆر لاوازن و گرفتی زۆریان تێدایە کە بەداخەوە هێشتا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. من لەسەر ئەو رایەم کە کەسانێکی دیکە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا درەوشانەوە، بۆ وێنە وەکو: خاتو (قودسیی قازی نوور) بە بەرهەمە سەرکەوتووەکانیەوە وەك: (پێکەوە) و (کێ عەینەکی کردە چاوی کۆریژگەکە) و (ماسییە سوورە بچکۆلە) و...، خودی کاك (عەلی دەروێشیان) لەوبوارەدا چەند بەرهەمێکی هەرە باشی هەن وەکو: (ئەقڵی رەشی

Thank you for trying PDFSuite

هـەزار چـاو) و (کاکـە گیـان کـەی دەگەڕێیـەوە)، پاشـان (ئەسـغەری عەبـدوڵلایی) و هەندێکی دیکـەش. یـا هـەمان (کـانوونی پـەروەردەی فیکریـی منـداڵ و مێرمنـداڵ) ئەڵبەت هی ئەو سەردەمەی پێشساڵی 57{78} کە هەندێ بەرهەمی زۆرباشی لـە بواری ئەدەبی منداڵان و لە چەندین نووسـەری ئـەو بـوارە بـڵاو کـردەوە. بـە رای مـن ناوبـانگی سـەمەد زۆرتـر لـە ژێـر کاریگـەریی مردنەکەیـدا بـوو، سـەرەڕای ئـەو لایەنگرییەشی لە بزووتنەوەیەکی تایبەتی سیاسی!

* مـن لەگـەڵ ئـەوەدا نـیم چـونکە سـەمەد هـەم ژیـانی ئەفسـانەیی بـوو هـەم مردنەکەشـی، هیچـکاتێك ژیـان و مـەرگی سـەمەد نەبۆتـە هـۆی ناوبـانگی چـونکە بەرهەمەکانی تا ئەمڕۆش هەر زۆرترین خوێنەریان هەیە، خودی کاك عەلی ئەشـرەفی دەروێشیان درێژەدەری ڕێبازەکەی سەمەد بوو کە بە هەر شەش بەرهەمەکەیەوە ناگاتە (ماسییە رەشە بچکۆلە)، من لەگەڵتم کە کارەکانی سەمەد لاوازییان تێدا هـەبووە و پێویستە رۆژێك بخرێنە بەر رەخنە، حەزیشم دەکرد ئەو رەخنەیەی ئێوە مابا.. گرفتـی من ئەوەیە کە دەبینم هەندێ نووسەر لـە تارانـدا تەنانـەت سووکایەتیشـی پێدەکـەن و شتی نادروستی بۆ دادەتاشن، هەندێ شتیان بۆی داتاشـی و کردیانـە ئەفسـانە کەچـی دەرکەوت وا نییە و ئێمە دوای ئەو، نووسەری سەرکەوتووی بواری ئـەدەبی منـداڵانمان نییە، هەمان خاتوو (قازی نوور)یش کە ئاماژەت پێکرد یا ناودارترینیـان کـە ئـەمڕۆ هـەمان (هوشـەنگ مـەرادی کرمانی)یـە و خـەڵاتی جیهانییشـی وەرگرتـووە، کاتـێ بەرهەمـەکانی دەخوێنینـەوە دەبیـنین زۆر کلێشـەیین و دەڵێـی بـۆ منـداڵانی (پـاپ)ی نووسیون، دەبێ سەرلەنوێ لەم بارەیەوە پێدا بچینەوە...؟

یاقوتی: نا.. من ناتوانم پێدا بچمەوە، با ئاماژەیەك بـە کـاری سـەمەد بکـەم: بـۆ وێنـە لـە کتێبـی (24 کاتـژمێر لـە خـەو و بێداریـدا) لـە دوایـین رسـتەدا ئـەو کـوڕە دەوڵەمەندە دێت و وشترەکە دەبات، باوکی دەوڵەمەند و سامانداره و ئەویش دێت ئەو وشترە دەکڕێت و دەیبات، دەبینین کە کتێبەکە بەم رسـتەیە کۆتـایی دێـت ئـەویش لـە زمانی کوڕە هەژارەکەوە: ((خۆزگە ئەو رەشاشەی پشتی جامخانەکە هـی مـن بوایـە))!

ئەمە واتای چییە؟.. بریا من خاوەنی ئەو رەشاشە بوومایە تا هەموو ئەم منداڵانە بکوژم؟! ئەڵبەت ئەمەیان قسەی خودی سەمەدە، باشە.. من دەپرسم ئەم کوڕە دەوڵەمەندانە چ تاوانێکیان کردووە کە بە رەشاشێك بدرێنە بەر دەسرێژ و شڕشڕ بکرێن؟ ئایا ئەم ئەندێشەیە دروستە؟! ئەندێشە و فیکری جوان و دروست ئەوە بوو کە لە زاری ئەو کوڕە (لەتیف)ەوە بگوترابا: ((بریا ئەو وشترەی پشت جامخانەکەش هی من بوایە)) ئەمەیان شتێکی راست و ریالیستی دەبوو بەڵام ئاوات خواستن بۆ رەشاشێك ئەویش بۆ کوشتنی منداڵانی دیکە فیکرێکی ئیرتیجاعییە! یا (ماسییە رەشە بچکۆلە) کە ئەگەر وردتر سەرنجی بدەین دەبینین تەنیا رۆحی کرداری فەردی و تاکڕەوی لە ناخی منداڵەکاندا دەورووژێنێ، رۆحی کۆمەڵایەتی و هەرەوەزی و هەستی پێکەوە ژیان دەکوژێت، تەنیا بیری لە (تاك) کردۆتەوە، ئەمە لە بواری ناوەرۆکەوە، ئیدی باسی لایەنی فۆرم ناکەین کە پڕە لە کەم و کوڕی، ماسییەك کە ناتوانێ هیچ شتێك هەڵبگرێ دەبینی خەنجەرێکی پێیە! باشە چۆنی دەگرێ.. بە باڵەکانی.. بە دەمی کە هەر دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە و گەر چرکەیەك بە داخراوی بمێنێ ماسییەکە دەمرێت..؟ کەم و کوڕییە تەکنیکییەکان لە جێی خۆی، کاری سەمەد لە بواری فیکریشەوە کەم و کوڕی زۆری تێدایە. بۆ وێنە لە کتێبی (ئوڵدوز و قاڵاوەکان)دا بە ئاشکرا پشتگری لە دزی دەکات و بانگەشەیشی بۆ دەکات! با ئەم باسە تەواو بکەین چونکە من بە دوورودرێژی لە بابەتە رەخنەییەکەمدا لەسەرم نووسیوە. حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە ئێمە لە ئێراندا بە هۆی نەبوونی رەخنەی ئەدەبی/ زانستی و بنەڕەتی لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانماندا تووشی کێشەی خۆویستی و پەرستشی کەسێتی بووین، بووینەتە شەخس پەرست، کەسێك قیت دەکەینەوە و سیمبول و رەمزێکی لێ دروست دەکەین و ئامادەش نین کە ئەم رەمزە دەستکردەمان بە هیچ جۆرێك بخرێتە ژێر گومان یا پرسیارەوە! ئەمەش بۆتە تایبەتمەندی فەرهەنگیی ئەم وڵاتە و دزەشی کردۆتە ناو رۆشنبیرەکانمان، هیچکەس لەم وڵاتەدا ناتوانێ رەخنە قەبووڵ بکات و ئامادەش نییە کەس بخاتە ژێر تیشکی رەخنەوە هیچ نەبێ بۆ خاتری



Thank you for trying PDF Suite

منداڵەکانمان لە دوارۆژدا،.هەر ئەوەندەیە کە سیمبولێك دادەتاشین و لە دەوری کۆ دەبینەوە و سنگ دەکوتین! ئەندێشەمان ناخەینە کار، ئامادە نیین بیر بکەینەوە و تێفکرین و ئەو کەسانە بخەینە بەر رەخنە کە خۆشمان ویستوون! ئەم نەبوونی رەخنەیە لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا بۆتە هۆی راوەستان و قەتیس مان و فەوتان و فەلاکەت لەم وڵاتەدا.

* ئەمەیان بە رای من دەگەڕێتەوە بۆ ئارياییەکان، دەڵێن ئەوانن کە هەمیشە ئەفسانە دروستدەکەن و مرۆڤەکان دەکەنە رەمزی ئەفسانە و... ئەمەش زۆرتر بۆ مرۆڤە سیاسیکار و فێڵبازەکانە، بریا بۆ سەرجەم رۆشنبیرانیشمان وامان دەکرد بەمجۆرە زۆر تووشی کێشە نەدەبووین. نەك بە تەنیا کەسایەتییە سیاسییەکانمان زل بکەینەوە و... من رەخنە و تەکنیکی کاری (لۆکاچ)م قەبووڵە وەك خوێنەرێکی بەرهەمەکانی نەك بۆ پشتگیری لێکردنی. دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین کە لایەنی بەهێزی 80٪ و لایەنە لاوازەکەی تەنیا 20٪ دەگرێتەوە؟

یاقوتی: کاری من هەمییشە ئەمە بووە: شکاندن و هاڕینی پەیکەرەکان و سڕینەوەی سیمبولەکان. بەڕای من هیچ رەمز و سیمبولێك نییە جوانتر و پیرۆزتر بێت لە ئارمانە مرۆڤایەتییەکان، ئەو ئامانجە هەمیشە زیندوانەی مرۆڤایەتییە کە وەکو تاقانە سیمبول دەبێ هەمیشە ستایش بکرێن ئەویش لە پێناو پێشکەوت و ئاشتی و دادپەروەری و جوانیدا. ئێمە نابێ پشت بە تاك ببەستین، مێژوو ئەوەی پیشانداوین کە هەمیشە هێزی کۆمەڵ توانیویەتی کاریگەر بێت، مرۆڤەکان بە هۆی بزووتنەوەی هەرەوەزییەوە سەرکەوتوون و قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیان بڕیوە و گەیشتوونەتە قۆناغی هەرە پێشکەوتووی ئەمڕۆ. ئێمە تەنیا کاتێ دەتوانین پشت بە تاك ببەستین کە لە خزمەتی جووڵانەوەی گشتیی مرۆڤەکاندا بێت دەنا سەلیقە و بیرکردنەوە و خواستی تاکەکەسیی ئێمە ناتوانێ ببێتە بنەما و بناغە.

* ئەڵبەت ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو رۆشنبیرێکە کە هەوڵ بدات بۆ رووخاندن و هاڕینی ڕەمز و پەیکەرە زیهنییەکان بەڵام من لاموایە ئێوە لەگەڵ فیکری شەخس و



Thank you for trying PDF Suite

لەگەڵ کەسێتیدا دژایەتی دەکەن نەك لەگەڵ کار و بەرهەمەکاندا گەرچی ئەمەش مافی خۆتە و... با بێینە سەر باسی کارەکانی خۆت.. دوایین کۆمەڵە چیرۆکت: (توشای، باڵداری غەریبی زاگرۆس) کە وابزانم حەوت ساڵ لەمەوپێش بڵاو کرایەوە، چەند لە چیرۆکەکانیت تایبەت داون بە پاراستنی ژینگە، روانگەت لەمەڕ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هەروا‌ش ژینگە چۆنە؟

یاقوتی: ئاخر.. پاشماوەی باسەکەمان دەمێنێتەوە، من ئامادەم تا چەند مانگیش هەر لەسەری بدوێم، من ئەندێشە بە گرنگ دەزانم نەك تاکەکەس، فیکر گرینگە نەك خاوەنەکەی... لەمەڕ کۆمەڵە چیرۆکی (توشای، باڵداری غەریبی زاگرۆس)یش با سەرەتا لە سەر واتای ناوەکەی بڕۆم: توشای وشەیەکی دێرینی سەردەمی ساسانییەکانە و بە پەنجەرەیەکی دوولایەنە گوتراوە کە لەناو دیوارە ئەستوورەکاندا لە پاڵ یەك و لە بەرانبەر یەکدا چێ دەکران، ئەوەی دەرەوە بە دار دەکرا و ئەوەی ناوەوەش هەر بە شووشە، نێوانیشیان بەتاڵ بووە و لەوانەیە وەك سەرداو یا... کەڵکیان لێوەرگرتبێت، دەکرێ نموونەی ئەو جۆرە پەنجەرە (تووشای)ە لە قەڵای (شاپوور یا قەڵای فەلەکول ئەفلاك)ی خورەم ئاوادا ببینین. هەندێك لە چیرۆکەکانی تووشای پێوەندییان بە ژینگەوە هەیە. بەرای من ژینگە یەکێکە لە بنەڕەتیترین کێشەکانی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ یا باشتر بڵێم دوو کێشەی هەرەگرنگ و بنەڕەتی هەنە: یەکەمیان ژینگە و دووەمیان پیشەیە، ئەم دوو بابەتە دەبێ بکرێنە بنەمای کاری نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکان. ئێمە ئێستا دەبینین زۆربەی دارستانەکانی جیهان کە دەبنە (سی)ی لەشی زەوی لە ناوچوون و ئەوانەش کە ماونەتەوە خەریکە لە نێو دەچن، بەداخەوە لە هەموو جیهاندا سیاسەتمەدار و حاکم و دەسەڵاتداران هیچ لە بیری نۆژەن کردنەوەی ئەو وێرانییەدا نیین جگە چەند دروشم و راگەیاندنێکی ساکار و چەواشاکارانە هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی نەنراوە بۆ چاك کردنەوەی دارستانەکان، هەموو رووبارەکانی جیهان پیسبوون و هەروەها هەموو دەریاکانیش بە هەموو گیاندار و بونەوەرەکانیانەوە! مەترسی زۆری پەرەسەندنی ئۆتۆمبێلەکان و پیسبوونی هەوا و کاریگەری لەسەر زەوی بەتەواوەتی خەریکە ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە. کێشەی ژینگە بنەڕەتیترین کێشەی مرۆییە کە هیچ ئاورێکی لێنەدراوەتەوە، من توانیومە لەو کۆمەڵە



Thank you for trying PDF Suite

چیرۆکەدا چەند چیرۆکێکی بۆ تەرخان بکەم. ئەم شتە هەمیشە بیری منی ئـاڵۆز کـردووە ... دەبینی ژیان لە شـارێکی وەکـو تارانـدا گەیشـتۆتە رادەی مەحـــاڵ، شـارە گـەورەکانی وەك (ئەسـفەهان و تـەورێز و شـیراز)یش هـەر بـەو دەردە چـوون ئەمــەش گرفتێکـی کۆمەلاّیـەتی مرۆڤەکانە، کاتێ دەسەلاّتدارانی ئێمە هیچ ئاوڕێکی لێنادەنەوە لەسـەر ئێمـە پێویسـتە وەکـو هونەرمەند باسیان لێوە بکەین و بیانورووژێنین.

* بۆ یەکەمجار کەی و لە کوێ و لەسەر چی گیرای؟

یـاقوتی: سـالّی 1346 {1967} مـن قوتـابیی دواناوەنـدی بـووم کـە هـەر لـە قوتابخانەدا گیرام، ئێمە هەندێ قوتابی بـووین کـە کـۆڕێکی بچـکۆلەی ئـەدەبیمان بـۆ خۆمان دامەزراندبوو کە تیایـدا لـە دەوری یـەك کـۆ دەبووینـەوە و شـیعر و چیرۆك و شانۆنامەمان بۆ یەکدی دەخوێندەوە و هەڵمان دەسەنگاند، ئـەم کـۆڕە بچـکۆلە چـەند کەسییە دواتر پەرەی سەند و گەورەتر بوو تا ئەو جێیەی مەئموورەکانی ساواك دزەیان کردە ناوی و... وەرزی زستان بوو کە ساواك کوتایە سەر ئەنجوومەنە ئەدەبییەکـەمان و هەندێ لە بەشداربوانی گرت، هەر لەگەڵ گرتنی ئێمەدا دەستی درێژتر کرد و زۆربەی رۆشنبیرانی کرماشانی گرتن و خۆشییەکەی لەوەدایـە کـە دۆسـیەی هـەر هـەموومانی کردە یەك و دایە دادگای سەربازی ئەمەش لەحالێکدا بوو کە ئێمە زۆربەمان یەکدیمان نەدەناسی. ئێمەیان لە زیندانی ساواکدا 15 رۆژ هێشتەوە و پاشان نێردراینە زینـدانی پۆلیسی کرماشان، دوایی لە دادگای سەربازیدا مەحکەمە کراین. جاری دووەمیش لە سەرەتاکانی حکوومەتی نیزامیی (ئەنساری)دا بوو کە هێرشێکی تونـدی هەمەلایەنـە کرایە سەر هەموو شۆڕشگێڕ و رۆشنبیرەکانی کرماشان و نزیکـەی سـەد کـەس بەیـەك شەو گیران کە یەکێکیان من بووم. پاش ماوەیەك ئەوان بەردران و تەنیا من لە زیندان مامەوە ئەویش بە تـاوانی ئـەوەی کـە لـە بەرامبەریانـدا هاتمـە زمـان و داکـۆکیم لـە بیروبڕوای خۆم کرد، منیان رەوانەی تاران کرد و دامیانە کۆمیتـەی دژی خراپـەکاری و هەر لەوێ لە زینداندا مامـەوە تـاکو هاتنـە سـەرکاری دوکتـۆر شـاپووری بـەختیار و راگەیاندنی لێبوردنی گشتی لەلایەن حکوومەتەکەی ئەوەوە. جاری سێیەمی گیرانیشم



Thank you for trying PDF Suite

مانگی (تیر)ی 1360 {حوزەیرانی 1981} بوو بەڵام من لە دەستیان هەڵاتم و ڕۆیشتمە تاران و بۆ ماوەی سێ ساڵی تەواو لەوێ مامەوە و بە ژیانێکی سەخت و کوڵەمەرگی ژیام، لەو ماوەیەشدا هێشتا ئەمری حاکم بۆ گرتنی من وەك خۆی مابوویەوە تا ڕۆژی 6ی (فەروەردین)ی ساڵی 1363 {ئازاری 1984} هاوڕێیەکی پێشووی خۆم چەند مەئموورێکی هێنانە سەرم و لەو کارگەیەدا گیرام کە کرێکاریم تێدا دەکرد. ئەو حوکمەی کە دادگا بەسەر منیدا دابوو زۆر جێی سەرنج و سەرسووڕمانە، لەو حوکمەدا نووسرابوو: ((ناوبراو پیاوێکی سیاسییە و 3 ساڵ پێشتریش وازی لە سیاسەت هێناوە بۆیە بە یەك دەرەجە بەخشین و کەمکردنەوەی تاوانەکانی حوکمی زیندانی ئەبەدی بەسەردا دەدرێت)). ماوەی یەك ساڵ لە زیندانی ئینفرادیدا بووم، دووجار کەوتمە بەر لێبوردنی گشتی و دوای پێنج ساڵ بەریان دام.

* دوایین جار کە بەردرایت ساڵی چەند بوو؟

یاقوتی: زستانی ساڵی 1367 {1988} لە زیندان هاتمە دەر.

* کاریگەریی زیندان بەسەر چیرۆك و ڕۆمانەکانتەوە بەگشتی دیارە.. خۆت ئەم کاریگەرییە چۆن دەبینی؟

یاقوتی: هەموو نووسەرێك پێش هەموو شت دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی ژیان و ئەزموون و بینینەکانی خۆیەوە، بەو پێیەش سروشتییە گەر زیندان زۆرترین کاری لە سەر من و بەرهەمەکانیشم کردبێت. حەز دەکەم ئاماژەیەك بەوە بدەم کە لە زینداندا دوو جار لە منیان ویست بڕۆمە سەر شاشەی تەلەفزیۆنی سەرانسەری و قسەبکەم (دان پیانان) بەڵام من نەڕۆیشتم، لێیان ویستم کتێبێك بە دڵی ئەوان لەسەر شەڕی ئێران و عێراق بنووسم بەڵام من نەمنووسی و هەربۆیەش ئەوەندە ساڵ لەوێ مامەوە.

* بیروڕات لەمەڕ ئەدەبی منداڵان پاش شۆڕشی 57 {78} و بەتایبەتی ئەم چەند ساڵەی دوایی چۆنە؟

یاقوتی: من زۆربەی ئەو کتێبانەی کە بۆ منداڵەکەمیان دەکڕم وەرگێڕدراوی کتێبە بیانییەکانن، لەناو سەرجەم بەرهەمی نووسەرەکانی ئێراندا کە بەداخەوە زۆریش



Thank you for trying PDF Suite

دەنووسن بەرهـەمێکی چـاکم نـەدیوە. کاتـێ ئـەدەبی منـداڵانی وڵاتـانی وەك چـین یـا رووسیا یـا... دەخوێنیتـەوە بەوهـەموو سـەرنجدان و بەهەنـد وەرگرتنـەیان لـە بـواری ئەدەبی منداڵاندا دەبینی لەگەڵ ئەوانـەی لای ئێمـە هەڵناسـەنگێنرێت، مـن شـتێکی باشم نەبینیوە و فریوی ریکلامیش و تەنانەت خەڵاتە جیهانییەکانیش ناخۆم، زۆرجـار دیومانە بەرهەمێك بڵاو بۆتەوە و ناوبانگی دەرکردووە و خەڵاتی جیهانیشی وەرگرتووە کەچی لە زۆر بوارەوە لاواز و جێی رەخنە بووە. بۆیە دەڵێم تەنانەت بردنەوەی خـەڵاتی جیهـانیش ناتوانـێ ببێتـە پێـوەری هەڵسـەنگاندنی بەرهـەمێك بـەڵکو دەبـێ خـودی بەرهەمەکە بە پێی پێودانگە ئەدەبی و جیهانییەکان شیبکرێتەوە.

* هەندێ لە نووسەرانی حەفتایـەکان باسـی ئـەدەبیاتی بـێ خوێنـەر و نابـەرپرس دەکەن، ئەم روانگەیە چۆن دەبینی؟

یاقوتی: شکستی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، شکستی هەندێ لە ئامانجەکانی مـرۆڤ لـە جیهانـدا، هجـوومی سەرتاسـەریی (کارتل)ەکـانی سـەرمایەداری، هەرەسـهێنانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە جیهاندا و... هـەموو ئەمانـە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی کـە نووسەرانی ئێمە بچنەوە ناو خۆیـان و خـەریکی کێشـە تاکەکەسـییەکانی خۆیـان بـن. دیارە کێشەی تاکەکەسی و شەخسیش بێ خوێنەر دەبێـت، کەسـێك کـە لـە شـیعر یـا چیرۆکێکدا تەنیا باس لە خودی خـۆی بکـات خوێنـەری نابێـت. جگـە لـەو نموونانـەی هێنامەوە لایەنێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوە و روانگەی خودی تـاك، بـۆ چـۆنیەتی جیهـانبینی و ژیـان و تەنانـەت چـۆنیەتی خۆبـەخێو کردنـی، بۆئـەو پەیوەندییانـەی کـە لەگـەڵ دەوروبـەر هەیـەتی، ئەمانـە کاریگـەرییان دەبێتـە سـەر ئەوچەشنە بیروڕایەی.

* بۆچی لە کرماشاندا سەندیکای نووسەرانی سەربەخۆ نییە؟

یاقوتی: چونکە حکوومەت ئیجازە نادات.. مـن هـەوڵی زۆرمـدا کـە کـانوونێکی سەربەخۆ لە کرماشاندا دابمەزرێت کە جیلی سەربەخۆی ئەدەبی لێك کۆبکاتـەوە بـەڵام نەیانهێشـت، ئەوانـەی کـە لـە ناوەنـدە بڕیـار بەدەسـتە پێوەندیدارەکانـدا کاردەکـەن



Thank you for trying PDFsuite

هەموویان سەر بە دەسەڵاتن و ئەو کەسانەیش کە هاریکارییان دەکەن لە فیکری خولقاندنی بەرهەمێکی ناب و ڕەسەنی ئەدەبیدا نین بەڵکو و زۆرتر شوێنی وەرگرتنی خەڵات کەوتوون ئیدی ئەو خەڵاتە سکەیەکی زێڕ بێت یا وێنەیەکی لە قاپ گیراو کە بە دیواری ژوورەکەیاندا هەڵیواسن! جگە لەوە مەبەستێکی دیکەیان نییە...

* بۆچی ناهێڵن.. ئێمە دەبینین لە شارە کوردییەکانیشدا وەك سنە و سەقز و بانە و... سەندیکای سەربەخۆ دامەزراون و چالاکیشن، خۆی دەسەڵات دەبێ زۆرتر بۆ ئەوان حەساس بێت چونکە ئەوان کوردی دەنووسن و حکوومەتیش بە کوردییەکە حەساسە کەچی ئەنجوومەنەکان هەن، ئەی بۆچی تەنیا لە کرماشاندا شتی وا نییە؟!

یاقوتی: وەزعی کوردستانی ناوین لەگەڵ کرماشان و تەنانەت دیکەی شوێنەکانی دیکەی وڵاتیش جیاوازە، بارودۆخی تایبەتی کوردستانی ناوین و باکوور لە ئێراندا وا دەخوازێت کە کەش و هەوایەکی کراوەتری بدرێتێ بەڵام هی کرماشان جیایە. من خۆم داوای دەرکردنی ڕۆژنامەم کرد نەیاندامێ، داوای ئیجازەی کتێب فرۆشیم کرد نەیاندامێ، تەنانەت داوای دانانی (دەکە)یەکم لە شارەوانی کرد کە ئەویشیان نەدامێ، جارێکیش هەر خۆم پەیڕەوپڕۆگرامێکم داڕشت بۆ دامەزراندنی سەندیکای نووسەرانی سەربەخۆ لە کراماشاندا و دامە دایرەی فەرهەنگ و ئیرشادی کرماشان بەڵام قەبووڵیان نەکرد، ئەویش تەنیا بەو بیانوویەی کە من داکۆکیم کردبۆوە سەر سەربەخۆیی تەواوی کانوونەکە!

* ئایا جیلێك لە نووسەری گەنج لە حەفتاکاندا سەری هەڵداوە کە بەرهەمی جیدی و بەپێزی لێ ببینرێت.. ئەگەر نا، هۆکارەکەی چیە؟

یاقوتی: شیعری نوێی ئێران بە رای من بە گشتی تووشی پووچی هاتووە واتە زۆربەی شاعیرەکانی بواری شیعری نوێمان تەنیا خەریکی گێڕانەوەی هەست و ئیحساسی تاکەکەسیی خۆیانن، دیاریشە کە ئەو شیعرە هیچ خوێنەرێکی نییە، ئەمە لە بواری ناوەرۆکەوە، لەبواری زمانیشەوە ئەوان زمانێك بەکار دێنن کە نامۆیە و بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی شیعر لە خوێنەر و تەنانەت لە جیلی خوێندەوار و ڕۆشنبیریش. ئەمڕۆ کەس نییە بەوە نەزانێ کە شیعری نوێی ئێران تووشی وەستان هاتووە و یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانیشی ئەوەیە کە بۆشاییەکی لە بواری ئارمان و ئەندێشەدا تێدایە. دەکرێ لە دوو کەناڵیشەوە بڕوانینە ئەدەبی چیرۆك: یەکەم،



Thank you for trying PDF Suite

بەشێك لە چیرۆك و رۆمانی ئێرانی چاوی بڕیوەتە رابردوو کە مـن پێیـدەڵێم پاشکەوتوو (ئـەو ئەدەبەی کە نیگای بەرەو دواوەیە)، دەبیـنین بابەتگـەلی سـووك و بـێ بایـەخ لەمـەڕ دەورانـی رابردووی قاجار و پەهلەوی بۆتە دەسمایەی هەندێ لە نووسەران کە بە رای من خوێندنەوەی هیچ لوتف و چێژێکی تێدا نییە. دووەم، ئەو بەشەی کە خراوەتە قاڵبی فۆرمالیستییەوە واتە زۆرتـر یاری لەگەڵ فۆرم و زمان و تەکنیکدا دەکرێ، بیروخەیاڵی نووسەر زۆرتر لەسەر شێوازە و هـیچ بایەخ بە ناوەرۆك نادرێت. من دەڵێم نووسەر دەبێ بنەڕەتیترین و جیدیترین کێشەی کۆمەڵایەتی بـاس بکـات، هـیچ بەرهـەمێك زینـدوو نامێنێتـەوە ئەگـەر ئـاوڕی لـە کێشـە بنەڕەتییـە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی نووسەر نەدابێتەوە. تۆ سەیری بەرهـەمی نووسـەرە ناودارەکـانی جیهان بکە: تۆلستۆی، داستایفسکی، چیخۆف، رۆمەن رۆلان، ئشتاین بەك و... دەبینی ئەوان بە بەیانێکی هونەری باسی کێشە بنەڕەتییەکانی سەردەمی خۆیان دەکەن. بە داخەوە لەم بیست ساڵەی دواییـدا مـن نەمـدیوە یـا زۆر کـەم هەسـتم پێکـردووە کـە نووسـەرێك بێـت کێشـە ئەساسییەکانی ژیانی ئەمڕۆمان بورووژێنێ، ئێمە لە بەرهەمی نووسەرەکانی ئـەمڕۆی ئێرانـدا وێنەی ژیان نابینین جگە لە هەندێ شتی لاوەکـی کـە ئـەویش نابێتـە جێـی بـڕوا و متمانـە و هەرواش وەکو کێشەی ژیانی جەماوەر سەیر ناکرێت.

* بۆچی لە کرماشاندا گۆڤارێکی ئەدەبی سەربەخۆ و پڕبایەخ لە بـواری ئـەدەب و هونەردا نییە؟

یاقوتی: بیست ساڵێك لەمەوپێش بە هیمەتی عـەلی ئەشـرەفی دەروێشـیان گۆڤارێـك بـە ناونیشانی (بیستوون) بڵاو کرایەوە کـە شـتێکی زۆر پڕبایـەخیش بـوو بـەڵام بەداخـەوە دواتـر راوەستا و ئیدی هیچ کارێکی وا نەکراوە تا لەم ماوەی پێشووەدا من مەسـەلەکەم ورووژانـد و هەندێ کاری سەرەکیشم بۆکرد بەڵام دواتر نەزمی کارەکە شێوا و کردیانە شـتێکی سـەلیقەیی و دوای شەش مانگێك خۆ خەریك کردن و... دەفتەرێکی شیعری بڵاو کرایەوە بە ناونیشـانی (جونگی فەراتاش) کە دیار بوو بە حەز و ویستی لایەنێکی تایبـەت بـووە و... لـە ئەنجامـدا شـتێکی گشـتی و سـەرکەوتوو نەهاتـەدەر، دەرکردنـی ئـاوا دەفتـەرێك پـێش هـەموو شـت



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

ئیمکانیاتی ماددیی پێویستە کە بەداخەوە ئێمە لێی بێبەشین، دەنا دەکرێ هاوڕێیان کۆبکرێنەوە و هەرکەس بە بابەتێکی جوان و هەڵبژاردە بەشداری بکات.

* ئایا لە کرماشاندا رۆژنامەیەك هەیە کە بەشێکی تەرخان کرابێت بۆ بەرهەم و بابەتە ئەدەبییەکان؟

یاقوتی: یەکێك لە گۆڤارە هەرە باشەکانی کرماشان گۆڤاری مانگانەی (بیستون)ە کە بەهیمەتی خاتوو (زوهرەی کەڵهوڕنیا) تا ئێستا چوار ژمارەی بڵاوکراوەتەوە و ژمارەی نوێشی لە ژێر چاپدایە بەڵام بەداخەوە ئەمیش وەك دیکەی بەرهەمە باش و بەپێزەکانی ئەم وڵاتە رووبەڕووی گرفتی ماددی بۆتەوە، هەفتەنامەی دیکەش لە کرماشاندا هەن کە چەند لاپەڕەیەك بەتایبەتی بۆ شیعر و هەندێ جاریش بۆ چیرۆك تەرخان دەکەن.

* چیت هەیە (کتێب) کە ئامادەی چاپ بێت؟

یاقوتی: ئەو بەرهەمانەم کە ئامادە کراون بۆ چاپ بریتین لە: کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیاتر لەمانگ) کە 18 چیرۆکی لە خۆ گرتووە، نۆڤلێتی (ئەفسانەی سیرەنگ)، کۆمەڵە چیرۆکی (ئاه و ئاوێنە)، ناوەندێکی بڵاوکردنەوەش 5-6 بەرهەمی لێوەرگرتووم بۆ چاپ کە ئەوە ساڵێکە هیچی دیار نییە! کۆمەڵە شیعرێکیشم داوەتە وەزارەتی ئیرشاد بۆ ئیجازەی چاپ بە ناونیشانی (پاییز و گوڵچەشمە)، (ئەفسانەکانی ئێران زەمین) ئەوانەی کە من لەدەڤەرەکانی کولیایی و کرندی رۆژئاوا و لۆڕستان و دیکەی گوندەکان کۆم کردوونەتەوە کە ئەمیش بۆ ئیجازەی چاپ دراونەتە وەزارەتی ئیرشاد و بڕیاریش وایە لەسەر ئەرك و هیمەتی بەڕێز لاری کرماشانی چاپ بکرێت کە خۆی یەکێکە لە نووسەرە باشەکانی کرماشان .

* ئێوە چەند ساڵ پێش ئێستا هەندێ ئەفسانەی کوردیتان کۆکردنەوە و لە کتێبێکدا چاپ کران و ئەمەش دووەمین کتێبی ئێوەیە لە سەر ئەفسانە، کارتێکردنی ئەو ئەفسانەگەلەش لە بەرهەمەکانتدا رەنگی داوەتەوە، خۆت تا چەند لەگەڵ ئەوەدای کە بۆ چیرۆك کەڵك لە ئەفسانەی کۆن وەربگیرێت؟:

یاقوتی: ئەفسانەکانی ئێرانزەمین ناسنامەی راستەقینەی مێـژوویی گـەلانی ئـەم ولاّتـەن. بـۆ کۆکردنەوەشـیان دەبـێ بزووتنەوەیـەکی میللـی دەسـت پـێ بکـات کـە بەداخەوە ئەم کارە نەکراوە، دەوڵەت دەبێ پشتیگری ماددیی لێبکات و پڕۆژەیـەکی میللی بۆ کارەکە دابنێت بۆئەوەی بەرلـە شـێواندن و ئاوەژووکردنـەوەیان بەتایبـەتی بەهۆی تەلەڤزیۆنی ئێرانـەوە کۆبکرێنـەوە و لـە مـردن رزگـار بکـرێن. ئەفسـانەکان ئاوێنەی بالاّنوێنی خواست و بیرکردنەوەی جەماوەرن و چەندین لایـەنی پـەروەردەیی لـەخۆدەگرن و دەکـرێ لـە بـورای مێــژوویی و کۆمەڵناسـی و سـایکۆلۆژییەوە بخوێنرێنەوە، بەداخەوە هیچ کارێکی گشـتگیر لـەم بـوارەدا نـەکراوە، تـەنیا چـەند کەسێك هەن کە بە ئەشقی خۆیان خەریکی کارەکەن وەك عەلی ئەشرەف دەرویشیان کە بەڕاستی خۆی ماندوو کردووە و پێشتریش خوالێخۆشبوو (ئەنجـەوی شـیرازی) یـا (مەهدی سـۆفی) یـا دەمـەدی بـەهرەنگی) و... هەنـدێ کـاری باشـیان کـرد. مـن پێموایە دەبێ هەر خۆمان دەستی پێبکەین و لـە پیرەمێردەکانمـان کـەڵك وەربگـرین دەنا دەوڵەت هیچکارێك ناکات، بۆ نموونە تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئـەوە 20 ساڵی تەواوە شـتی سەیروسـەمەرە لەسـەر تـەلاّق و ژن هێنـان و شـووکردن دووبـارە دەکاتەوە و دەرخواردی جەماوەری دەدات بەلاّم هـیچ بـیری لـەو لایەنـە هەرەگرنگـە نەکردۆتەوە و گەر بێت و رۆژێکیش لای لێکردەوە من دڵنیام کە تێکی دەدات بۆیە پێویستە هەر کەس لە لایەنی خۆیەوە هەنگاو هەڵبگرێت گەرچی کارەکەش پسپۆڕی و زانایی دەوێت. بەتایبەتی لە کوردستاندا کەبەداخەوە هیچ هەنگاوێك نـەنراوە لـە حاڵێکدا کە گەلی کـورد زەخیرەیـەکی هـەرە بـەنرخ و لـەبن نـەهاتووی لـەم بـوارەدا هەیە.. بێمەوە سەرباسی کاریگەریی بەسەر بەرهەمەکانی ئەمڕۆوە.. مـن پێموایـە کە دەتوانین لە ئەفسـانە کـەڵك وەربگـرین و لەکارەکانمانـدا بەرجەسـتەی بکەینـەوە چونکە گەنجینەی مێـژوویی خۆمانـە، بەتایبـەت چیرۆکنووسـان دەتـوانن زۆرتـرین و باشترین سوودی لێبەرن کە بەداخـەوە تائێسـتا بیریشـیان لێنەکردۆتـەوە لەحاڵێکـدا

Thank you for trying PDF Suite

دەبینین لە وڵاتان.. لە ئەمریکای لاتین کەسێکی وەك گابریل گارسیا مارکیز زۆرترین کاری لەسەر کەمترین بەشی ئەفسانەکانی ناو میللەتی خۆی کردووە و...

* لە چیرۆکەکانتدا وشەو شیعری کوردیت بەزۆری بەکار هێناوە، مەبەستت چی بووە؟

یاقوتی: من ئەو وشەکوردییانە بەکار دێنم کە لەزمانی فارسیدا نین، بۆوێنە وشەی (دڕك).. لەفارسیدا تەنیا وشەی (خار) هەیە بۆ هەرچی دڕکە بەڵام لە کوردیدا هەر چەشنە دڕکێك ناوی تایبەتی خۆی هەیە یا دەبینی ئافرەتی کورد پارچەیەك بەسەر جلەکانیدا لەبەردەکات کەلە کرند و کولیاییدا پێی دەڵێن (ماشتە) { لەچك، کۆڵوانە _ و _} لەفارسیدا ئەو ناوەمان نییە بۆیە منیش هەر بە کوردییەکەی بەکاری دێنم.

* هۆکاری سەرەکیی دوورکەوتنەوەی جەماوەر لە کتێب و لە خوێندنەوە چیە؟

یاقوتی: پێشتر ئەو بەرهەمانەی بڵاو دەکرانەوە باسیان لە کێشە بنەڕەتییەکانی جەماوەر دەکرد، ئاوڕیان لە بارودۆخی ژیانی سەردەم دەدایەوە، جەماوەر خۆی و ئامانج و خواستەکانی خۆی لە ئاوێنەی ئەواندا دەبینی بۆیە پێشوازی زۆری لێدەکرد و کتێب بە خراپترین شێوەی نووسین دەردەچوو کەچی زۆرترین ڕێژەی لێ دەفرۆشرا و دەخوێنرایەوە. بەڵام ئەمڕۆ وانییە، کتێبی ئەمڕۆ لەگەڵ ئاوات و ویستی جەماوەردا یەك ناگرێتەوە دیارە جەماوەریش لێی دوور دەکەوێتەوە، نووسەری ئەمڕۆی ئێمە لەگەڵ ئارمان و ئەندێشەی جەماوەرەکەیدا نییە، نە زمانی نووسینەکەی هی جەماوەرە و نە ناوەرۆك و بابەتەکانیشی بەپێی نیازی جەماوەرە، هۆکارێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرانبوونی نرخی کتێب، خەڵك ناتوانێ بەتەواوەتی خۆی بەخێو بکات چ بگاتە ئەوەی کە کتێب بکڕێت ئەویش بەو نرخە هەرە گرانەوە. بۆ نموونە یەکێکی وەك خودی من کە کاری سەرەکیم کتێب و نووسین و خوێندنەوەیە و دیارە پێویستییەکی حەیاتیم بەکتێب هەیە بەڵام نایکڕم چونکە لەبەر گرانییەکەی ناتوانم و پێڕاناگەم. ماوەیەك لەمەوپێش بۆ جەژنی لەدایکبوونی منداڵەکەم کتێبم بۆ کڕی، نرخەکەی کردیە دوو هەزار تمەنێك، ئەمەش بۆ من زۆرە چونکە ئەو بڕە پارەیە مووچەی دووڕۆژی ژیانی منە. کرێکارەکان بەهیچ شێوەیەك توانای کڕینی کتێبیان نییە،

Thank you for trying PDF Suite

وەرزێرەکان هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ کتێبدا بێگانەن، کارمەند و مامۆستا و بەگشتی مووچەخۆرەکانیش پێڕاناگەن، تەنانەت قوتابیانی زانکۆش کە ژیانیان بەستراوە بە کتێبەوە ئەمڕۆ ناتوانن کتێب بکڕن و ئەمەش واتە دوورکەوتنەوە و دابڕان لە کتێب و خوێندنەوە.

* رات لەسەر شەپۆلی نوێی پۆست مۆدێڕن لە شیعر و چیرۆکدا چییە؟

یاقوتی: ئێمە لە ئێراندا هێشتا قۆناغی کلاسیکمان نەبڕیوە، گەیشتینە پۆست مۆدێڕنیسم؟! لە وڵاتاندا هەموو شتێ نەزم و سامان و ڕێسا و یاسای خۆی هەیە: ئابووری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و... گەردەبینی لە ئەوروپادا چەمکی مۆدێڕنیتە و پۆست مۆدێڕن لەئارادایە هی ئەوەیە کە ئەوان قۆناغەکانی پێشتریان بە هەنگاوی ورد بڕیون، سەردەمی کلاسیسزم تێپەڕ کراوە، لە بواری ریالیسمدا کار کراوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی وەك ئەمریکا و فەرەنسا و رووسیادا. ئەم یاسامەندی و رەوتە سروشتییە لە ئێراندا نییە، ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە بەرهەمێك بخولقێنین لە ئاستی کارەکانی (بالزاك)دا بێت، تۆ بەرهەمێکی ریالیستی بۆ وێنە لەئاستی (باباگوریو) یا (ئوژنی گراندە)دا نابینی. من باسی کارە هەرەمەزنەکانیش ناکەم وەك (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی، (دۆنی ئارام)ی شۆلۆخۆف یا...، چیرۆکی ئێمە هێشتا لە قۆناغێکی سەرەتاییدایە. ئێستا بەرجەستەترین و ناودارترین نووسەرانی ئێمە هەمان (سادق هیدایەت) و (سادق چووبەك) و (بوزورگ عەلەوی)ن، جا وەرە کاری ئەم سێ نووسەرە ناودارەی ئێمە لەگەڵ کاری (داستایفسکی)دا بەراورد بکە.. دەبینی کە هەر ناکرێ. ئێمە لە قۆناغێکداین کە دەبێ کاری ریالیستی بکەین و بهێڵین با پێشڤەچوونەکەمان رەوتی سروشتیی خۆی تێپەڕ بکات. بەداخەوە نەخۆشییەك لەناو ئێمەدایە و ئەویش شوێن کەوتن و لاسایی کردنەوەی کوێرکوێرانەیە، ئێمە دەبێ بەسەر پێی خۆمانەوە بوەستین و پشت بە ڕۆشنبیری میللی خۆمان ببەستین.

* بەم زوانە چ چیرۆك و رۆمانێکت خوێندۆتەوە؟

یاقوتی: کۆمەڵە چیرۆکێکی (مەجیدی دانش ئاراستە)م خوێندەوە، کارێکی باش بوو، پێموایە گەر ئاوا پێش بڕوات لە ئایندەدا دەبێتە نووسەرێکی چاك. کۆمەڵە

چیرۆکێکیشم لە نووسەرێکی باشوور خوێندەوە کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، ئەویش هەر باش بوو. بەگشتیش مێژوو دەخوێنمەوە بەتایبەتی مێژووی ئێرانی کۆن، خۆم بۆ ئەو بوارە تەرخان کردووە...

* چۆن دەڕوانیتە (میلان کۆندێرا)؟

یاقوتی: زۆر شارەزاییم لەسەری نییە، ئەوەی لەبارەیەوە خوێندوومەتەوە هەندێ شتی پچڕپچڕی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان بووە، کارەکانی خۆیم نەخوێندوونەتەوە.

* ئێوە یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی بواری چیرۆکنووسینی ساڵەکانی پێش 57{78} بوون.. بۆچی لەم ساڵانەدا بێدەنگ ماون؟

یاقوتی: زۆرکەس وادەزانن کە من نەماوم، هەندێکیش وادەزانن کە هیچ کارێك ناکەم، هەردوو بۆچوونەکەش هەڵەن.. ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی من بەو جۆرە بووە کە تارادەیەك لە گەرموگوڕیی کاری ئەدەبی دوور بکەومەوە، هەشت ساڵ زیندان و دەربەدەریم کێشاوە، ماوەیەکی زۆریش خەریکی کێشە حەساسە سیاسییەکان بووم کە زۆر بەرهەمی نووسراویشم لەم ڕێگایەدا لەنێو چوون. دەرکردنیشم لەسەر کار (مامۆستایی) ناچاری کردم بڕۆمە کرێکاری و... ژیانی کرێکاریش دەرفەتی خوێندنەوە و نووسینی چڕوپڕ ناداتە مرۆڤ. لەگەڵ ئەمانەشدا من هیچکات دەستم لە نووسین نەکێشاوە و لێی دانەبڕاوم و هەمیشە هەر نووسیومە بەڵام دەبینی یا نەمتوانیوە یا نەیانهێشتووە بەرهەمەکانم بڵاو بکەمەوە، بەرهەمەکانی من لە ژیانی راستەقینەی جەماوەر سەرچاوە دەگرن و دیارە ئەو روانگەیەش بەدڵی هەندێکەس و لایەن نییە!

* بیروڕات سەبارەت بەئەدەبی کرێکاری چۆنە؟

یاقوتی: نووسەر تا خۆی تێکەڵی دونیای کرێکاران نەبێت و تا نەچێتە کارگەکان و کرێکاری نەکات و ئارەق نەڕێژێت ناتوانێ ئەدەبیاتی کرێکاری بناسێت و لەسەری بنووسێت. ئێمە شتێکمان بەناوی ئەدەبی کرێکاری لە ئێراندا نییە، دەزانین کە نووسەر پێش هەموو شتێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شوێنی ژیان و پێوەندییەکانی خۆی.. نووسەرانی ئێمەش هیچ پێوەندییەکیان بە کرێکارانی وڵاتەوە نییە، بەژیانی وەرزێرەکانیشەوە هەروا، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێوەندییەکانیان لە بازنەی چەند گرووپ و دەستەی رۆشنبیریدا قەتیس ماون و لە واقعی ژیانی جەماوەر بڕاون، دیارە



Thank you for trying PDF Suite

ناتوانن لەسەر شتێك بنووسن کە نایناسن و لەگەڵی نەژیاون. ئەمڕۆ گەر کەسێکیش بێت و لەسەر گوندەکان بنووسێت لەبەر ئەوەی کە لێیان دابڕاوە دەبینی نووسینەکەی زۆرلاواز و کاڵ و کرچە و زانیارییەکانی هێندە کەمن کە لەگەڵ واقیعی ئێستای گوندەکاندا یەك ناگرنەوە و ئەم هەر لە روانگەی سەدەکانی رابردووەوە دەڕوانێتە گوند لەحاڵێکدا ئەمڕۆ بارودۆخی گوند نشینی و بەرهەم هێنان و... گۆڕاوە کەچی نووسەرانی ئێمە لێی بێ ئاگان.

* سەندیکای نووسەرانی ئێران ناوەندێکی ئازاد و سەربەخۆیە.. ئایا جەنابت ئەندامی تێیدا؟

یاقوتی: تا پێش ساڵی 57{1978} ئەندام بووم.. ئەم سەندیکایە پاش ساڵی 57 تووشی دووبەرەکی و لێك جیابوونەوە هات و منیش پاش ئەوە وازم لێ هێنا، ئێستاش بەداخەوە هێشتا بەتەواوەتی رێگا سەرەکییەکەی خۆی نەدۆزیوەتەوە... بەهەر حاڵ هیوادارم سەندیکای نووسەرانی ئێران وەك جاران رێچکەی خۆی بگرێتەوەو دەست بەکار بکات و ببێتە ماڵی هەموو نووسەرێکی ئازادیخواز و سەربەخۆ لە سەرتاسەری ئێراندا.

* سەردەمێك ئێوە رەخنەی چاکتان دەنووسی وەك (هەنگاوێك بەرەو پێش) کە بڵاوتان کردەوە، ئێستا بۆچی لە رەخنە دابڕاون؟

یاقوتی: یەکەمین بەرهەمی رەخنەییم کتێبێك بوو بە ناونیشانی (چاوێك لەبەرهەمەکانی دەروێشیان) کە پێموایە ساڵی 58{79} بڵاوکرایەوە، دوای ئەویش (هەنگاوێك بەرەوپێش)م بڵاوکردەوە کە رەخنەیەك بوو لەسەر (بەفراوەکانی بەهار)ی لاری کرماشانی، دواتریش لەملاولا هەر رەخنەم نووسیوە، وەك ئەوەی کە لەسەر بەرهەمەکانی سەمەدم نووسی و پێشتر باسمان کرد. ئێستاش هەر جاروبار کاردەکەم، بەم دواییانەش رەخنەیەکم نووسیوە بە ناونیشانی (دێو نموونەی رق و کین) کە ئاوڕی لە ئەفسانەکان داوەتەوە، هەروەها لەسەر نوێخوازیش کە بەداخەوە بۆتە نەخۆشییەکی کوشندە لەناو ئێمەدا رەخنەیەکم بە ناونیشانی (نوێ چییە/ کۆن چییە) نووسی کە دراوەتە گۆڤاری مانگانەی (کێلك) بۆ بڵاو کردنەوە، جگە لەوانەش کتێبێکم ئامادەی چاپە کە کۆمەڵە وتارێکی لەمەڕ رەخنەی ئەدەبی لەخۆ گرتووە.



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

* چۆن دەڕوانیتە رەخنەی ئەمڕۆی ئێران؟

یاقوتی: دەتوانم بڵێم رەخنەیەکی فۆرمالیستییە.. بەڕای من ئەمڕۆ رەخنەگرێکی بڕوا پێ کراوی ناسراوی راستەقینەمان نییە، پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە باقری مۆمنی و ئیحسان تەبەری رەخنەگری چاك بوون بەڵام ئەمڕۆ شتێکمان نییە کە پشتی پێ ببەستین، ئەوەی هەیە و جاروبار بڵاودەبێتەوە زۆرتر بیروڕای شەخسییە کە زۆرتریش لەسەر فۆرم و تەکنیك دەڕوات و لەجیهانی واتا و ناوەڕۆك دوورە. رەخنەی ئەمڕۆی ئێران توانای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانەوەی هەمەلایەنەی بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبیی نییە کە ئەویش هۆکاری کۆمەڵایەتیی هەیە. بۆ گەشە و پێشڤەچوونی رەخنە دەبێ بارودۆخێکی ئارام و ئازاد لە وڵاتدا هەبێ وەك ئازادیی بیر کردنەوە، ئازادیی بەیان، ئازادیی قەڵەم تا نووسەر و رەخنەگریش بتوانێ بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ کار بکات. بەداخەوە ئێمە ئاوەها بارودۆخێکمان نییە، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە بەرهەمێکی بەپێز و بەرزی ئەدەبیمان نییە تا رەخنەگرێکی چاك و کارامەش بێتە مەیدان.

* ئاماژەت بە بەرهەمەکانی دەروێشیان کرد.. حەز دەکەم رات لەسەر (ساڵە هەورتەنیوەکان) بزانم کە رۆمانێکی چوار بەرگییە و چاپی چوارەمی ئەمساڵ هاتەدەر و پێشوازییەکی گەرمیشی لێکرا؟

یاقوتی: بەلای منەوە گرنگ نییە کە بەرهەمێك چەند جار چاپ بکرێتەوە، ئەوە نابێتە پێوەرێك بۆ رەخنە و هەڵسەنگاندن، تەنانەت بەخشینی خەڵات تا بگاتە لووتکەشی کە هەمان خەڵاتی (نۆبڵ)ە ناتوانێ وەك پێودانگێك سەیر بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی، بەتایبەتیش کە دەبینین بەداخەوە خەڵاتی نۆبڵ رەنگ و بۆی سیاسیی بەخۆوە گرتووە و لە جیهانی ناب و راستەقینەی داهێنانی ئەدەبی دوور خراوەتەوە، نموونەشی هەمان خەڵاتە کە درایە کابرای شانۆنامەنووسی چینی، خەڵات کردنەکەی نەجیب مەحفوزیش هەر رەنگ و بۆی سیاسیی هەبوو! ئەو بەرهەمەی عەلی ئەشرەفی دەروێشیان بەڕای من بیۆگرافییەکی شەخسیی ژیانی خودی نووسەرە و نابێتە رۆمان چونکە رۆمان یاسا و ئسلوب و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەمیش وەك

Thank you for trying PDF Suite

کتێبەکەی لاری کرماشانی هەر بیۆگرافی خۆیەتی بەڵام لای لاری حاڵەتی چیرۆکی پێدراوە و لەوەش خۆی نادزێتەوە کە بڵێ ئەمە بیۆگرافییە. تا ئەو شوێنەی من بزانم چەند بەشێك لە کتێبی (ساڵە هەورییەکان) پێشتر و لەدیکەی بەرهەمەکانی پێشووی دەروێشیاندا چاپ کراون، بۆ وێنە بەشی (بەندی 18) کە دەبێتە بیرەوەری سەردەمی زیندان هەر لەم بەرهەمەدا دووبارە بۆتەوە و هەروا دیکەی بەشەکانیشی.

* ئەڵبەت دەروێشیان خۆیشی دانیپێدادەنێ کە ئەوە بیۆگرافییە، من دەمەوێ بزانم ئایا دەروێشیان لە وێنا کردنی وەزع و باری کرماشانی ئەو ساڵانەدا سەرکەوتوو بووە یا نا؟

یاقوتی: کاك عەلی دەروێشیان نووسەرێکی بەتوانایە و ئەوە سی ساڵی تەواویشە کە دەنووسێت. دیارە کەسێك کە 30 ساڵە بەجیدی دەنووسێ لە وێنا کردنی وەزع و باری شوێن یا وڵاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت. ئەویش نووسەرێکی جیدییە و هەموو ژیانیشی تەرخان کردووە بۆ نووسین بۆیە چاوەڕوانیی بەرهەم و بڕست و سەرنجی زۆر وردتری لێدەکرێت. دەروێشیان لە بەشێکی کتێبەکەیدا ئاوڕ لە قۆناغێکی مێژوویی کرماشان دەداتەوە و هەندێ را دەردەبڕێت و ناوی چەند کەسێك دێنێ کە خۆیان ئێستە ماون و دەتوانن وەڵامی بدەنەوە، من هەر ئەوەندە دەڵێم کە دەکرا ئەو بەرهەمە دەستپێکردنێکی باشتری بوایە. کاتێ کتێبەکەی (ژان کریستۆ فەر)ی رۆمەن رۆلان دەخوێنینەوە دەبینین بەشی یەکەمەکەی هەروەکو ئەوەی دەروێشیانە، لەوێش هەر منالێك لە دایك دەبێت. کتێبەکەی دەروێشیان بەمجۆرە دەست پێدەکات: ((جیغ.. جیغ.. جیغ..)) کە نوێنەر و پیشاندەری ئەو دەرد و رەنج و مەینەت و ئێش و برینەیە کە دایکێك دەیکێشێت. من پێموایە سەرەتای کتێبەکە جوان دەستی پێنەکراوە و دەکرا جوانتر و بەهێزتر و هەژێنەرتر بوایە ئەویش بە وشەی هەرە زیندووەوە چونکە زۆر پێویستە بۆ بەرهەمێکی چواربەرگی کە سەرەتاکەی بەهێز بێت و خوێنەر بهەژێنێت و رای بکێشێت بەدوای خۆیدا. ناکرێ لەم ماوەکورتەدا ئەو بەرهەمە لێکبدەینەوە بەڵکو ئەم کارە دەرفەتێکی زۆرتری دەوێت و لەوانەیە کتێبێکی 200 لاپەڕەیی هەڵبگرێت، پێموایە لەم چاوپێکەوتنە کورت خایەنەی ئێمەدا ناگونجێت.

Thank you for trying PDF Suite

* ئەی ئەو کتێبانەی کە بۆ منداڵانی نووسیون... (ڕەنگین)، (کاکە گیان کەی دەگەڕێیتەوە)، (ئاگر لە کتێبخانەی منداڵاندا)، (ڕۆژنامە دیواریی قوتابخانەکەی من) و...؟

یاقوتی: بەڕای من سەرکەوتووترین بەرهەمی دەروێشیان بۆ منداڵان هەمان (هەوری ڕەشی هەزار چاو) و (کاکەگیان کەی دەگەڕێیەوە)یە. من لەسەر کتێبی (ئاگر لە کتێبخانەی منداڵاندا) ڕەخنەیەکم بڵاو کردۆتەوە و لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە. پێموایە ئەگەر دەروێشیان هەر لە بواری ئەدەبی منداڵاندا کاری کردبا سەرکەوتووتر دەبوو بەڵام بەداخەوە درێژەی پێنەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نەخش و ڕۆڵی بەرچاوی دەروێشیان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا لەبیر بەرین.

* باشترین ڕەخنەیەك کە لەسەر بەرهەمەکانی خۆت نووسرابێت کامەیە؟

یاقوتی: گرنگترین ڕەخنە لەسەر بەرهەمەکانم ڕەخنەیەکی ئیحسان تەبەری بوو لەسەر (چرایەك لەسەر مادیان کۆوە) کە ساڵی 56{77} لە ڕۆژنامەی (دونیا)دا بڵاو کرایەوە، ئەمە ڕەخنەیەکی بنەڕەتی بوو کە دەتوانێ بکرێتە بناغەو سەرچاوەیەك بۆ ڕەخنەگرەکانیشمان. من ڕەخنەیەکی دیکەی وەك ئەوەی تەبەریم نەدیوە، ئەو ڕەخنەیە شتێکە وەك کارەکانی (لۆکاچ). جەنابی (ئەسەد پیرانفەڕ)یش ڕەخنەیەکی لەسەر بەرهەمەکانم نووسی بەناونیشانی (دارەکەوە __ دارکون کەرە __ ی باران لێداو) کە ئەویش ڕەخنەیەکی باش بوو.

* ئێوە تاچەند گرنگی دەدەن بە (شوێن) لە ڕۆماندا.. شوێن لە ڕۆماندا چ گرینگییەکی هەیە؟

یاقوتی: شوێن شتێکی داهێنراو نییە لە ڕۆماندا کە بکرێ لابدرێت، هەر دیاردە یا ڕووداوێك دەبێ لە شوێنێکدا ڕوو بدات. شوێن هەندێ جار لەوانەیە پانتاییەکی فراوانی جوگرافیایی بگرێتەوە و جاری وایش هەیە کە دەبێتە ژوورێکی بچکۆلانە. ئەوەی هەبێت و ڕووبدات دەبێ (شوێن)ێك و (کات)ێکی هەبێت دەنا بوونی نابێت.

* کاری کامە نووسەری جیهانیت پێ باشترە؟

یاقوتی: لە ڕووسیادا کارەکانی شۆلۆخۆف و بادایۆف و داستایفسکی و تۆلستۆی و چیخۆف و گورکی، لە فەڕەنسادا کاری باوکی ریالیزم واتە بالزاك و ڕۆمەن ڕۆلان، لە ئەمریکاش کارەکانی ئشتاین بەك و هەمینگوای و... ئەمانە بەلای منەوە

بەرجەستەترین و دیارترین نووسەرانی جیهانن و دەکرێ شێوازی ژیان و روانگە و سەبکی دارشتن و کارکردنیان ببێتە نموونە بۆ دیتران.

* تا چەند ئاشنای ئەدەبی کوردیت و چۆنی دەبینی؟

یاقوتی: لە ئەدەبی کوردیدا شیعر دیار و بەرچاوترە، بە هەبوونی شاعیرانی گەورەی وەك شێرکۆ بێکەس و رەفێق سابیر و عەبدوڵڵا پەشێو یا ئەوانەی پێشتر وەك گۆران و هێمن و هەرە پێشتریش وەکو مەولەوی و... شیعری کوردی گەشەی زۆری کردووە و پێگەیشتووە بەڵام لە بواری چیرۆکدا من بەرهەمێکی سەرنجڕاکێشم نەدیوە.

* هەندێ چیرۆك لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.. ئەی ئەوانە؟:

یاقوتی: راستە... هەندێ کورتە چیرۆك نووسراون و تەنانەت رۆمانیش هەیە، من دەڵێم چیرۆك لە کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی وەك کارێکی هونەری و ریشەدار و پەرەسەندو و هێشتا سەری هەڵنەداوە کە ئەویش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. کاروچالاکیی رۆشنبیری کەم بۆتەوە و پێویستە رۆشنبیرانی کورد زۆرتر ئاوڕی لێ بدەنەوە و بەکەڵك وەرگرتن لەو گەنجینە دێرین و رەسەنەی کوردستان و را و بۆچوون و رێنمایی کەسانی بەئەزموون و پسپۆڕ بناغەی چیرۆکی هونەری لە کوردستاندا پتەو بکرێت، پێموایە گەر ئەو چەند خاڵە بەهەند وەربگیرێن و رەچاو بکرێن چیرۆکی کوردی گەشەدەکات و پێدەگات.

* چ پەیامێکت هەیە بۆ خوێنەری کورد؟

یاقوتی: ئاواتی من ئەوەیە کە زۆرتر ئاوڕ لە بواری رۆشنبیری بدەنەوە، لە بواری چیرۆکدا کەڵك لە کێشە خۆماڵییەکان وەربگرن، بەجیدی کاری رۆشنبیری بکەن و خۆیان پێ بگەیەنن، ئێمە دەبێ لە چیرۆکی کوردیدا ژیان و سروشت و بارودۆخ و داب و نەریتی کوردی ببینین. ئەگەر چیرۆکی کوردی خاوەنی رەنگ و بۆ و مۆرکی خۆماڵی و تەکنیکی جیهانی بێت دڵنیام کە بەتەواوەتی گەشە دەکات و دەگاتە ئاستی جیهان.

* دوایین قسەت:

یاقوتی: سوپاسی ئەو زەحمەتەت دەکەم و هیوادارم سەرکەوتوو بی، سڵاوی گەرمم بۆ نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی کورد و جارێکی دیکە هیوای سەرفرازی بۆ ئێوە و سەرجەم هاوولاتیانم.



Thank you for trying PDF Suite

# تەنزی سوکراتی

**(تەنز لە دیالۆگەکانی سوکراتدا)**

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

فەلسەفەی رۆژئاوا لە ساڵی 399ی پ.ز ئاوێتە لەگەڵ ناو و ئەندێشەی سوکراتدا شکڵی گرتووە. لەم نێوانەشدا کەسێتی و سەربووردە و چارەنووسی ئەفسانەیی ئەم بیرمەندە مەزنەی مێژوو هاوکات لەگەڵ بوارە فیکری و فەلسەفییەکەی خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و کاری کردۆتە سەر بیرمەندەکانی دواتر. ئەوەی لەدوای سوکرات ماوەتەوە، هەر تەنیا تازەگەرییەکەی ئەو لەبواری فکری فەلسەفی یا (سیسرۆن) واتەنی ((هێنانە خوارەوەی فەلسەفە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەمین)) (کە بەمیراتی سوکرات دەزانرێت) نییە بەڵکو بنیاتنانی هونەری گفتوگۆیە، (هونەری دیالکتیك) بەرهەمی گەورەی سوکراتە لە شێوازی (تێفکرین و جەدەل)دا کە بە دیالیکتی (جەدەل)ی سوکراتی ناسراوە و بە پێی شێوازی سوکراتی (یاردی قیاسی) بنیات نراوە. سوکرات گفتوگۆی بە شکڵی بنەڕەتی فیکری فەلسەفی دەزانی و بە تاقەڕێگای لێکگەیشتنی نێوان تاکەکانی دادەنا. هەر بۆیەش ئەو شێوازەی کردبۆوە پیشەی سەرەکی خۆی و بەڕۆژ و بەشەو لە پاڵ مێزی (سەڕاف)ەکانی شاری (ئاتن) و لەناو پارك و سەیرانگا و وەرزشگاکانی ئەم شارەدا دەسوڕایەوە و لەگەڵ پیاوان و لاواندا (کسنۆفۆن) واتەنی قسە و باسی لەمەڕ کێشە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکرد و بە یارمەتی شێوازی (استقرا)یی واتە (ورد ورد تۆژینەوە و بەدواداچوون و لێکدانەوەی شتەکان و گەیشتن بە ئەنجامێکی گشتی) هەوڵی ناسین و ناساندنی مەفهوم و فەزیلەتەکانی دەدا. هێنانە پێشی تەوەرە ساکار و سەرەتاییەکان لەڕاستیدا بۆ ئەو بە بنەمای تۆژینەوە دەژمێردرا و پاشان بە خۆبواردنی لە وەڵامدانەوە و خۆ بەنەزان لەقەڵەمدانی لەسەر مەسەلەکە و ورووژاندنی چەند پرسیارێکی نوێ بەڵام ساکار کە وڵامەکەشیان هەر لەسەرەتاوە دیار و ئاشکرا بوو، هەوڵیدەدا دژبەری و ناتەباییە ناوەکییەکانی هەمان مەسەلە دەربخات و باسەکە بەرەو لایەك بەرێت کە لاوازیی بەڵگەکانی بەرانبەر دەربکەون و لە ئەنجامدا بەرانبەر لەو راستییە تێبگات کە هیچ لە باسەکە نازانێت. کاتێکیش دەگەیشتە ئەم ئەنجامە ئەوا کۆتایی باسەکەی رادەگەیاند و بەرانبەرەکەی بە سەرگەردانی دەهێشتەوە.

سوكرات ئەم هونەرەی بە یاریدەی تەنزێكی وردبینانەی هوشیارانەی هەرەكاریگەر بەرەو پێش دەبرد كە پێی دەڵێن (تەنزی سوكراتی) و لە بەرامبەریدا وشەی (Irony) بەكار دەبەن، (Ia, Eirone) لە یۆنانی كۆندا بە واتای فێڵ (فێڵبازی) بەكار دەبرا و بۆ یەكەمجاریش ئەفلاتون وەك تەعبیرێك بۆ تەنزی ناو گفتوگۆیەكانی سوكرات بەكاری هێنا[1]. لە راستیدا دەتوانین بڵێین كە توخمی تەنز بەجۆرێك ئاوێتەی دیالۆگەكانی سوكرات بووە كە شیكاریی شێوازی (جەدەل)ە سوكراتییەكان بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو تەنزە تایبەتەی مەحاڵە. سەرجەم تۆژێنەرانیش هەركات لە بواری شێوازی دیالیكتی سوكراتیدا كاریان كردبێت ئەوا ئاوڕیان لە (تەنزی سوكراتی)یش داوەتەوە. ئەسڵی تەنز لە گفتوگۆیەكانی سوكراتدا هەم تەنزی (شوێنكات)ە و هەمیش خۆی لە تەنزی (دیالیكتیك)دا دەبینێتەوە.

## تەنزی شوێنكات:

---

[1] - سوكرات لە هەموو تەمەنی خۆیدا تاقە یەك گوتاریشی نەنووسی، ئەوەی لێیبەجێماوە لەڕاستیدا شوێنپێیەكە كە دەبێ لای كەسانیدیكە بەدوایدا بگەڕێین: یەكەم، لەبەرهەمەكانی ئەفلاتووندا كە سەردەمێك قوتابیی سوكرات بووە و روانگە فەلسەفییەكانی خۆی بەتایبەتی لە سەرجەم ئەو گوتارانەی كە پێش (كۆمار) نووسیونی، لە زمانی مامۆستاكەی، (سوكرات)ەوە دەگێڕێتەوە. دووەم، ئاماژە فراوانەكانی ئەرەستۆ بە بیروڕاكانی سوكرات كە لە میانەی وانە گوتنەوەكانیدا زۆرجار ناوی دەبات و پشتیان پێدەبەستێت. سێیەم، نووسینەكانی (كسنۆفۆن) كە گەرچی فەیلەسووف نییە، بەڵام شەیدای سوكراتە و لە (بیرەوەرییە سوكراتییەكان)دا هەوڵدەدات وێنەیەكی جوان لە سوكرات بداتە دەستەوە، بەڵام بەهۆی ناتەوانی لە نووسینەوەی ئەندێشەكانی ئەم بیرمەندە مەزنە، كارەكەی سەركەوتنێكی قووڵ و بەرچاوی پێوە دیار نییە. بۆ لێكۆڵەران و پسپۆڕان دەركەوتووە كە سوكراتی ئەفلاتوونی و سوكراتی كسنۆفۆنی تاڕادەیەكی زۆر لەگەڵ ئەسڵی سوكراتدا لێكنزیكن، گەرچی لە بەرهەمەكانی ئەفلاتووندا شتێكی زۆرتر لە بیروڕاكانی سوكرات پیشاندراوە و لە كتێبەكەی كسنۆفۆندا، كەمتر. ئەوەش كە لەم بابەتە دراوەتە پاڵ سوكرات (هەروەكو دیكەی باس و بابەتەكان لە هەرلایەك) لە نامەكانی ئەفلاتوون و بیرەوەرییە سوكراتییەكانی كسنۆفۆن وەرگیراوە.



Thank you for trying PDF Suite

ئەم تەنزە لە گفتوگۆیەکانی سوکراتدا بەرهەمی رووبەڕوو بوونەوە و مجادلـەی فەیلەسـووفە لەگەڵ ئەو درۆزنای کە خۆیان بە خاوەنی زانست و فیکر و ئەندێشەی قووڵ دەزانی. جیـاوازیی نێوان ئەو هاوشەوهووشـەیە و لایەنـە راسـتەقینەکەش، بێشـك بیسـەر دەخاتـە پێکەنینـەوە، پێکەنینێك کە بەهۆی هونەری بەرزی سوکرات لە گفتوگۆدا بۆ خوێنەر و بۆ چـاودێریش دێتـە پێش، چونکە باری (جەدەل)ەکە بەرەو ئاراستەیەك دەبرێت کە تێیدا دەمامك لەڕووی درۆزنەکان هەڵدەداتەوە و لـە ئاکامـدا ناچـاریان دەکـات دان بـە نـەزانیی خۆیانـدا بنـێن. بەدیارکـەوتنی ئاشکرای ئەم تەنزەی شوێنکات خۆی لە دوونامەی (پرۆتاگۆس) و (گۆرگیاس)دا پیشان دەدات کە سوکرات لە یەکێکیاندا سۆفیستەکان دەکێشـێتە پـای مێـزی مەحکەمـە و لەویدیکەشـدا خـەریکی گفتوگـۆ دەبێـت لەگـەڵ زمـانزانی گـەروەی ئاتنـدا و سـەرەنجام بـەجۆرێك تووشـی سەرگەردانی و ناتەبایی دەکات کە لە راستیدا دەبێتە پوولێکی رەشی بـێ بـایی! لـەم چەشـنە گفتوگۆیانەدا بەرانبەرەکانی سوکرات ئەهلی تەنز و گاڵتە و گەپ نین و خۆیـان زۆر بـە جیـدی لەقەڵەم دەدەن، هەر ئەم خۆ بە جیدی لەقەڵەمدانـەش لەبـەر ئـەوەی کـە درۆزنانەیـە، دەبێتـە گاڵتەجاڕ و هۆی پێکەنین، واتە دیتن و ناسینی رواڵەتی بەهەیبەتی درۆزنەکە و دیوی ناوەوەشی کە پووچ و بەتاڵ و بۆشە، بیسەر دەخاتە پێکەنینەوە. لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین کـە جیـدیبوونی درۆزن تەنزە و تەنزی سوکراتییش ئەوپەڕی جیددییەتە، بە جۆرێك کە دەبێ ئەو خۆ لە گێلی و نەزانی دانەی سوکراتیش بە کارێکی زانایانە و ئاگایانە بزانین.

گفتوگۆیەکەی نێوان سوکرات و (مۆلیتۆس) کە یەکێك بوو لەو هوشاڵە درۆزنانەی کە بـە نوێنەرایەتی شاعیرەکان دژی سوکرات شکاتی بردە دادگا ـ نموونەیەکی دیکەی تـەنزی جـێ و شوێنە، بە پێی ئەو شکاتنامەیە: ((سوکرات تاوانبارە چونکە لاوەکـان لـەڕێ بـەدەر دەبـات و خواکانی وڵات ئینکار دەکات و خوای دیکە (خودایانی دایمۆنی) دەخاتە جێیان)).[2]

---

[2] - سوکرات گوتوویـەتی: هـەرکاتێك نیـازی قسـەکردن یـا ئەنجامـدانی کـارێکی هـەبووبێت کـە لـە بەرژەوەندیی خۆیدا نەبووبێ، ئـەوا سروشـێکی غـەیبانی کەوتۆتـە گـوێی و لـە نیازەکـەی پەشـیمانی کردۆتەوە، ئەو سروشە دواتر لە نووسراوەکانی ئەفلاتووندا ناوی (دایمۆنیۆن)ی لێنراوە.



Thank you for trying PDF Suite

یەکێك لەو سێ کەسەی کە سکاڵایەکیان ئیمزا کردووە (مۆلیتۆس)ە: شاعیرێکی لاوی نەناسراوی بێ ناونیشان، کەمزان و زۆر بلێ، کە بە گوتەی سوکرات بە نامەی (ئۆسر فرۆن)دا، بێ شك تۆمار کردنی ئەو سکاڵایە دژی سوکرات دەبێتە هۆی ناو دەرکردن و ناسرانی. ڕووبەڕووبوونەوەی بیرمەندێکی هێژا بەناوی تاوانبار و لاوێکی نەزانی زۆربلێ وەك داواکار، خۆی لەخۆیدا تەنزێکی تیژە لە جیۆشوێندا کە ئەفلاتوون بە جوانترین شێوە لەنامەی (ئاپولوژی)دا وێنەی گرتووە. لەم حاڵەتەدا، لەڕاستیدا ئەوە تۆمەتبارە کە مەحکوم دەکات و داواکارە کە پەنجەی تاوانی بۆ رادەکێشێت، سوکرات لەو دادگایەدا بە مۆلیتۆس کەلە جێی تایبەتی داواکاردا دانیشتووە دەڵێت:...

سوکرات: ئەی مۆلیتۆس وەرە پێشتر و وەڵامی پرسیارەکانم بدەوە... تۆ دەڵێی راهێنانی لاوان بە رای خۆت لە هەموو کارێك گرینگترە؟

مۆلیتۆس: بەڵێ

سوکرات: ئەوە کێیە لاوەکان رادێنێ؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانی چونکە زۆر خۆ لەوباسە دەدەیت... بانگەشەی ئەوەدەکەی کە گوایە چەواشەکەری لاوەکانت دۆزیوەتەوە کە ئەویش منم بۆیەش منت کێشاوەتە دادگە و سکاڵات دژم تۆمار کردووە، کەواتە وەرە و ناوی ئەو کەسەش بهێنە کە گەنجەکان بە جوانی پەروەردە دەکات با هەموان بیناسن... مۆلیتۆس، بۆ بێدەنگیت و وەڵام نادەیتەوە؟... ئایا هەر ئەم بێدەنگییەت بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی کە تۆ هیچکات هیچ بایەخێکت بە پەروەردەی لاوان نەداوە؟... ملتۆن، بۆ داماویت و بۆچی نالێی کە راهێنەری شایستەی مناڵەکان کێیە؟

مۆلیتۆس: یاسایە.

سوکرات: ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی من نییە... من دەپرسم کێ، چ کەسێك (کە دەبێ یاساکانیش بە جوانی بناسێت) دەتوانێ گەنجەکان بە شایستەیی را بهێنێ؟

مۆلیتۆس: ئەو دادوەرانەی کە لەم دادگایەدا کۆ بوونەتەوە.



Thank you for trying PDF Suite

سوکرات: لە مەبەستەکەت ناگەم... دەڵێی ئەو کەسانەی کە لێرە دانیشتوون دەتوانن منداڵان پەروەردە بکەن؟:

مۆلیتۆس: بەڵێ.

سوکرات: ئەم دادوەرانە هەموویان یا تەنها چەند کەسێکیان؟

مۆلیتۆس: هەر هەموویان.

سوکرات: چاکت گوت مۆلیتۆس، کەوابوو ئێمە شارێکمان هەیە کە پڕیەتی لە راهێنەری لێزان و بە ئەزموون و هەموویشیان لە بیری پێشکەوتی ئێمەدان، ئەی بۆ دیکەی بەشداربوان چی دەڵێی... ئایا ئەمانیش دەتوانن کاری راهێنانی لاوان بگرنە ئەستۆ؟

مۆلیتۆس: بەڵێ ئەوانیش دەتوانن.

سوکرات: ئەی لەمەڕ ئەندامانی ئەنجوومەنی شار چۆن بیر دەکەیتەوە؟

مۆلیتۆس: ئەوانیش توانای ئەم کارەیان هەیە.

سوکرات: مۆلیتۆس، ئایا ئەندامانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی گەنجەکانمان بە باشی رادێنن یا چەواشەیان دەکەن؟

مۆلیتۆس: ئەوانیش بۆ پەروەردەی لاوەکان تێدەکۆشن.

سوکرات: بەم پێیە دەردەکەوێ کە سەرجەم دانیشتوانی ئاتن جگە لە من گەنجەکانمان چاك بار دێنن و تەنیا منم کە هەوڵی لەڕێ بەدەرکردنیان دەدەم، ئایا مەبەستی تۆ ئەوەیە؟

مۆلیتۆس: بەڵێ وایە.

سوکرات: کەواتە.. وادیارە من تووشی چارەڕەشییەکی گەروە هاتووم!

**تەنزی دیالکتیك:**

تەنز لە گفتوگۆیەکانی سوکراتدا بەپێی ئەسڵی خۆگێل کردنی زانا (**تجاهل العارف**) بنیات نراوە بە شێوەیەك کە ئەم دووبابەتە واتە (تەنزی گفتوگۆی سوکرات) و (**تجاهل العارف**) وەك یەك سەیر دەکرێن و بەیەك شت دەزانرێن. سوکرات لە گفتوگۆکانیدا سەرەتا وا پیشاندەدات کە هیچ لە مەسەلەکە نازانێت و تەنانەت لە نەزانینەکەی خۆیشی شەرم دەیگرێت. بەقەولی (ئەرەستۆ) لە (رەوشتی نیکۆمافوس)دا سوکرات لە سەرەتای گفتوگۆدا دەڵێ: ((وەرە با پێکەوە بابەتەکە تاوتوێ



Thank you for trying PDF Suite

بکەین چونکە من لەو بارەیەوە شارەزاییەکی زیاترم لە ئێوە نییە)). گفتوگۆیەکانی سوکرات زۆرتر لە بازنەی گەڕان بەدوای چەمك گەلێکی وەك (راستی، عەدالەت، دینداری و جوانی) دەخولێنەوە، دانپیانانی سەرەتایی سوکرات بە نەزانین بڕوای بەرانبەرەکەی بە خۆی پتەوتر دەکات، سوکرات هەرلە سەرەتاوە بەرانبەرەکەی وا لێدەکات کە هەرچی لەمەڕ مەسەلەکە دەزانێ بیلێت، ئەویش گورج و بەبڕوا بەخۆبوونێکی تەواوەوە تەعبیرێکی واتایی دەداتە دەستەوە، سوکرات دەستخۆشیی لێدەکات و واتایەکی لێوەردەگرێت و چەند ئەنجامگیرییەکی لێدەکات کە یەك لەیەك دروستتر و راشکاوانەترن و پاشان بە پێوەری هەندێ راستیی دیکە بەراورد دەکات کە بەلای بەرانبەرەکەیەوە بە موتڵەق دەزانرێن. بەرانبەرەکە هەروا لەگەڵ سوکراتدا دەچێتەپێش و قسەکانی پەسەنددەکات و کاتێ دەبینێ راوبۆچوونەکانی بەو رادەیە قووڵ و پڕمایەن لە خۆی خوشحاڵ و رازی دەبێت. بەڵام هەرچی باسەکە بەرەو پێشتر دەڕوات دژایەتی و ناتەبایی خۆی دەنوێنێت و گرێ دەکەوێتە ناو کارەکەوە، بەرانبەرەکە ئەو بڕوا سەرەتاییەی بە خۆی لەدەستدەدات و لەوەڵامی پرسیارە یەك لەدوای یەکەکانی سوکراتدا پەنا دەباتە بەر تەعبیرگەلی وەك (لەوە دەچێ، لەوانەیە) و تەنانەت هەندێجار وەڵامی پێنامێنێت و لەخودی سوکرات یارمەتی وەردەگرێت، ئەمەش ئەوپەڕی دژبەیەکی و ناتەبایی ئەو بۆچوون و شیکردنەوانەی بەرانبەر ئاشکرا دەکات و لێرەدا سوکراتیش دەوەستێت و وا پیشان دەدات کە گوایە هەردوولا کەوتوونەتە (بن بەست)ێك بۆیە پێشنیار دەکات کە ئەگەر بەرانبەرەکەشی رای لێبێت، شێوازی باسەکەیان بگۆڕن و لە رێگەیەکی دیکەوە بۆی بچن... دووبارە هەر تەعبیر و لێکدانەوەی نوێیە کە هەڵدەسەنگێنرێت و رەتدەکرێتەوە و زۆرجار گفتوگۆ بە ناتەواوی و بێ ئەنجام دەمێنێتەوە و بە دان پیانانی سوکرات بە نەزانیی خۆی کۆتایی پێدێنێت! دەڵێی ئەو بە هەندێ تەعبیری غافڵگیرانە بەرانبەرەکەی وڕ و گێژ دەکات و پاش درەوشانەوەیەکی کورت بەڵام هەرەڕووناك، خامۆش دەبێت. نموونەی بەرچاوی ئەم خۆ گێل کردنە (نەزانیی سوکراتی)یە لە گفتوگۆیەکەی (ئوسۆفرۆن)ی ناو کۆمەڵەنامە سوکراتییەکانی ئەفلاتووندا بە دەردەکەوێت: سوکرات پێش مەحکەمە کردنەکەی و هەر لەبەردەم دەرگای دادگادا ئوسۆفرۆن دەبینێ کە قەشە و پێشگۆیەکی نەناسراوی بێناونیشان بەڵام فیزن و دەماربەرز و خۆ بەزلزانە. جگە لە تەنزی جێ و شوێن کەلەم گفتوگۆیەشدا هەروەکو ئەوەی سوکرات و مۆلیتۆس لە ئەنجامی



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

رووبەڕووبوونەوەی فەیلەسووفێکی ڕۆحسووك لەگەڵ نەزانێکی خۆ بەزلزاندا بەرچاو دەکەوێت، ئـەم گفتوگۆیە نیشانەیەکی ئاشکرایە لە خۆگێل کردنی زانا (تجاهل العارف) کـە لەلایـەن سـوکراتەوە بەکاردەبرێت. هەردوولا لەم گفتوگۆیەدا بەم شێوەیە لەگەڵ یەکدی دەدوێن:

سوکرات: ئەی ئۆسۆفرۆن... ئایا وای بۆ دەچی کە خۆت چاك دەزانی دینداری چیە و لەم زانستەشدا بەڕادەیەك شارەزایت کەلەوە ناترسـی گـەر سـکاڵا لـەدژی باوکیشـت بەرزبکەیتەوە کارەکەت پێچەوانەی دینداری بێت؟

ئۆسۆفرۆن: ئەی سوکرات... جا ئەگەر من لەو بوارەدا بەو رادەیە شارەزا و پسپۆڕ نەبوومایە ئیدی چ جیاوازییەك هەبوو لە نێوان من (ئۆسۆفرۆن) و دیتراندا.

سوکرات: ئۆسۆفرۆن... تۆ بیتوخوا منیش فێری ئەو زانستە بکە کە دەڵێی تێیـدا بە تەواوی پسپۆڕی... منیش فێر بکە تا تێبگەم کە بەلای تۆوە دینداری و بێ دینـی چیە... چ کوشتن بێت و چ هەر بابەتێکی دیکە؟

لێرەدا قسە رۆح سووکەکانی سوکرات لەمەڕ بەڕواڵەت نەزانییەکەی سـەبارەت بـە چەمکی دینداری داوێکە کە بۆ ئۆسۆفرۆن نراوەتەوە تا نەزانی و نائاگاییەکەی ئاشکرا بکات و هەرئەوەش بۆ پیشـاندانی نـەزانیی ئۆسـۆفرۆن بەسـە کـە وادەزانـێ بەڕاسـتی سوکرات دەیەوێ واتای دینداری لەو فێر ببێت، بۆیەش لەئەنجامدا دەکەوێتە داوەکـەوە و گفتوگۆیەکەش بەهەمان جۆری (تجاهل العارف) بەمجۆرە دواییدێت:

ئۆسۆفرۆن: سوکرات باسەکە هەڵبگرە بۆ کاتێکی دیکە چونکە من ئێستا سەرقاڵم و دەبێ زوو بڕۆم!

سـوکرات: چ دەڵێـی دۆسـتی بـەڕێز... دەڕۆیـت و ئـەو هـەموو ئومێـدەی مـن دەکوژیت... من دەمویست لە تـۆوە فێـربم دینـداری و بـێ دینـی چییە و ئینجـا بـە مۆلیتۆس بڵێم کە هەرهەموو زانستە ئیلاهییەکان لە ئۆسۆفرۆنەوە فێربووم و لەمەودوا لەڕووی نەزانییەوە لەو ئەسڵانە دوودڵ نابم و شتی ناوازە ناهێنمە ئاراوە... تا بەمجۆرە لەدەستی مۆلیتۆس رزگار بوومایە... سەرەڕای ئەمەش، هیـوادارم دوای فێـر بـوونی ئەو زانستەی تۆ تەمەنی ئایندەم باشتر و جوانتر لە رابردووم بدەمەسەر!

سێبەری چڕی هۆکاری دژە بۆچوون لە گفتوگۆیە سوکراتییەکاندا نیشانەیەکی دیکەیە لە قووڵی و دەوڵەمەندی و کاریگەریی تەنزی ناو دیالۆگەکان. ئەم دژە بۆچوونەش یا لەناو کەسێتی هەردوو لایەنی دیالۆگ و شێوازی جوڵانەوەیاندا دەردەکەوێ کە دەبێتە تەنزی جێ و شوێن یا لەنێوان ئەنجامگیری دیالۆگەکان لە بەرانبەری راستییەکان و هەرواش لەناو راوبۆچوونی نێوان دیالۆگ و قسەکانی سوکراتدا ئاشکرا دەبێت. گفتوگۆی سوکرات لەگەڵ مۆلیتۆس و هەرواش لەگەڵ ئۆسۆفرۆندا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا هەردوو جۆری ئەم دژبەیەکی و ناتەباییە پیشان دەدات. یەك لەو هۆیانەی کە تەنزی سوکرات لە دیالۆگدا بەهێز دەکات و دەیکاتە کاریگەر ئەوەیە کە سوکرات نە داوەری دەکات و نەش راستەوخۆ شتێك بەبیسەر دەڵێ. دەشزانین تەنز لە سێبەری دوورکەوتنەوە لە تەوەرەی ئەو باسەی لە ئارادایە و گەیشتنە سنوورێکی دوورتر لە تەوەرەکەیە کە دێتە ئاراوە و دیارە ئەمکارەش لەدژی ئەندێشە و شك و فیکری ئەبستراك و موتڵەقخوازی دەوەستێتەوە، سوکرات راستەوخۆ بۆچوونەکەی دەرنابڕێت و تەنانەت راستەوخۆش بۆچوونی بەرانبەرەکەی رەد ناکاتەوە بەڵکو لێی وەردەگرێت بەڵام لە هەمان حاڵێشدا خەریکی دۆزینەوەی ناتەواوی و ناتەباییەکانی ئەو بۆچوونە دەبێت و بەو جۆرە پووچەڵی دەکاتەوە. لەڕاستیدا سوکرات پشتگیریدەکات و هەر لەڕێگەی هەمان پشتگیریشەوە جیاوازییەکان پیشاندەدات و زەربەیەکی گەلێ قورستر لە رەد کردنەوەی یەکجارەکی لە بەرانبەرەکەی دەدات! لە پشتەوەی کۆششەکانی سوکرات بۆ خۆبواردن لە پێدادانی وانەی کۆتایی و هەوڵی یەکگرتوانە و هەمیشەیی لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بۆ گەیشتنە راستییەکان و هەرواش لە شێوازی پرسیار و وەڵامەکانی ئەودا بزەیەکی تاڵ خۆی حەشار داوە کە دەبێتە هۆی نائارامیی بیسەر و ناچاری دەکات بە تێڕامان و زۆرتر بیرلێکردنەوە و هەرواش ئاگای دەکاتەوە لە جەهل و نەزانیی پێشووی، بەجۆرێك کە بۆ نموونە لاوێکی بیسەر لە کۆتایی گفتوگۆیەکی لەگەڵ سوکراتدا دەڵێ: ((وابزانم باشترین کار بۆ من ئەوەیە کە بێدەنگ بم چونکە بۆم دەرکەوت کە هیچ نازانم))! (کسنۆفۆن) لە (بیرەوەرییە سوکراتییەکان)دا یادەوەرییەك دەگێڕێتەوە کە بە جوانی دەیسەلمێنێ کە سوکرات هەمیشە خۆی لە



Thank you for trying PDF Suite

رادەربڕینی ڕاستەوخۆ و بەدەستەوەدانی واتای دیاریکراو بواردووە، لەهەمان حاڵێشدا پیشاندەری تەنزێکە کە لەو سوکراتمەندییەی سوکراتەوە سەرچاوە دەگرێت:

ڕۆژێك (هیپپیاس) کە دوای زەمەنێکی دوورودرێژ سەردانی (ئاتن)ی کردبوو، دەبینێ کە سوکرات لەگەڵ چەند کەسێکدا خەریکی باسێکە لەمەڕ عەدالەت. هیپپیاس پێیگوت: ئەرێ سوکرات تۆ هێشتاش هەر ئەو قسانە دووبارە دەکەیتەوە کە چەند ساڵ پێشتر لێتم بیستووە؟

سوکرات: بەڵێ هیپپیاس هەمان قسە و هەرهەمان بابەتیشە... بەڵام وادیارە تۆ کە زانیاریت زۆرترە لەمەڕ بابەتێك هەمیشە یەك قسە ناکەیت؟

هیپپیاس: نا... هیچکات... بەڵکو هەوڵ دەدەم هەرجارە و تەعبیرێکی نوێ بهێنمەوە.

سوکرات: تەنانەت بۆ ئەو بابەتانەش کە دەیانزانی؟... بۆ وێنە سەبارەت بە ئەلف و بێ، ئایا گەر لێت بپرسن ناوی سوکرات لەچەند پیت پێکهاتووە هەرجارە و بەجۆرێك وەڵام دەدەیتەوە؟ یا سەبارەت بە ژمارەکان، ئەگەر لێت بپرسن دوو جاران پێنج دەکاتە چەند... تۆ هەرجارە و وەڵامێکی جیاواز دەدەیتەوە؟

هیپپیاس: سەبارەت بەو بابەتانە هەمیشە یەك وەڵام دەدەمەوە... بەڵام لەمەڕ دادوەری وای بۆ دەچم کە هەرئێستا بتوانم قسەیەکی لەسەر بکەم کە نەتۆ و نەدیترانیش نەتوانن بەرپەرچی بدەنەوە.

سوکرات: هیپپیاس سوێند بە (هەرا) واپێدەچێ کەشفێکی هەرەمەزنت کردبێ و بەوپێیەش لەمەودوا دادوەرەکانی دادگا پێکەوە هیچ دژایەتییەکیان نابێت و هاووڵاتیانیش لەسەر دادوەری بە گژ یەکدیدا ناڕۆن و سکاڵا دژی یەکدی بەرز ناکەنەوە و شەڕ لە نێوان دەوڵەتەکاندا ناکرێت... دڵنیابە تا ئەو دۆزینەوە مەزنەی خۆتم پێ نەڵێی دەستت لێهەڵناگرم!

هیپپیاس: سوکرات، تاتۆ رای خۆت لەسەر دادوەری دەرنەبڕی هیچ لەمن نابیسی، تۆ بەو پرسیارانەی خۆت گاڵتە بە دیتران دەکەیت و دەیانخەیتە سەرگێژە کەچی هیچکاتێك ئامادەنیت بۆچوونی خۆت لەسەر مەسەلەیك دەربڕیت و وەڵامی کەسێك بدەیتەوە!



Thank you for trying PDF Suite

Thank you for trying PDF Suite

ئەوەی کە زۆرتر سەرنج رادەکێشێ ئەوەیەکە لێرەشدا سوکرات هیچ واتایەکی رۆشن لە دادوەری ناداتە دەستەوە و ئەو گفتوگۆیەش هەروەك دیکەی (جەدەل)ەکان بە نیوە چڵی و ناتەواوی و بەبێ وەڵامێکی رۆشن کۆتایی پێدێنێ. هەرخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:

((من تا ئەو رادەیە لە (مامان)ەکان دەچم کە خۆم ناتوانم (حیکمەت)ێك بهێنمە دونیا... و ئەو گلەییانەی لەو بارەیەوە لێم دەکرێن لەجێی خۆیاندان، من پرسیار دەکەم بەڵام خۆم ناتوانم وەڵام بدەمەوە ئەویش چونکە هیچ حیکمەتێکم تێدا نییە... بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کە هاونشینیم لەگەڵدا دەکەن لەم بوارەدا هیچ شتێك لە منەوە فێر نابن بەڵکو لە راستیدا ئەو ڕاستییە بەنرخ و گرینگانەی کە بەدەستیان دێنن هەر لەناخی خۆیاندا دەیاندۆزنەوە)). یەك لە شێوازە تایبەتمەندەکانی سوکرات کە گفتوگۆیەکانی بەرەو جیهانی تەنز رادەکێشێت ئەوەیەکە سوکرات دەستەواژە و تەعبیری زۆر ساکار و لاسارانە بەکاردێنێ ئەویش بە ئەنقەست و بەمەبەستی راچڵەکاندنی بەرانبەرەکەی و بە چەشنێك تەمێ کردنی! سوکرات لە دیالۆگەکانیدا قووڵترین کێشەی مەعریفی بەچەند دەستەواژەیەکی هەرە ساکار و عەوامانە دێنێتە پێشەوە و بەم چەشنەش رێژەی بیسەرانی راو بۆچوونەکانی زۆرتر و زۆرتر دەباتە سەرەوە چونکە لە قورسیی دەلیل و بەڵگە و تەعبیرەکانی خۆی کەم دەکاتەوە و هۆکار و بارودۆخی دەرك پێکردن و تێگەیشتنی بیسەر زۆرتر دەسازێنێ. ئەو وەستایەکی کارامەیە لەکوژاندنەوە و کپ کردنەوەی بڵێسەی قسەی زل و تەعبیرە قورسەکان بەئاوی هەندێ دەستەواژەی سادە و ساکار و عەوامانە، سوکرات ئیدیعای قسەزانی و زمانزانی ناکات و لە قسەکانی لەمەڕ بەرگری لە خۆکردنی (ئاپۆلۆژی)دا ئەم راستییە دەردەخات: ((ئەی جەماوەری ئاتن، قەسەم بە خوا ئەو شتەی کەلە منی دەبیسن هەندێ گفتەی بریقەداری دڵنشینی وەك هی ئەوان (داواکاران) نین کە بەچەند وشەی رەنگین و تەعبیری دڵڕفێن داپۆشرابن، بەڵکو من بەوپەڕی سادەییەوە لەگەڵتان دەدوێم چونکە بڕوام وایە کەئەوەی دەیلێم هەمان راستییە و دەشزانم کە ئێوەش هەر ئەوەتان دەوێت... کەوابوو ئەی خەڵکی ئاتن، ئەگەر لە بەرگری کردنەکانی خۆمدا هەر بەو سادەییە قسەم کرد کە هەمیشە لە گۆڕەپانی شار و پاڵ مێزی سەڕافەکاندا کردوومە و زۆربەشتان گوێتان لێبووە، لێم مەگرن و مەیکەنە هەڵلا)).

Thank you for trying PDF Suite

کسنۆفۆن دەڵێت: ((سوکرات لە گفتوگۆیەکانیدا وشەی ئاسایی و رەمەکی وەك پینەچی و ئاسنگەر و دەباغ و چێشتلێنەر و گا و کەر و ئەسپ و...ی زۆر بەکاردێنان کە ئەمەش قسەکانی ئەوی لە قسەڵۆکی عەوامانە نزیك دەکردەوە و دەبووە هۆی ئەوەی کە پێی پێبکەنن و گاڵتەی پێبکەن))!

تەنانەت لە (ئاپۆلۆژی)یشدا کاتی بەرگری لەخۆ کردن و بەرپەرچدانەوەی تاوانەکان لە دادگادا هەر بەهەمان سادەیی عەوامانە قسە دەکات: ((... وەك چۆن ئەسپێکی گەورە و ڕەسەن بەهۆی گۆشتنی و زلییەوە تەمبەڵ تەمبەڵ دەبێتەوە و بە ناچار قامچیی لێدەکێشن و دەیجولێنن... ئاواش خوا منی ناردووە تا هەمیشە ئێوە بجولێنمەوە و راتانبچڵەکێنم و بتانهەژێنم))! یاخود ئەم دەستەواژە بەناوبانگەی کە دەڵێت: ((ئاتن هەروەکو ماینێکی تەمبەڵە و منیش وەکو (خەرەنگەز)ێکم کە هەردەم چزی پێوەدەدەم و دەیبزوێنم))!

**بۆچی تەنزی سوکراتی؟**

بۆچی سوکرات لە گفتوگۆدا پەنا دەباتە بەر تەنز؟، لە شیکاری شێوازەکانی دیالۆگی سوکراتیدا، ئەو شێوە دیالیکتییە سوکراتییە بە باشترین و کاریگەرترین شێواز زانراون بۆ هەژاندنی بەرانبەر و پێوەندداني بە راستییەوە. سوکرات ئاگاداری نەزانیی بەرانبەرەکەی بوو بۆیە بە خۆگێل کردن و ورووژاندنی پرسیارگەلێکی یەکبەدوای یەك هەوڵی وشیار کردنەوەی دەدا. گەرچی هەندێکەس ئەو تەنزەی سوکراتیان بە چەشنە گاڵتەجاڕییەك زانیوە بەڵام سوکرات لە گفتوگۆیەکانیدا هیچکات لەبیری ئەوەدا نەبووە کە لە ڕێگەی گاڵتە و سووکایەتییەوە بەسەر بەرانبەرەکەیدا زاڵ بێت و سەر بکەوێت. ئەو وەکو سۆفیستەکان خۆی بە زانا و بیرمەند و پسپۆڕ نەدەدایە قەڵەم و بیری لە داڕووخان و شکستی بەرانبەرەکەی نەدەکردەوە و تەنانەت لەبەرانبەریدا وای پیشان نەدەدا کە گوایە بڕوای بەخۆیەتی و پشتی بە زانایی خۆی ئەستوورە و هیچ ئیدیعایەکیشی لەمەڕ زانایی خۆی نەبوو بەڵکو خۆی لە نەزانی و سەرگەردانیی بەرانبەرەکەیدا بەشدار دەکرد، گوتار (خیتابە)ی بۆ نەدەدا بەڵکو پرسیاری لێدەکرد و ناخی دەورووژاند. ئەوکەسەی کە وەکو سوکرات لەبەرانبەری

بیسەر و گفتوگۆکانیدا پەنادەباتە بەر تەنز، بەجۆرێك لەخۆی نارازییە، لە (ئالکیبیادۆس)ی یەکەمدا دەڵێت:

((مەبەستم ئەوە نییە کە تەنیا تۆ لە پەروەردە و رەوشت بێ بەهرەیت و من وانیم، گەر راستت بوێ حاڵی من لە تۆ باشتر نییە)).

ئەم ئاگایی و دان پیانانە بە بنبەستە زیهنییەکانی مرۆڤ نیشانەیەکە لە تایبەتمەندییەکانی تەنزی سوکراتی. لە گفتوگۆی (منۆن)دا کاتێ بەرانبەرەکە لەسەر داواکاریی سوکرات بۆ یەکەمجار هەوڵی ئەوە دەدات واتای فەزیلەت بکاتەوە و پاشان دەردەکەوێ کە واتاکردنەوەکەی هەڵەیە (ئەویش لەبەر ئەوەی کە دژی یەك لە رێسا بنەرەتییەکانی دیالیکت دەوەستێتەوە)، منۆن بە نائومێدییەوە دەڵێت: ((ئەی سوکرات، من لەم و لەوم بیستووە کە تۆ ئەو توانا و بەهرە مەترسیدارەت هەیە کە بتوانی دیتران بخەیتە ناو گێژاو و سەرگەردانییەوە بە جۆرێك کەنە رێگای پێشەوەیان هەبێت و نەش هەنگاوی پاشەوە)) و پاشان بە (ماسیی کارەبا)ی دەشوبهێنێ کە هەرکەسێك دەستی لێبدات لەشی سڕ دەبێت. سوکراتیش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: ((ئەو شوبهاندنەی تۆ لە حاڵەتێکدا دروست دەردەهات کە ئەو ماسییەش خۆی سڕ بوایە... چونکە من، خۆیشم لەو حاڵەتانە داماوم))! ئەم گرفتاربوونەی ناو بنبەست (aporie) بۆ سوکرات حاڵەتێکی هەمیشەیی بوو. سوکرات بەتایبەتی لەمەحکەمە مێژووییەکەی خۆیدا هەوڵیداوە ئەملایەنە رۆشن بکاتەوە و ئەو خۆ گێلکردن و (تجاهل)ە تەنزئامێزەی خۆی لە (جەدەل)ەکانیدا شیبکاتەوە. لەم نێوانەدا ئەو خۆیشی دەداتەبەر تەزووی تەنزەکانی، بەتایبەت کاتێ لە گوتاری ئاپۆلۆژیدا دەڵێت: ((ئەی جەماوەری ئاتن، ئەگەر لە قسەکانمدا پێم لە بەرەی تەوازوع درێژتر کرد وا بیرمەکەنەوە کە شتی زیادی دەڵێم و هاتوهاوارم بەسەردا مەکەن... ئێوە (خایەرفۆن) دەناسن، ئەو لەسەردەمی لاوێتیدا دۆستی من بوو... جارێکیان کە دەچێتە پەرستگە، بێ شەرمی دەگەیەنێتە رادەیەك کە پرسیارێك ئاراستەی خودای پەرستگە دەکات و پێیشی لەسەر دادەگرێ... لەبیرتان نەچێت کە داواملێکردن هاتوهاوارم بەسەردا نەکەن... خایەرفۆن لەخودای پەرستگەکە دەپرسێت: ((ئایا کەسێك هەیە لە سوکرات زاناتر بێت؟) پاشان وەڵامێك لە پەرستگەکەوە دەبیسترێ کە دەڵێت: ((هیچ کەس لە سوکرات زاناتر نییە) کاتێ ئەم هەواڵەی دامێ سەرم سوورِما و لە خۆم پرسی:

Thank you for trying PDFsuite

(دەبێ مەبەست لەم قسەیە چی بێت و چ واتا و پەیامێك لەو گوتارەدا خۆی حەشار دابێت؟)، چونکە من خۆم دەزانم کە هیچ بەهرەیەکم لە زانایی نییە، کەوایە دەبێ مەبەستی خوا شتێکیدیکە بێت. خوا درۆ ناکات و درۆی لێناوەشێتەوە، ماوەیەك خەریك بووم ئەقڵم بە هیچکوێ رانەدەگەیشت سەرەنجام بۆ ئەوەی واتا و مەبەستی قسەکەی خوا بدۆزمەوە رێگایەکم گرتە پێش: سەرەتا رۆیشتمە لای یەکێك لەوکەسانەی کە ناوبانگی بەزانایی دەرکردبوو بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێك بە خودای ئەو پەرستگەیە بسەلمێنم کە ئەو پیاوە زۆر لەمن زاناترە... بەڵام کاتێ قسەم لەگەڵ کابرادا کرد و تاقیشم کردەوە بۆم دەرکەوت کە گەرچی ئەو بەلای زۆربەی خەڵك و بەتایبەتیش بەلای خۆیەوە زۆر زانا و شارەزایە، لەڕاستیدا بەبۆنیش زانایی پێنەگەیشتووە. بۆیە هەوڵمدا ئەوەی بۆ روون بکەمەوە کە ئەو بیرکردنەوەیەی لەمەڕ خۆی چەندە هەڵەیە، ئەم کارەشم بووە هۆی ئەوەی کە هەم ئەوم لێ بڕەنجێت و هەم ئەوانەش کە هاتبوونە لای، کاتێ لەماڵەکەی ئەو هاتمە دەرەوە هەستم کرد کە بەڕاست من لەو زاناترم چونکە من و ئەو لە نەزانیندا وەك یەك بووین بەڵام ئەو لەهەمان حاڵی نەزانیدا خۆی بەزانا لەقەڵەمدەدا و منیش نە دەمزانی و نەش خۆم بەزانا ناو دەبرد و بۆم دەردەکەوت کە هەرلەم خاڵە بچووکەدا من لەو زاناترم. جەماوەری ئاتن، جیاوازیی من و دیتران لەوەدایە کە ئەگەر من هیچ لەمەڕ ئەم جیهانە نازانم، بە پێچەوانەی ئەون خۆم فریو نادەم و وابیرناکەمەوە کە زانا و تێگەیشتووم، کەوابوو تەنها لێرەدایە کە دەردەکەوێت من لە دیتران زاناترم...)).


دانپیانانی سوکرات بە نەزانی هەمان کلیلی گەیشتنە بە ئاگایی و راز و رەمزی رێگای زانیاری و فەزیلەت، ئەمەش هەنگاوێکە کە سوکرات حەزدەکات خەڵکانی دیکەشی تێدا بەشدار بکات، لەم پێوەندییەدا دەبێ بڵێین کە بنبەستی سوکرات لەگەڵ دوودڵی سۆفیستەکاندا یەك ناگرنەوە و لێکجیان، سوکرات خۆی بڕوای بەنرخ و بایەخە موتڵەقەکان هەیە و هەر لەمبوارەشدایە کە سەرکۆنەی سۆفیستەکان دەکات، سوکرات دەڵێ مرۆڤ دەتوانێ بگات بە زانست و چەمك و واتاکانیشی، بەڵام بۆچوونە گومڕا و چەواشەکان لە بیر و زەینماندا سەرمان لێدەشێوێنن. بەلای ئەوەوە ئامانجی سەرەکیی فەلسەفە هەمان (پەروەردەی رۆح)ە و تەنزە گاڵتەجاڕانەکەیشی هەمان گاڵتەی فەیلەسووفێکە کە چاك دەزانێ ئەو جیدی بوونەی بەرانبەرەکەی لە بنەڕەتدا لە نەزانییەوە

سەرچاوەی گرتووە، وەك (بریكسۆن) دەڵێت: ((ئەو پێكەنینە گاڵتەجاڕانەی كە هەمیشە لە سوكراتدا دەبینرێت تەنیا بۆ ئەوەیە ئەو بیروبڕوا بێ بناغەگەلە فڕێبداتە دوورەوە كە بە پێوەری ئەندێشە نەپاڵێوراون، هەرواش بۆ ئەوەی كەبە پیشاندانی دژێتی و پێك ناكۆكی و ناتەبایی ئەو بیروڕایانە سەبارەت بە خۆیان وایان لێبكات كە شەرم بكەن و دامركێنەوە)). ئەوەش كە بۆچی ئەم ئاگا كردنەوەی بیسەر لە نەزانییەكەی دەبێتە هۆی تووڕە كردنی جەماوەری ئاتن و مەرگی سوكرات (یەكەمین شەهیدی ڕێبازی ئەندێشە)، خۆی بابەتێكی دیكەیە كە دەگەڕێتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو لەگەڵ بیر وشك و مێشك پووچەكانی سەردەمی خۆی. سوكرات لە گفتوگۆیەكانیدا ئەو بڕوا رەمەكییە لەمەڕ كێشەكان مەحكەمە دەكات و هەرئەوەشە كە بیری دیتران لەبەرانبەری خۆیدا دەبزوێنێ. (كییەركە گۆرد) دەڵێ: ((بزەی گاڵتە ئامێز كاتێ دێتە سەر لێو كە بەبێ وەستان تایبەتمەندییەكانی ژیانی سنووردار لەگەڵ نیازی بێ سنووری ئەخلاقیدا پێكەوە ببەستینەوە و بەمجۆرە پێك ناكۆكییەكان ئاشكرا بكەین، بزەی گاڵتەجاڕانە زەمانێك دەبینرێت كە سوكرات دەیەوێت نەبڕاوەیی و بێ كۆتاییەكان بهێنێتە مەیدانەوە)). هەر ئەمەش وادەكات خودی سوكرات بڵێت: ((فەیلەسووف گاڵتەبازە)) دوایین ئەو درەوشانەوەی ئەو بزە گاڵتەئامێزە لە بەرانبەری مەرگدایە، كاتێ (شۆكەران)ەكە دەخواتەوە و پاش تۆزێك هەست بەوە دەكات كە تەزووی كاریگەری (ژار)ەكە خەریكە دەگاتە سەر دڵی، لێفەكەی لەسەری فڕێدەدات و هەڵدەستێتەوە و روو لەیەك لە هاوڕێكانی دەكات و دەڵێ: ((ئەی كریتۆن، كەڵەشێرێك قەرزاری (ئاسكلپیۆس)م، ئەم قوربانییەم بۆ بكەن و لەبیرتان نەچێت)) ئەمەش دوایین كەلام و هەروەها دوایین[3] تەنزی سوكراتە...... %

❊ ❊ ❊

---

[3]- ئاسكلپیۆس خواوەندی زانستی پزیشكییە، سوكرات ویستوویەتی بە شوكرانەی رزگاربوونی لە رەنج و مەینەتی ژیان، كەڵەشێرێك بكاتە قوربانی بۆ ئەو خواوەندە.




Thank you for try
uite

**کۆتایی**

Thank you for trying PDF Suite